KURDISTAN
HERITAGE INSTITUTE

وەزارەتی رۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان

له بلاْوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیره کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان
(6)

پەندی کوردی: چیرۆکەکەی

لێکۆڵینەوەو ئامادە کردنی

عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی

پێداچوونەوەی

تاریق ساڵح قەراجی

بڵاوكراوەی وەزارەتی رۆشنبیری

زنجیره كتێبی ئینستیوتی كەلەپوری كوردستان *

(6)

خاوەنی ئیمتیاز: سامی شۆڕش

سەرنووسەر: هەنگاو ئەنوەر شێخانی

سەرۆكی ئەنجومەنی راوێژكاری: پ.د. شوكریە رەسول

ئەنجومەن: د.محەمەد عەزیز زازا

د. عومەر ئیبراهیم پەتی

مەحمود زامدار

سدیق خالید

ناوی كتێب: پەندی كوردی: چیرۆكەكەی

ئامادەكردنی: عومەر شێخەڵلا دەشتەكی

پێداچوونەوەی: تاریق ساڵح قەراجی

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: هەنگاو ئەنوەر شێخانی

تایپ: جەلیل عەبدولواحید بۆتانی

سەرپەرشتی چاپ: دەرباز مامند ئاغا رواندزی

چاپ: چاپی یەكەم 2006/هەولێر

تیراژ: 1000 دانە

لە كتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (756) ساڵی 2005 دراوەتێ

---

* **ناونیشان : هەولێر – ژێر كتێبخانەی گشتی هەولێر – بەرامبەر وەزارەتی تەندروستی**

تەلەفۆن : 2238301 - 2238302 - 2519558

ئەم بەرهەمە:

* پێشکەشە بە نەوەی دوا ڕۆژی کوردستان.

مەرگی پێشوەخت

ئەگەر ناوی نووسەر و ناوداران، هۆیەك بێ بۆ ناسینی وڵات و شار و زێدی ئەوان، ئەوا مامۆستا/عومەر شێخەڵلا دەشتەکی/ لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ناوانەیە، هەر کەسێك کەمێك شارەزای کۆمەڵی کوردەواری بێ، ئەگەر یەکەمجاریش بێ ناوی ئەو بەرێزە ببستی، ئەوا هەر زوو سەرنجی بۆ/دەشتی هەولێر/دەچێ و بۆنی /کەندیناوەو قەراج/ لەناوەکەی دەکات و هەر زووش تێدەگا ئەو نووسەرە خەریکی فۆلکلۆرە.

سی چل ساڵ پێش ئەمڕۆ لە نێو نووسەرانی کورد، تاك تاك نووسەر هەبوون خۆیان دابووە فۆلکلۆر لە کوردستان، بەڵام" ئەو دەم دەشتی هەولێر و کەندیناوەو قەراج کەسی لەو تاك تاکانە بەرنەکەتبوو، ئەو دەشتە هێشتا بەیارەکی کار تێدا نەرکابوو. ئەگەر چی دەمێك بووو، هونەرمەندی گەورەی کورد حەیرانێژ/ڕەسول گەردی/ بە دەنگە خۆش و گوتنە جوانەکەی/حەیران/ی دەشتی هەولێری بە کوردستان و دنیادا بڵاوکردبووەوە. بەڵام، هێشتا فۆلکلۆر ناسێك و کۆکەرەوەیەکی فۆلکلۆر لەو دەشتە بە پیت و دەوڵەمەندە ڕەچی نەشکاندبوو. هەر لەو ساڵانەدا قوتابیەکی هۆشیار و کوڕە کرمانجێکی لێهاتوو بە عەشقەوە خۆ لە قەبەر فۆلکلۆری کوردی بە گشتی و دەشتی هەولێر بە تایبەت دەکات .

مامۆستا/عومەر شێخەڵلا دەشتەکی/ یەکێکە لەو مامۆستا دەگمەنانەی /دەرچووی بەشی کوردی/یەکە سەرەرای گوتنەوەی دەرز و پێگەیاندنی لاوانی

کوردستـــان و بڵاوکردنـــەوەی ڕۆشـــنبیری کـــوردی، بـــە کـــردەوەش خـــەریکی کۆکردنەوەی ـ فۆلکلۆر ـ ی کوردی بوو .

مامۆسـتا وەك هـەموو گـەنجێکی سـەردەمەکەی خـۆی، سـەرەڕای کـاری مامۆسـتایی و کۆکردنـەوەی فۆلکلـۆر لـە سیاسـەت و هەسـتی نەتـەوەیی و نیشتیمانیش بە دوور نەبوو، نەك هەر دوور نەبوو! بەڵکە بەردەوام لە ناو جوڵانەوە سیاسی و پیشەییەکانیدا بوو، لەم ڕێگایەش لە ڕۆژە تەنگانەکان ئازاری زۆری چشت و هەر ئەم ڕێگاو خەباتەش ڕاپێچی نێو بەندیخانەی کرد .

هەر چەندە سیاسەت و حزبایەتی هۆیەك بوو، بۆ قوڵکردنەوەی هەستی نیشتیمانی و فۆلکلۆر دۆستی مامۆستا، ئەوا هەر ئەو خەبات و ڕێگایەش هۆیەك بوو، بۆ کەم بەرهەمی مامۆستا لە بواری نووسینەوە، ئەگەر ـ سیاسەت ـ بەشێکی زۆری کات و تاقەتی مامۆستای بۆ خۆی ڕاکێش نەکردبا، ئەوا بێشك ئەمڕۆ بەرهەمی مامۆستا زۆر لەوە دەوڵەمەندتر دەبوو کە ئێستا هەیە .

مامۆستا هەتا لە ژیاندا بوو، ئەوندەی بۆی کرا، بە دڵسۆزی و بە پاکی خزمەتی فۆلکلۆر و ڕۆشنبیری کوردی کرد، خزمەتێك بێ خۆ هەڵکێشان و منەت بەسەرکەس کردنەوە، هەر ئەو خاکییەی مامۆستاش خۆی هۆیەك بوو، کە ڕاگەیاندنی کوردی هەتا لە ژیاندا بوو، ئەو گرنگییەی پێنەدا. کە دەبوایە پێی بدرێ .

لەو پێشەکییە کورتەی ـ کە وەکو دیارە/مردن/ ماوەی نەداوە تەواوی بکات ـ مامۆستا زۆر شتی باس کردووە. بە تایبەت/تارمایی مەرگ وەك خۆی دەلـێ/ کـە دەوری مامۆسـتای داوە، چ بـە هـۆی مـەرگی/هاوتەمەنـەکانی/و چ بەهۆی باری تەندروستی خۆیەوە. مامۆستا دەنووسێ:

((خوێنەری هێژا: تارمایی مەرگی سامدار ناوە ناوە ئازیزێکی هاوتەمەنم دەخاتـە نێـو بـیرازەی گـۆڕەوە)) ئـەم/بیـنین/و/هەسـت پێکـردن/و/نزیـك

بوونـەوە/ی/مـەرگی سـامدار/ە مامۆسـتای وا لێکـردووە بـیر لـە کـارە گـرنگ و پێویستیەکانی خۆی بکاتەوە، ئەویش /کاری نووسین/ە بۆیـە دەنووسـیٚ ((لـەم بۆچوونەوە، خەریکە، بەرهەمـەکان بـە باشـی تـاوتویٚ بکـەم، تـا نـەوەی ئاییـندە سوودیان لێببینن)) لەم ((وەسیەت))ە کورت و (پێشەکی)یە کورتەدا مامۆستا(عومەر شێخەڵلا دەشتەکی)باسـی دوو شـت دەکـات، (بەرهـەم)ەکـانی و (نـەوەی ئاییندە) ئەمەش خەسڵەتی ئەو کەسانەیە کە کارەکانی خۆیـان خـۆش دەویٚ و بڕوایـان بـە ئاییـندە نـەوەی داهـاتوو هەیـە. هـەروەها وەك خـۆی دەنووسـیٚ ((خەریکە" بەرهەمەکان بە باشی تاوتویٚ بکەم)) زمان حاڵی نووسـەر دەڵـیٚ: بـۆ ئەوەی پێش مردن ((هەر چوار بەرگی چاپکراوی پەندی کوردی لەگەڵ بـەرگی پێنجـەمی چـاپ نەکراوەکـەی لـەتوێی تاکـە کتێبێکـدا بـە چـاپ ڕابگـەیینم)) بەداخـــەوە مامۆســـتاش وەك زۆر لەنووســـەرانی تـــر بەرهەمـــەکانی خـــۆی بەسەریەکەوە بە چاپکراوی نەبینی ـ کەکارێکی ئەستەم نـەبوو! بـەو هیوایـەی زۆر نەخایـەنیٚ، تـەوای بەرهەمـە چـاپ کـراو و نـەکراوەکانی ئـەم نووسـەرە بەسەریەکەوە/بەباشی/و لەچاپێکی نوێدا ڕوحانیەتی مامۆستای پیٚ شاد بیٚ .

پـایزی ئەمـساڵ گـەڵای زۆر نووسـەر و هونەرمەنـدی کـوردی هەڵوەرانـد، مامۆسـتا/عومـەر شـێخەڵلا دەشـتەکی/ش یـەکیٚ بـوو لـەو نووسـەرە فۆلکلـۆرە پەروەرانەی کە بە ئاسانی جێگاکەی پڕناکرێتەوە .

لاشەکەی بە خاکی کوردستان شادبوو بەو هیوایەی گیانیشی بە بەهەشت شاد بیٚ .

مەولود ئیبراهیم حەسەن

هەولێر

پایزی/2005

پێشەکی

خوێنەری دڵسۆزی پەندو پەیڤی ڕەسەنی کوردی، مێرمنداڵ بووم لەکاتی نەبوونی یاری زارۆکانی ئاوایی، دەچوومە لای جوامێرو پەککەوتەو بە ساڵاچووانی گەڕەك کەلە پەسارگەیەکی بێ سەروەدەدا ڕۆژانە لێی کۆدەبوونەوە، گفتوگۆ گەرم دەبوو، بەسەرهاتی خۆیان، ڕابردووانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بەجوانی تاوتوویان دەکرد، بابەتی لێدوانەکانیان بە ئاخاوتنێکی بەپێزو ڕەوان دەمەیاند .

جیهانی بەهای خوێندن لە کوردستان برەوی پێدرا، بەسایەی نەوەی ئاغەی میرە دێ، بەهەروەزی کارکەرو ڕەنجدەرانی گوند، قوتابخانەیەکی خنجیلانە دروستکرا، مامۆستایەکی سەرکۆتی بۆ هات، باوکم بە گەورەیی لەگەڵ منداڵان منی لەبەر خوێندن دانا. قوتابییان خوێندنی سەرەتاییان تەواوکرد، بۆ خوێندنی ناوەندی هاتنە هەولێر، چەند مانگێکی پێچوو بە ژیانی نوێی شار ڕاهاتین. بە بەردەوامی لەخوێندن، گەیشتنە ئامادەیی، لەوتەمەندا بۆ یەکەمجار خامەم بەنیازی نووسین گرتە دەست، چیڕۆکی – خانزادی بەخت ڕەش – م لە گۆڤارە هەفتانەییەکەی هەولێردا بڵاوکردەوە، هاندانی دۆستو ناسیاوان ئارەزوویان بەگەڕ خست، تا دەسەڵاتی ئەو سەردەمە دای خست بەرهەمم لێ بڵاو دەکردەوە.

قۆناغی ئامادەیی بەئاکام گەیشت بۆ تەواو کردنی خوێندن ناردراینە بەغدا، لەوێ ژیانی زانکۆ، کتێبەکانی: شاوەیس، جیاوك، خاڵ، وردی، شەیدای

کەلەپوورو سامان – فۆلکلۆر– ی نەتەوایەتیان خستە هەستو هۆشەوە، لەو ڕۆژگارەوە هۆگری پیرەمێردو پیرێژنان بوویم، بێ کات بەفیڕۆدان، بەکاوەخۆ، خەریکی دەسکەچنەی بژارکردنی – فۆلکلۆر– م، بەرهەمێکی باشم خستە بەردەستی خوێنەرانەوە.

خوێنەری هێژا: تارمایی مەرگی سامدار ناوە ناوە ئازیزێکی هاوتەمەنم دەخاتە نێو بیرازەی گۆڕەوە، لەم بۆچوونەوە، خەریکە، بەرهەمەکان بە باشی تاوتوێ بکەم، نەوەی ئایندە سوودیان لێبینن. لەم بڕوایەوە نیازم وایە هەر چوار بەرگی چاپکراوی پەندی کوردی لەگەڵ بەرگی پێنجەمی چاپ نەکراوەکەی لەتوێی تاکە کتێبێکدا بەچاپ ڕابگەیێنم تا جگەر گۆشەکانی دوا ڕۆژ شارەزای ئەوە بن بەرهەمی ڕابردووان بە داهاتوویان گرێدەن، چونکە لێکدابڕانی زیان بە ئاستی ڕووناکبیری سەرجەم کۆمەڵ دەگەیەنێت. ئەم پەندو گۆتانە لە ژینگەی شار، گوند، کۆچەرایەتی... هاتینە بەرهەم، بەداخەوە لە نەبوونی وشیارییەوە، گێڕەڕەوەی گێرەشێوێن دەیاندەنە پاڵ ئەمو ئەوی بێگانانەوە.

عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی

سەرنجێك

سىَ ڕۆژ بەر لە كۆچى دوايى مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەكى بە يەكەوە دانيشتين باسى دەستنوس وپرۆژەكانى خۆى بۆ كردين، ئەم بەرهەمەى بەردەست يەكێك بوو لەو پرۆژە كارانەى كە ئامادەى كردبوو، هەر ئەو كات ناردى بۆ ئينستوتى كەلەپورى كوردستان بەمەبەستى بە چاپ گەياندنى، بەلاَم گوتى پێشەكييەكەم تەواو نەكردووە، تەنها ئەو لاپەڕەيەم نووسيوە دواى چەند ڕۆژێكى تر تەواوكەرى پێشەكيەكە دەنووسم بۆتان دەهێنم. ئيتر ئێمە لە چاوەڕوانى گەيشتنى پێشەكييەكە بووين، كە بە داخەوە لە ڕێكەوتى 27/ 2005/9 هەواڵى كۆچيمان پێگەيشت.

دواى بەشدارى كردنمان لە پرسەكەى، لە نزيكەوە لە كەس و كاريمان پرسى ئاخۆ تەواو كەرى پێشەكييەكە كە بڕياربوو بينووسىَ و بۆمان ڕەوانە بكات نووسيويەتى ياخود نا ؟ دواى گەڕان و سوڕان لە نێو پەرتووكخانەو پەڕاوەكانى هيچيان نەدۆزيەوە، دياربوو هێشتا نەى نووسى بوو، كە بۆ دواجار ماڵئاوايى كرد، بۆيە ئێمە ناچار بووين ئەم ڕونكردنەوەيە بنووسين تاكو خوێنەرانمان لە تەواو نە نووسرانى پێشەكييەكە ئاگادار بن.

بە ڕاستى كۆچى ناوادەى مامۆستا دەشتەكى زيانێكى گەورەبوو لە بوارى ئەدەب و فۆلكلۆرى نەتەوەكەمان كەوت، كە بە درێژايى ژيانى خەريكى دەسكەچنەو بژاركردن و كۆكردنەوەى بەرهەمى فۆلكلۆرى نەتەوەكەى بوو، لە دوا ديدار بە نياز بوو لە ڕێگەى ئينستوتى كەلەپورى كوردستان بەرهەمەكانى بەچاپ بگەيەنىَ هەروەك خۆى دەيگوت:(نيازم وايە هەر چوار بەرگى چاپكراوى پەندى كوردى لەگەڵ بەرگى پێنجەمى چاپنەكراوى لە دووتوێى

تاکە کتێبێکدا بە چاپ بگەیەنم) لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تر دەست نووسی هەبوو، کە بڕیار بوو دوای ڕێکخستنەوەیان وێڕای چەندین پرۆژەی تر کە هەموویان خزمەتکردن بوون بە سامانی فۆلکلۆری نەتەوەییمان بیانهێنێتە ئینستوتی کەلەپوری کوردستان، ئەو بەرهەمەی بەردەستیش هەروەك ئاماژەمان پێدا یەکێك بوو لە پرۆژەی کارەکانی، بەلآم دیارە تارمایی مەرگی سامدار وێڕای ئازیزە هاو تەمەنەکانی ئەویشی خستە نێو بیرازەی گۆڕەوە، ئەو ئاواتەی لەگەڵ خۆی بردە ژێرگل، ئەو بەرهە چاپکراوەی بەچاوی خۆی نەدیت، کە ئەمڕۆ ئینستوتی کەلەپوری کوردستان لە دوای کۆچی دوایی مامۆستا دەشتەکی پێشکەش بە خوێندەوارانی دەکات.

تاریق ساڵح

ب/ بەشی زمانەوانی

ئینستوتی کەلەپوری کوردستان

پەندو چیرۆکەکەی

1. ئاخ لە بۆ کۆییيان ، داخ لە دەست کۆییان.
2. ئاخیری دەبتە خشە خش.
3. ئاخیری هەنجەتکی جاشکێم پێدەگریٚ.
4. ئاسمانە گچکەلە ڕووخا.
5. ئاشەوان لە خەیارێك ، باراشهێڕ لەخەیارێك.
6. ئاگر لە سەفین، مەنجەری ئاو لێرە کوو دەکوریٚ.
7. ئامانەتی ئەو مام جەبارەی بی.
8. ئالیك لەبەر سەی، هێسك لە بەر هەسپی.
9. ئاشەوان چ دۆست چ دوژمن !

–ا–

1. ئەتو نا مزگەفت.
2. ئەریٚ دایە داری کەنگر چلۆنە، کیژم وەکی ئەمن دەمدا حینچك، ئەتو دەتکرد قینچك.
3. ئەریٚ مەلا، ئەریٚ مەلا، هەردوو چۆکت ڕەق بی بەبا، لۆمام دەرزەی دەنێرییە غولفو لەگیا.
4. ئەگەر بەتەمای ئی خۆت دەینی ، مەینە.
5. ئەگەر بە شینی نەخورابی.
6. ئەگەور خوا بدا لە خەتە جۆتەکی دەیدا.

7. ئەگەر خوابدا دەمیٚ، دیٚریٚ دینمە سەر هەر شەمیٚ، ئەگەر خوانەدا دەمیٚ سندان لەدیٚریٚدا دوازدان لە هەر شەمیٚ.
8. ئەگەر دەبی بە ژنە جۆرە پیٚت دەدزی ڕیس و گلۆرە، قەبر تەنگە عەزاب زۆرە.
9. ئەگەر دەبی بە مەلا ژن، پیٚ بە خرخار دەست بە بازن، خەرکی نووشتەت لیٚدەخوازن.
10. ئەگەر دەیبیٚژی، دەیڕیٚژی.
11. ئەگەر هەرییەکەی، پەردییەکەی.
12. ئەگەر نەدا مەعبوود، چ بکا مەحموود؟
13. ئەڵلاٚ هەقە ، لەجیٚی ڕەقە – لەقلەق –
14. ئەڵلاٚ ورمان ، لەجیٚی نەرمان – ڕیوی –
15. ئەمشەو شەوی گا سوورە.
16. ئەمن دەکەی شینیٚ ئەو کەشکەك.
17. ئەوە چییە ؟ ئاغەی گۆتییە هەڵلاٚیە.
18. ئەوەش بووە فشە.
19. ئەو بارەی لە منە لە قاتریش بی دتڕی – هیٚستر.
20. ئەو بنملانە پیٚکدادە، سوفیسمایل سووتا.
21. ئەو تەنیش و ئەو تەنیشت، هەردوو قۆرو ڕاستە پشت.
22. ئەوڕۆ ئاش، سبەی تەڕاش.
23. ئەوی شینی پەلك پان، شین دەبی لەدەو ئاوان.
24. ئەوی لە ژنی خۆشی بترسیٚ، بە مردی حیسابە.
25. ئەوی لەماری بابت سمیت، لیٚرەت بسمی بووابە، ئەوی لیٚرەت سمی لەماری بابت بتسمیبووایە.

26. ئەوی هەق بڕێ، کراوی دەپەڕێ.
27. ئۆخەی تڕا خۆمو سڕا خۆم لە بن کەچە بەڕا خۆم.
28. ئێرە جاستانە، کیستان نییە.
29. ئیشی ئەوڕۆ مێخە سبەینێ.
30. ئێم چرگەیەك مرگەك.

– ب–

1. بابی بابم سەید ئۆمەر.
2. بابی من کەتو مۆت.
3. بارانە مەوارە، شیوو شیو وەڕۆن.
4. بارم لەبان گایە، کوڕم لەبەر خیندن دانایە.
5. بالوولی بەغدایێ، ڕازی بوو بە کایێ، بەر باشیان نەدایێ.
6. بەخۆم ڕووس نیمە، هاگاس لەزۆمێ نییە.
7. بەڕدێنی بە گوتڕا دیارە.
8. بە سەروەرێو بە پەروەری تەواویان نەکرد جۆڕکی کەرێ.
9. بە سمخڕێو بە قوز خڕێ کەلکی شکارتەکیان بڕێ.
10. بەشەو سایە، بە ڕۆژ بایە، بەزی لە کلکی بزنێ دەکاتە کایە.
11. بەش – پیشە – ی لاوان بۆق خواردنە.
12. بە فێران ، بە فڕان ، سۆرێم لێستاند لۆ کوڕان.
13. بە کەفەرێ سپی نەگڕاوە، بە دەسکە پووشان ناگەڕێتەوە.
14. بە مەندیلی بە گووتڕا دیارە.
15. بەند کار کەرو جۆی لێکدەکا.
16. بە هووەك گرد، بە تڕەك براو.

17. بەو چاکەی لەغەر غەرۆشکێ، لێم بگری قەرقە رۆشکی، لێم بشکێ هەردوو چۆکێ.
18. برێنە پیرە ئامانێ هەر سێ مانگی زستانێ لاقم بردە عاسمانێ، گریمان بۆرە نەهاتەوە لە گاڕانێ.
19. بزن تارەتی هەر ناگری.
20. بزنێ پۆش ئەمنو توخۆش، بزنێ بە لەکار لەوێ بوو مردار، بزنێ بەلەمس هەر لێی مەپرس.
21. بشفڕی هەر بزنە.
22. بووە فشەی بنسراوەی.
23. بووە نووشتی قەشەی.
24. بووك لەسەر زینی یا ڕسق یا نسیب.
25. بووکێ پێ لە ڕکێبێ، نازانی نسیب بۆ کێ؟
26. بووکی سارێ، گۆلکی سارێ ، بزربوون لەشاری هەریری.
27. بووکێ مام وەسمانی، بە ڕۆژ دەچێتە کۆرانی، بەشەو دەچێتە قەزوانی.
28. بوویتە گورگی کەنعانی.
29. بۆقبۆقیلەی ناو ئاوان، سەردەرکە لەتەنکاوان، یەك نەمینێ لە لاوان.
30. بیستو یەکەی گۆرانی ، بردە سەر کانی، کورتانی هێناوە بە شانی.
31. بیستو یەکەی گۆرانی هەرمن هەرمن ، ئەوی لەبەر زستانێ مایەوە هەمووی گەییە من.

– پ –

1- پاشا : هەی ناشوو نەوار.

2-پاشه سەر لەخۆ ، ساجباخ لەخۆ ، سەعۆ بیبە بەخێراخۆ.

3-پەڕی دەرکرد.

4-پڕ دەبێتەوە جێی خەنجەران ، پڕ نابێتەوە جێی کەسەران.

5-پوورە نەنێ ، پوورە نەنێ ، ڕازی نەبووی بە مەفتەنێ، هەتا لێیاننای بە ترخێنێ.

6-پیاو ئەو گوو خواردنەیان هەر هەیە.

7-پیاو خوا نانەکی دایێ، دەبی بزانی بیخوا.

8-پیرە لە مردنە ، جوانە لە مێرد کردنە ، مارە لەخراپ کردنە.

9-پیرێ ، کەونینەت وە بیرێ.

10-پیری و تەماکۆ ڕیشی کردم زەرد، ئەو یارەی دەمبرد بن بەردو بن بەرد.

ئێستا دەکۆکم دەرێ قوزە لقورت و دەرد.

11-پیشەی لاوان هەر بۆق خواردنە.

- ت -

1. تاژی و شوشکەدا ، لە بن پووش و پەراشا وەرە دەرە.
2. تەماع بێتە گۆڕێ ، برا برای ناناسی.
3. تەماع بێتە گۆڕێ ، گوجیلەی کوریتەکی یەکدی ناناسن.
4. تفەنگی وی خاڵی ، درێ من قەرار ناگری.
5. تەگبیر کەرێ مارێ ژن بی ، گیسکی ساری دووجار بڕبی.

-ج-

1) جارەکیش برێن بەهی دایکە نەخۆشە ، لەبەر چم نییە، سەرو درم پێی خۆشە.
2) جاری ئەو کوڕەی گەورەکە.
3) جریو جریو.
4) جوو هەزار لیرەی دا ، شەوەکی منداری لە جێیان نەنوی.
5) جیٚ سمی کەرێییە ، خەسرەتی ئەسمەرییە.

– چ –

1) چارەنووس بەکەس ڕەتنابێتەوە.
2) چاوت بە چاوی زەرەری دەچوو.
3) چاوت ببیتە گیسکی هەیاسی ، نابینی بابی ئەلیاسی.
4) چرای هەرکە سووی تێماوە.
5) چلە: ڕۆژەکم مابی لەکارا، کیلکی گیسکیٚ دەکەم بەدارا.
6) چمان بەچاوی خۆ نەدیتییە ، چی چاکیشمان گێلێنەبووە، پیاو شکی خۆی بەقینی خەریکی نەدا.
7) چوویتە ماریٚ خاری.

– ح –

1) حاجی عەلی چاوت دەریٚ، سەری خۆت دا لەسەر دەریٚ ، جاشکۆکەت دا بە پیرە ماکەریٚ.
2) حاجی عەلی چاوت کوٚرە، شفتیت دا بە گندۆرە ، گندۆرە ناوی کلۆرە.

3) حـاجی عــەلی ملــت شــکیٚ، بارۆکــە – قورینگــت – ت دا بــە پــیرە مریشکیٚ.

4) حاحا ئازیکەند ، نازنی ئۆمەرم؟

5) حەدوودە کردمە بارگین.

6) حەسەنم گەورە کرد بەکەڕولاری، حوسێنم گەورە کرد بـە کـەڕو لاری ، بە زمانت هێنام بە زەبری هەوێداری.

7) حەمەدە لاوی گوانیٚ، لەسەر پردا خەڵکانی، ماز یدا بە گروانیٚ.

8) حەمەدە ڕووت سەر قەلەمدارە.

9) حەمەد عەیشیٚ دەستی شکایە، ئاغەی چ بەرایە؟

10) حـەیران لـە تەمتەمبـەکونی، نـە ئەمـە کرمـانجین و نـە تـوش مـەزنی، تارمایییەکی لەبەر چاوی دوژمنی.

– خ –

1. خەپەم تەڕە مەیتراشە، خزمان گۆتیان زۆر باشە.
2. خەرتەلە بە بن باری خۆیدا دەڕۆنی.
3. خەم لۆ مام خەمکی دەبی.
4. خەنجەر لە قەدم، دەمانچە لەنێکم، خۆ مریشك نیمە بە دندووکی شـەڕ بکەم.
5. خواردن بەشی زندییان ناکا ، نۆبەتی مردییانە.
6. خوشکەکت هەیە لە بالیسان، دەکا تڕوتسان، نانی مـە دەبتـە سـەپکی سەیان.
7. خوشکەکت هەیە لە سوندس، دەکا تڕو تس، ئاردەکەی دەبا دەمینیٚ بنووس.

8. خۆ دەرێن شینکە پیاوی برایما غەیە.
9. خیتێ مێردان، خیتێ ژنان، تفەك و شەقەك.

– د–

1. داکـی نەجمـە توجـاری ، ئـەوەل ئـەخش و نیگـاری ، دووەمـین داکـی جووچکانە ، سێمین مەیخانە گێڕی.
2. دایك لار بی یا مانۆکێ ، ماخدرە مرن.
3. دەبا دەربەندۆك وەت لێبێ، جوو بە بارە کوتارەوە پێت دابێ.
4. دەبانی.
5. دەچمە مارەکی کەس لەخۆم گەورەتر نەبی.
6. دەچمە مارەکی خۆم میر کوڕ بم.
7. دەردی سەی ڕەشی درایێ.
8. دەرێم دەرێم ، لاق باریك.
9. دەرێم دەرێم ، وەزت مری.
10. دەرێی گێرەی ئۆمەرە خێلی قووچییە.
11. دروونەی حەفت دەر هەمبا ویش دەزانین.
12. درۆ هەر قابیلی پیاوی گەورەیە.
13. دەرێی مریشکی خەرابە دراوییە.
14. دنیا لۆیی خۆشە، بێ دەرکەیە.
15. دۆینەی بەزڕە پوونگی.
16. دێرێ چاوم هەر لێتە.
17. دینی محەمەد بە ئاشکرایی خۆشە.

18. دواسی هەر ئاگرەکی لێدا بگیرسیٚ.

– ڕ–

1. ڕاستی بریٚ، ڕاستیت لۆ دیٚ.
2. ڕاستی ڕاستی لێدەبیتەوە.
3. ڕۆنش مالا، دۆش مالا بۆ تیشتا پالا.
4. ڕیوی: هەچۆمە چۆمە چۆمە، دنیا بە کەیفی خۆمە، دایکی جووچکان دەخۆمە.
5. ڕیوی: هەمریشکە مریشکە لانیٚ، سینگت خۆم سیقەدانیٚ.
6. ڕیوی: ئەو مقامەی مەریٚ دەترسێم.
7. ڕێی شەغران هاردادو.

– ز –

1. زستان: ئەگەر نەمرم لێت دەکەمە بەفروبا ، بەزت لە کلکی دەکەمە کا.
2. زستان سەپانە ، هاوین تێلە کێش.
3. زوورگەزراو نازانی کاکم مردییە، خۆت لە کوریکان عەمراندییە.

– ژ –

1) ژن ببوونە گەورەی ماران ، گیسکیان دەبڕییەوە ، کاوڕیان نەدەبڕیەوە.
2) ژن هەیە ، ژنۆکەش هەیە.

– س –

1) سەخی نانەکی دەخورێ ، گەندە دوو.
2) سەر لە بن بەڕێ ، قوون دەکا شەو لەوەڕی.
3) سەلامو عەلیك ئاغەی دەنگنەکەر، پیلەکەم دڕا قۆرم هاتە دەر، بە ڕۆژ ڕۆژە سارت بردە سەر.
4) سەودای بارات بم لە دوور دیاری، یا بۆرە پنچك عارەب سواری، بە خۆت وەت لە خۆکرد، بەردت لێباری.
5) ستیلەی نان لەسەر خۆ، ستیلەی کراس لەخۆ، ڕەشۆ بیبە بەخێراخۆ.
6) سۆڤ هەمینۆ، خۆ بچەمینۆ، مارەیی منو تۆ لە عاسمانێ هاتینۆ.
7) سێوەك بووم لە سێوی نەمولکی، کەتمە دەست مل بە چرکی، نازانم نە بۆ خۆییم دەخوا نەدەمداتە خەریکی.

– ش –

1. شان بە قوڕ لەخۆ بەشکە.
2. شەقریان شکاندی.
3. شەیتان: بە مەندیلی سەرتڕا دیارە.
4. شێخشەروان گومەتی هەر ناگری.

– ع –

1) عەولا ڕەشە ، ئەو هەر بەشە.

– ف –

1. فاتیحەکی دەخینم لۆ ویٚ مەقبەریٚ ، حەمبیٚزی لیٚداویٚمە دەری .
2. فەقیر لۆ فەقیرە ، با هەر بخوا برنج بەشیرە.
3. فسۆغلییە بەسەر فەرخەی خۆیدا دەفسی.
4-فیتە لبەڕیا فیتی کرد، ئەسمەر کراسی چیتی کرد.

– ق –

1. قازو قورینگ کە چەرو کۆران هەراویٚرن.
2. قەلە ڕەشەکە لۆ چاکەی ناقریٚنی.
3. قوربانت بم کوڕی سیٚو لە باغەری.
4. قونگرو قەرارت بە بنەوە هات.

– ك –

1. کافر کوشتن غەزایە ، بیٚ مروەتیش باش نییە.
2. کاکەڕەش دیتییە خەرکی قرش پرش.
3. کاکم سوار بوو لەگەر سواران ، بەفر ڕەویەوە لە نساران ، گوو بە ڕیشی کادینداران.
4. کاو جۆ لەبەر سەی ، هیٚسك لە بەر هەسپی.
5. کە چوویە جیٚیان جیٚی خۆت بناسە.
6. کەرکووکی کوڕی کەرکووکی ، دوو مەلایەکەتت دیٚنە سەر ، گیٚ شۆڕمەکەوە وەك ماکەر ، زوو بریٚ ئە لَلاٌهو ئەکبەر.
7. کوڕحەمەد مەلا دەزانی مار بکوژی.
8. کوڕم دەویٚ زەنگوریان بە ملی وەکا.
9. کوڕیٚ خاس، لە ژنی خاس دەبی.
10. کوڕی خۆم ، لە دۆخینیٚ خۆم – لە دامەنیٚ خۆم .

11. **کون بووەو ئا .**

12. **کوندێرە بەشەو ماندی ، بە ڕۆژ شێرە.**

13. **کێخوای زەنگەبات ، عەبات هەر کێشە .**

14. **کیرووشکی قەشقەیە ، بیۆ هاتە هات ناتوانی.**

15. **کێف لە من کێف لە گوندا ، کوڕ خنکا پەشلیۆ مندا ، هێشتا هەوای من زۆرە بڵندە.**

16. **کێندەر خۆشە؟ ئەو جێیە خۆشە کە در لێی خۆشە.**

17. **کێن گازر نابی.**

– گ –

1. **گاسندز لە خۆ بە شکە.**
2. **گریان لۆ هەر یسەیە ، لۆ ئیمام حوسێنی نییە.**
3. **گزیر: پاشا قەل بەلا سمێرت ڕیپاوە.**
4. **گورگ ئەتو قەسابی چیشت لەنار بەندییە.**
5. **گوند گوندی خۆمە، لە ترسی ، لە ترسی سەیان ناوێرم بچمەوە.**
6. **گۆڵکی قوشتەپەیە ، بە یەکساری دەوی دەگاتە ئاخوڕی بە دوو ساری دەوی ناگاتیۆ.**
7. **گیسك : تڕی زستانی ئەو ساریش بە کیرم.**
8. **گیسك : ئەگەر لێم دەچی ئەو زستانە ، تەرك دەکەم ئەو بزن گانە.**

– ل –

1. **لەبەر هووردە کێران ، بەرم بە درشتە کێران وەنییە.**
2. **لە بن کەپری سەپانان ، دەبا خەپلیۆ وەتلێبیۆ.**

3. لەخۆشی مێوانان ، خەومان نایێ.
4. لەدەرێ ڕابی ، لە ژۆرێ ڕۆمی ، هاوارم بەبەر تو ڕەببی.
5. لە سارانە ، لەمانگانە ، مارمیلۆق بە دووانە.
6. لە شەپۆلی دواوە بژمێرە.
7. لە شیرنە خەوی سبەینان و دۆی مارە جیرانان بووم.
8. لە کورتانی خۆی دەلەوەڕێ.
9. لەك‌و کوردو ئۆرمزیار، بە نەعلەت بن هەزار جار، لە گەر دەلۆی خەتاکار.
10. لەکێ شکایە ؟ لەکێ دەنگداتەوە؟
11. لەمار خەرك هەروا دەبی.
12. لە مرە مری بەرازی ناترسێ ، لە قوڕە قوڕەی کودی – جەڕە – ی دەترسێ.
13. لە وەعدی گیاو گۆران ، سازم لێدەدا لۆ جوامێران.
14. لۆت بمرم بەرمە برنجەکەی شارەزوور .
15. لۆ تری ؟ لە عەژمەتێ تتن.
16. لۆ چاوی بەرەکی خۆم کۆرە دەکەم، نەمردی ئاگای لێیە ، نەزندی منەتی پێیە.
17. لۆ من هەر بە ڕبەی تەقتەقییە.

– م –

1. ماچی سوڵتانە، چوو لە قوونی مەرجانە.
2. مادام دەزانی خراپە، لۆ دەیخۆی.
3. مار لە بارکردنە، مەلا کوڕم فێرە خیندن کە.

4. ماریٚ بوو بەی نانیان نەبوو، تەڕە پیازیان دەچاند.
5. ماری تو دیٚ لە غەراج – قەراج –
6. ماری ڕەش لۆی دەڕشیٚتەوە.
7. ماری کوردی هەر لە سەر پشتی کەریٚیە.
8. مامە سیٚنە، بە ڕەکم دیٚ بە قەردیٚنە، لچکی بگرە ڕایتەقینە.
9. مامۆستا وەم لۆ مارە بکە ، لەدوای من بە کەلك مندارەکانی بیٚ.
10. مەڕ بە پیٚی خۆی ، بزن بە پیٚی خۆی بەداریٚ وە دەکریٚ.
11. مەرحووم چی فەرموو.
12. قەقریۆکە، ناو لنگانۆکە.
13. مەکری ژنان چیای دەڕووخیٚنیٚ.
14. مەلا : مەلا قوونە ، مەلا شەرتی چوونە.
15. مڕمیاو سەدجار مڕمیاو.
16. مریشك: تاژی و شوشکەدا ، لەناو پووشو پەراشا وەرە دەرە.
17. مریشك: مام حەیدەری لە تیشی، سەر دەربینە لە تلیشی.
18. مریشك : مام حەیدەری دەربەندی ، سەر دەربینە لە کەندی.
19. مکایل یەختیار بووە، مندارەکانی نازان ئاو بگرنەوە.
20. موبارەك بی میری تازە، ئەحمەد بەگی برازا.
21. میٚوان : پاشا شیٚرەك لە بیٚشەی غەزرییە.
22. مەقسەد لە قوسە.

– ن –

1. نەبی قەشان ، کوتکی وەشان ، دای لە شەشان ، حەفتەی دوڕان.
2. نەپیٚراوی تەنگ ، نەخانەی بە جەنگ ، نە مەلای بیٚ دەنگ.

3. نەگاوان – ئاشەوان – لە کوڕی خۆی خۆشەبی ، نەمار غەرەزی کلکی خۆی لە بیرچی.
4. نەهەورە نەسایە قەت، خەبەرەك هاتیە لە کن خەلیفەت ، هەتا شۆوو وەرد هەنە، تۆی ماوێنە بەیارا قەت.
5. نەهەورە نەسایە قەت، هەتا جوان هەنە لە گەر پیران مەنوون قەت.
6. نەهەورە نەسایە قەت، مانگ ڕەق ڕاوەستایە ، دەرێن پیاوی بێ ئاقر ژنی خۆی تەراق دایە.
7. نووشتەی لۆ ڕۆژی دەکا !
8. نەمیم کەرو جۆی لێکدەکا.

– و –

1. وای لە سڕی مالمی .
2. وەرێ وەرێ ، ئەوی لە زارت دایە مەرێ.
3. وەکی گاوانی بەربیانێ دەکا.

– ه –

1. هانی مانی ، پەردەم هەر بەست لە کتانی ، بووك ئەوەتە زاوا کانی؟
2. هاوینان شلومل ، زستان جەوار لە مل.
3. هەتا ئەتو مەلا بی ، ئەو سەر گەورەی چاو کوسکە کێخوابی ، ئەو گوندە لەوەندەی ئاوەدانترنابی.
4. هەر برێ حەمەد نیمە.
5. هەر پەڕە شاییە، بووکە بە خۆڕاییە.
6. هەر کەسە بە منێ خۆی.

7. هەرم دەگری ، یا هەرتگرم.
8. هەر هەویلێ ، سەر گەورەی قوون تەقیلێ – هەر هەوی ناوێرم برێم.
9. هەیش هەیش بە دوو ڕیوییان شێرەکیان کوشت.
10. هێدی جەفتە.
11. هێرکە مەڕی هەمووی پێدەم.
12. هیڵکە ڕوونی سەر کولانکە.
13. هەرێ نەنێ هەر نەنێ ڕازی نەبووی بەمەفتە نێ تا لێیاننای بەترخێنی.

– ی –

یا لە ڕێیە ، یا لە جێیە ، یا قەزیەتەی لێیە.

1) ئاخ ! له بۆ كۆییيان ، داخ ! له دەست كۆییيان

ڕۆژێك لـه دیواخـانێكی كـۆیێ، قـسه قـسەی دەكێـشێ ، قـسه هاتـه سـەر كۆییيان، هەر كۆییيەو شای بە سەپانی خۆی نەدەزانی، كۆیی وا، كۆیی وا... ئـەنجام دەمڕاسـتی دیوەخـان خـۆی پێنـەگیرا هاتـه قـسه كـردن چـونكه قسەكەرەكانی زۆر بـاش دەناسین ، گـووتی : ئـاخ ! لـه بـۆ كۆییيـان ، داخ لـه دەست كۆییان.

* مەبەسـت لـەم پەنـده ئەوەیـه ، كـۆیی چـاكه، مەردایـەتی و خراپەشـیان لەدەست دێت.

2- أ. ئاسمانه گچكەله ڕووخا.

ب- ئەڵڵا ورمان لەجێی ڕەقان.

ج- ئەڵڵا هەقه ، لەجێی ڕەقه.

د- ئەڵڵا ورمان ، لەجێی نەرمان .

هـ- ئەو تەنیشتو ئەو تەنیشت ، هەردوو قۆرو ڕاسته پشت.

ڕێوییـەك و حـاجی لەقلـەقێك ببوونـه بـرادەر، ڕۆژێـك ڕێـوی داوای لـەحاجی لەقلـەق كـرد، بـۆ فرەڤێن لای ڕێـوی میـوان بـی. ڕێـوی شـۆربایێكی كـەمی شـلی لێنـابوو، لەسـەر تاتـه شـاخێكی خـاوێن ڕووی كـرد، حـاجی لەقلـەق چـەند دنـدووكێكی خێوانـدی، چـی پێنـه خـوورا ڕێـوی زمـانی پێـدا دەهێنـا لووسـی دەكرد. پاش ماوەیەك ئەمجاره حاجی لەقلەق مێوانداری ڕێوی كرد، نۆكی بۆ

لێنابوو، لەناو دەرەزە شاخێکی ڕووی کردبوو، ڕێوی هیچی پێنەخورا، حاجی لەقلەق بەندووکی هەمووی هەڵبژارد و خواردی.
ڕێوی بە حاجی لەقلەقی گووت: کاکە فێرە فڕینم ناکەیت.
حاجی لەقلەق بەسەر چاو لەسەر باڵی خۆی دانا ، زۆر بڵند بوو ، باڵی خۆی شۆڕکردەوە ڕێوی لەوئاسمانە جۆنیانی شۆڕبۆوە.
حاجی لەقلەق دەیگوت: ئەڵڵا ورمان لە جێی رەقان – ئەڵڵا هەقە لە جێی ڕەقە.
ڕێویش دەیگووت: ئەڵڵا ورمان لەجێی نەرمان.
سۆفیەك كە پەنكێكی لەسەر دارێك دانابوو، ڕێوی کەوتە سەر کەپەنکەکە، سۆڤ لە ترسان قوچاندی گوتی: ئاسمانە گچکەلە ڕووخا.
ڕێوی کەپەنگی خستە سەر شانی ، ڕۆیشت ، تووشی گورگی بوو.
گورگ: ئەم کەپەنکەت لە کوێ بوو؟
ڕێوی : باپیرم کارگەچی بوو.
گورگ : کەپەنکێکی ئەوهام بۆ ناکەیت؟
ڕێوی: بەر خۆلانم بەلواوە بۆ بهێنە ، بۆت دروست دەکەم.
گورگ: هەر بەرخی بە لواوەی بۆ دەبرد، لێی دەپرسی چەندت ماوە؟
ڕێوی: ئەو تەنیشتو ئەو تەنیشت، هەردوو قۆڵ و ڕاستە پشت.
گورگ گەڤ لێکرد، ڕێوی لە ترسا لە کونێ مایەوە تا گورگ ڕۆیشت، ئەویش هاتە دەرەوە ، کودیلەیەك لەوێ بوو، بردی پێ لە ڕووبارێ بپەڕێتەوە، نەمادا تووشی گورگی ببی، سوار بوو، کودیلە لەناوەندی ڕوباری لە بنی دەرپەڕی ڕێوی نقوم بوو خنکا.

3.ئاشەوان لە خەیاڵێك ، باراشهێڕ لە خەیاڵێك.

ڕۆژێك خێزانێك باراشیان نامینێت ، كابرای خاوەن ماڵ باراشی دەباتە ئاشی ، ئاشەوان خاڵی باراشهێڕ دەبێت، باراشهێڕ مشتی خۆی لەوەخۆش كردبوو، ئاشەوان خاڵیتی مزەی ئاشی لێناستینی، ئاشەوان برای دایكیەتی، ئاشەوانی خاڵیشی خۆی بۆمزەیەكی باش خۆش كردبوو، باراشهاڕ خوارزایەتی، چەندی بگێڕێتەوە، دەنگی نایێ.

* ئەم پەندە بە دوو مەبەست و بۆ چوونی جودا وازی یەكتر دەگۆترێت.

4. ئەرێ دایە، داری كەنگرچلۆنە؟ كوڕم وەكی ئەمن دەمدا حینچك، ئەتو دەتكرد قینچك.

نا چاری پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بیربكاتەوە، ڕێبازی ژیان و گوزەرانی خۆش بكات، كابرایەكی هەژار هەبوو، ژن بوو مرد، ماڵ بوو چوو، مایەوە خۆی تاكە كچێك، لەبەر نەبوونی دەستیان كرد بە كەنگر كردن و هێنانی بۆ شار، بەهاران نەمر و نەژین دەرامەتیان دادەنا، كچەی شۆخ و شەنگ و نازدار، كوڕە دەوڵەمەندی شار داخوازی كرد، گواستیانەوە، كچە شەرمی بە نەدارایی باوكی بوو، نەیهێشت هاتوچۆی بكات.

ڕۆژێك لە پەنجەرەی تەلارەكەیەوە، سەری دەرهێنا، بۆ ئەوەی خۆی لە چفتە چفتی دەوروبەر ڕزگار بكات، گۆتی: ئەری داری كەنگرچلۆنە؟

باوكی گۆتی: وەكی ئەمن دەمدا حینچك، ئەتو دەتكرد قینچك .

* ئەم پەندە دوو بەشە لەسەر شێوەی وەڵام و پرسیار گوتراوە، واتاكەشی بە كەسێك دەڵێن شەرمی بە نەبوونی خۆی بێ، ڕاستییەكەش نەشێردرێتەوە، تووشی وەلامی زەق ببێ .

5. ئەگەر بە تەمای ئی خۆت دینی، مەینە.

پیاوێکی پیری بە ناو ساڵان کەوتی ئاسایی، دەچێتە لا ی مام مۆرتکی پێی دەڵێت: زاناو دانای کوردان، لە سایەی خوا کوڕە هەیتم، ماڵە هەیتم، دەمەوێ خۆ نویێ بکەمەوە، ژنبهێنم، زانا و دانای کورد دەڵێت: ئەگەر بە تەمای ئی خۆت دەینی، مەینە.

مەبەست ئەویە، تۆ ناتوانی گەڕوگفی دەروونی ژنەکە دابمرکێنیتەوە، ژنە سەرگێڕی دەکات هاوتەمەنەکانی خۆی پەیوەندی لەگەڵ پەیدا دەکەن.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن ژنێك بهێنی لە تەمەنی خۆی بچووکتر بێ، لە ڕیشی ئەو نەوەشێتەوە هاوتەمەن و نزیکی شیاو لەنێوانیاندا نەبێت، ناو ناتۆرە بۆ خۆی پەیدا بکات .

6.ئەگەر خودا بدا لە خەتە جۆیەکی دەدا.

لە کوێرە گوندێکی ئەم کوردەوارییە، پیاوێك هەبوو، ئەوی کارو پیشە بوو، نەی دەکرد، ڕۆژێك لە دیوەخانێ یەکێك لێی دەپرسی تۆ لەوێ دەچییە وێ، بۆ کارێك ناکەیت؟

پیاوەکە دێتە وەڵام: نیتم چیبکەم، خەڵکی ئاوایی، کۆمەکی دەکەن، کەرستەی جۆتی بۆ ساز دەدەن، دەینێرنە بەیار کێلانێ، لاتە جۆتێك دەکات، گاسن لە کووپە زێرێك گیر دەبێت، بەلاپووتەکەی دەستی چوار دەوری دەداتەوە، لە ناو جۆڕکی کەران دەکات، دەگەڕێتەوە ماڵەوە، خەڵکی، دەرو دراوسێ لێی دەپرسن، ها ئەوەشت تەواو نەکرد!

پیاوەکە دەڵێت: ئەگەر خوا بدا، لە خەتە جۆتەکی دەدا .

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن، بە ئاسانی، لە هەوەنتە، لەختو خۆڕایی، تووشی خێرێکی باش ببێت.

7.ئەگەر خودا بدا دەمیٚ، دێریٚ دینمە سەر هەر شەمیٚ، ئەگەر خودا نەدا دەمیٚ، سندان لەدێریدا، دوازدان لە هەرشەمیٚ.

دێریٚ و هەرشەم دوو گوندن ئاقاریان لەسەریەکە، لە خوار بانە مانیٚ، ئاغەی گوندی هەرشەمیٚ دەیویست دەست بەسەر گوندی دێریدا بگرێت، تخوبی هەرشەمی فراوان تر بکات. قسە و قسەرۆك و ناکۆکی لە نێوانیاندا پەیدا دەبیٚ، چاو ڕاو، هەڕوگیف دەست پێدەکات، ڕۆژێك برا گەورەی گوندی هەرشەمیٚ لە دیوەخان، لە کاتی ئاخاوتن گوتی: ئەگەر خودا بدا......

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن، ئەگەر بویٚ بسازێت دەست بەسەر بەرژەوەندی کەسانی لە خۆبێتواناتر دابگرێت .

8. أ . ئەگەر دەبی بە ژنە جۆرە، پێت دەدزی ڕیسو گلۆرە، قەبر تەنگە عەزاب زۆرە.

ب . ئەگەر دەبی بە مەلا ژن، پیٚ بە خرخار دەست بە بازن، خەرکی نوشتەت لێدەخوازن.

دەگێڕنەوە دەڵێن جۆلایەکی سادە و ڕەوشت پاك هەبوو، دۆستێکی زۆر ناسك و شیرینی هەبوو، فەقێیەك لە گەڕەکەکە هەبوو، بۆ مەبەستی ناپاکی خۆی، خۆی کردە برادەری جۆلا، تا بە هەر فێڵێك بێت کچەی شەنگەبی بەلای خۆیدا بشەکێنێتەوە.

ڕۆژێك فەقێی نیاز ناپاك، ڕێگا لە کچەکە، دۆستی جۆلا دەگرێت، پێی دەڵێت: ئەگەر دەبی بە ژنە جۆرە، پێت دەدزی ڕیسو گلۆرە، قەبر تەنگە عەزاب

زۆرە، ئەگەر دەبی بە مەلا ژن، پیٚ بە خرخالٚ، دەست بە بازن، خەڵکی نووشتەت لێدەخوازن.

* ئەم پەندە بە کەسانێکی تەلەکەباز دەڵێن، بیەوێت بە فێلٚ کەسێك لە خشتەببات .

9.ئەگەر دەیبێژی، دەیڕێژی، ئەگەر هەرییکەی، پەردییەکەی.

دەگێڕنەوە دەڵێن، ڕۆژێك کابرایەکی هەژار، دەچێتەوە مالٚ، هیچیان نابێت، بیخۆن لەماڵە پەرپووتەکەی دەگەڕێت، لە گلۆرە موویەکی مۆرانەداری بەم لاوە هیچی تر نادۆزێتەوە بە کەڵکی فرۆشتن بێت، تا چەند جەمە ئاردێکی بۆ منداڵان پێبکڕێت. گلۆرەی دەگرێتە دەست بە ناو بازاڕدا دەسووڕێتەوە، های گلۆرە مووی باش، ها گلۆرە...! حاجییەکی تەڵەکەبازی لیٚ ڕاست دێت، نیو تەنەکە ئاردی زیوانداری پڕ ئەسپێی لە دووکانیٚ مابووەوە، بانگی دەکات: ئەری ئاڵوگۆڕی موو بە ئارد ناکەیت؟!

پیاوە نەبووە دەستکورتەکە دەڵێت باشە، پێك دین، لە ڕۆیشتندا حاجی دەڵێت: ئەگەر دەیبێژی دەیڕێژی .

کابرای هەژاریش دەڵێت: ئەگەر هەرییکەی، پەردییەکەی .

10. أ. ئەمن دەکەی شینیٚ ئەو کەشکەك .

ب.گریان لۆ هەریسەیە، لۆ ئیمام حوسێنی نییە .

خێفرۆشێکی قەراجیٚ دێتە کەندیناوەی، یەك لە کێخواکانی سیانەتی مردبوو، خەڵکی گوندەکە لێکڕا دەگریان، ئەویش دەستی بە گریانی کرد، یەکی مەفتووق لێی پرسی ئەو مردووە دەناسی؟ گۆتی: ناوەڵلا، گوتی: ئەدی ئەو گریان و ڕۆ ڕۆیەت لەچی؟!

خێفرۆش گوتی: ئەمن دەکەی شینیٚ ئەو کەشکەك.

* ئەم پەندە بەكەسێك دەگوترێت لە خۆڕایی بۆ بەرژەوەندی خۆی نەریتی باو ببەزێنێ.

11-ئەگەر نەدا مەعبوود، چ بكا مەحموود .

دەڵێن شەوێك سولتان مەحموودی غەزنەوی خۆی گۆڕی بوو، دیتی دوو كوێرە لە مزگەوتێك ئاواتە خوازی خواردنی پلاوێكی بە گۆشت دەخوازن.

سولتان دەنێریتە ماڵەوە، لە نگەرییەك پلاو دروست دەكەن مریشكێكی سوركراو لە ژێر پلاوەكە دادەنێن، بەخوبزەیەك بۆیان دەنێرێت، كویرەكان ئاگایان لەم كەینو بەینە نابێت، دەستی بۆ دەبەن، سەری پلاو هیچی لەسەر نابێت، هەندێكی لێدەخۆن وازدێنن، خوانچەكە دەگەڕێتەوە، گۆشتەكەی ژێرەوە نەخوراوە، دەڵێت: ئەگەر نەدا مەعبوود...

* ئەم پەندە بۆ كەسانێك بەكاردێت، هەر هەول بدەن، لەبێهیری بە ئاوات نەگەن .

12-ئەم شەو، شەوی گا سوورە .

لە گوندێكی كوێستانی ئەم سەرەوەدا، پیرەمێردێكی كەژناسی حیسابگر هەبوو، ئێوارەیەك هەر دەهات و دەچوو، یەكێك لە نەوەكانی لێی پرسی باپیرە بۆ دانانیشی، قسەی خۆشمان بۆ بكەیت .

باپیرە: ڕۆڵە، ئەم شەو شەوی گا سوورە، بڕۆن بیهێنن، بیكوژنەوە، هەتا بەیانی نووستن بۆ پیاوەكان نییە، شەوی بەفر ماڵین و گۆشت خواردنە، بە نۆرە بەفر ماڵ بگرنە دەست، سەر بانەكان پاك بكەنەوە، كاتی پشوودان بەردەوام گۆشت بخۆن .

شەوی کرد و بەفرکرد، کەلێنی نەدا، کە بەفر لێی کردەوە، هاتنە دەرەوە، خەڵکی ئاوایی هەموو بەژێر بەفر کەوت بوون، ئەمن و تۆ خۆش، لەو ڕۆژەوە بووە بە پەند، شەوێکی سەختی چلەی زەنەکە بەفرێ هەیە پێی دەڵێن، شەوی گاسوور .

* ئەم پەندە کەسێکی خاوەن ئەزموون دەیڵێت، بۆ خۆ ئامادەکردنە بۆ بارێکی سەخت.

13–ئەوەش بووە فشە .

دەڵێن شوانەوێرەیەکی ئەم دەشتی هەولێرە، بە دەگمەن ئاوەدانی دیت بوو، بە دوای مەڕداری خەرێك بوو، پیری دەستی لێستاند، لە نەریتی ئۆلی ئاوەدانی نە دەزانی، لە گوندێکی خزمەکانی جێگیربوو، ڕۆژێك چووە مزگەوت نوێژ بکات، کەچوو نوێژ دابەسترابوو، هیچی لێنەزانی گوتی: ئەوەش...... .

* ئەم پەندە کەسێك دەیڵێت، لە نەریتێك نەزانێ، خۆی پێوە ماندوو نەکات، فێری ببێت .

14–ئەوە چییە؟ ئاغەی گۆتیە هەڵلایە .

ڕۆژێك کابرایەکی دەشتەکی بە هەلەداوان خۆ دەگەینێتە ماڵی برادەرێکی باوەڕپێکراوی خۆی لە پەستیان چاوەکانی چوو بوونە پشتی سەری، مووەکانی ڕیشی گڤ ببوونەوە.

خاوەن ماڵ پرسی: ها هاوڕێ، چ بووە؟ چ ڕووی داوە؟ زوو پێمبڵێ بەڵکو بتوانم یارمەتیت بدەم.

کابرای هەلەشە دەڵێت: ها، ئەمن چ نازانم، ئاغەی لەسەر سەکۆی دیوەخانی گۆتی: هەڵلایە.

* ئەم پەندە بە کەسانێك دەڵێن سەربەخۆ بە قسەی یەکی تر خۆ هەراسانی و پەست بکات.

15-ئەو بارەی لەمنە، لەقاتر- ئێستر- یش بی دەتڕی.

ڕۆژێك کابرایەکی کۆڵ هەڵگر بارێکی زۆر گرانی بە شانەوە بوو، وزە و تینی لەلاشەدا نەهێشت بوو، دەمارەکانی شل کردبوونەوە، خۆی پێنەگیرا، بایەکی لێبەر بوو، دەنگەکەشی چوار دەور گوێبیست بوون، منداڵێك لە تەنیشتیەوە گوێی لێ بوو، دایە قاقای پێکەنین، کابرا لەژێر بارەکەوە گوتی: ئەو بارەی لەمنە لەقاتریش بی دەتڕی.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن کارێکی لە توانای خۆی گەورە تری پێ سپاردرابێت بەباشی پێی هەڵنەسووڕێت.

16-.ئەو بنملانە پێك دادە، سۆڤ سمایل سووتا!

حاجی قادری سمایلی، برای مەلا سالحی کۆزە پانکەی، پاش سووتانی گوندەکەیان دێتە هەولێرێ دەچێتە مزگەوتی، سەیر دەکا مەلا سالحی برای دانیشتووە، کۆمەلە کتێبێکی گەورە گەورەی لە چواردەوری خۆی داناوە، لێیان ورد دەبێتەوە.

حاجی لەناو کارەسات هاتوو، سەرو سامانیان بەتاڵان چوو دەڵێت: ئەو بنەملانە پێك دادە...... .

* ئەم گۆتەیە هی حاجی قادرە، بەر ئەدەبی میللی دەکەوێت، هەر چەند نێوارێکی تەسك لەنێوان ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی لە کوردیدا هەیە.

* ئەم پەندە دوو جەمسەری هەیە: یەکیان یەکێك جەرگ سووتاوبی، ئەوی تریان لە ناو کارەسات بژی گوێ پێنەدات .

17-.ئەوی لە ماریٚ بابت سمیت، لێرەت بسمیبووایە، ئەوی لێرە دەسمی لەوێت بسمیبووایە .

کچێك لە تەمەنی هەرزەکاری سەرخۆشی هەرزەکاری دەبێت، ئەوی لە کچ پێویستەو دەویسترێت نایمینیٚ، کچە شوو دەکات، شەو لە ماڵی خەزووران دەبیتە چ بوو، چ بوو. خەزوورەکەی مریدێکی خوایی بوو، لە ڕاهی خوای خۆر بە سەری کرد، وەرز لە دوای وەرز هات گەیشتنە نێرینەی بەهاریٚ، نیوڕانەیەك خەزوور لە مزگەوت دەگەڕێتەوە، دەبینێت، وا بووکەکەی لەو نێرینەی بەهارەدا لەناو گیای دانیشتییە لەگەڵ خزمێکی کەپووی دەسمی، خەزوورەکە سەری بادا گوتی: کیژم ئەوی لە ماری بابت سمیت... ئەوی لێرەت دەسمی لە...... .

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن کاری بنەڕەتی لەکات و ساتی خۆی نەکات، پێیەوە شەرمەزاربێت .

18-ئۆخەی ترِا خۆم و سرِا خۆم، لەبن کەچە بەڕا خۆم.

پیرێژنێکی دەشتەکی ئاراسانی لە کوڕەکەی هەڵدەگرێت، هەر دەیگۆت: دەمەوێت سەربەخۆ بم، ماڵۆکەی خۆم هەبێت، کوڕە دەڵێت دایە ماڵ هەموو ماڵی خۆتە، ئەوەت لەچی؟!

ڕۆژێك كوڕە بێزار دەكات هۆدەیەكی بۆ جودا دەكاتەوە، شەو چاوە دێری دەكات لەكولانكە دەبینی دایكی دەچێتە ناو جێی بایەكی لێبەر دەبێت دەڵێت: ئۆخەی تڕێ خۆم سڕی خۆم لە.... .

* ئەم پەندە بە كەسێك یان خێزانێك دەگوترێت بییەوێت سەربەست بێت، كەسانی تر نهێنی نەزانن.

19-ئێرە جاستانە، كیستان نییە .

جاستان گوندێكە لەخوارووی هەولێر، لە ڕۆژهەڵاتی دیبەگە، سییانەتی نشینە. كورد دەڵێت: زستان یان سەر وەشینە، یا ن دوا وەشینە، ساڵێكی زستان دواوەشین بەفرێكی ئەستوور دەبارێت، مەڕو ماڵاتیان قڕ دەكات، ئالیكیان نامینێت، كابرایەكی مەڕدار دێتە دەرەوە پاكەتێكی بە ئاسمانی وە دەنێت دەڵێت: ئێرە جاستانە، كیستان نییە.

* ئەم گۆتەیە بە كەسێك دەگۆترێت، كاری لەشوێن خۆی نەكات .

20-ئیشی ئەوڕۆ، مێخە سبینێ .

دەگێڕنەوە، دەڵێن كەروێشكێكی تەوەزەل هەبوو، تلیشە بەردێك لەبەر دەرگای ماڵیان كەت بوو، هەركی بەوێدا تێدەپەڕی ساتمەی لێدەكرد، هەموو جار دەیگۆت بەیانی، ئەم تاشە بەردە لادەبەم، دەرو دراوسێ، دەرو دراوسێ لێهەردەزلن، ڕۆژێك مام ورچ بەوێ داچوو، ساتمەی كرد، بەربووەوە، كەروێشك نیوە گیان بوو، كەروێشك وتی، ئیشی ئەوڕۆ، مێخە سبەینێ.

* واتە هەر ئەركێكت هەبوو لە كاتی خۆی ئەنجامی بدە، دوای مێخە .

21-ئێه، چرگەك، مرگەك.

ڕۆژێـك کابرایـەکی کـراس شـۆڕی ئـەو دەشـتی قەراجـە، دەچـیتە سـەردانی شـکارتەکەی، لـەناو قۆپەنـە دەغلێـك چـاوی بـە چـرگێکی نـەخۆش دەکـەوی تەورزێنێکی ڕادەوەشینتێ شلپ ئەو بەستەزمانەی بەیەکجاری نیوەگیان دەکات بە پەلە زوو سەری دەبڕی، دەیباتەوە، دەیخۆن .

هەموو ڕۆژ تەورزێنی دەست دەدایێ دەچووە ناو شکارتەی لێیاندەپرسی خێرە؟ دیگۆت: ئێم چرگەك مرگەك.

* ئەم پەندە بە کەسێکی کەلك بەخش دەگوترێ، کەلکی لە شوێنێك دیتبێ .

22–بابی بابم سەید ئۆمەر.

سەید ئۆمەرێك هەبووە، بەناوی سەیدایەتی خەڵکی سادەو ئاینینی گوێیان لێڕا دەگرت گوایەوجاغزادەیە. سـەید ئۆمـەر لەوانـە نـەبوو ئـەم ڕێـزە ڕابگـرێ، هەر قسەیەکی بۆ هـاتبێ نەیگێڕایتـەوە، چ بـەدرۆ، چ بە ڕاسـت، هـەتا گەیـشتە پلەیەك درۆی پتر بووە لە خەڵکەکە چاکیان ناسی بوو، قسەی ڕاست لای ئەو نییە.

* ئەم ڕستەیە بۆ پیاوی درۆزن بەکار هاتووە.

23– بابی من کەت و مۆت.

جارێـك عـارەبێکی سـەر سـنووری گەرمیانـە، میـوانی کابرایـەکی کـوردی برادەری دەبێ، ئەویش نانێکی چاکی بۆ ئامادە دەکات، ئێوارە لەسەر نان خواردن کابرای کوردە دەکەوێتە ئاخاوتن و چۆنیەتی مردنی باوکی دەڵێت، باوکی خوالێخۆشبووم نەخۆش کەوت، زۆرمان خزمەت کرد، بەلاگێڕمان بۆ کرد، خوا نانی بڕی بوو، ئەنجام چووە جیهانی نەبوونیەوە، کوردە سەیری لەنگەری کرد، هیچی تێدا نەمابوو.

کابرای کوردە گوتی، ئەدی باوکی تۆ چۆن مرد؟

عارەبەکە تێگەیشت مەبەستی چییە؟ گوتی یا برایێ من ، بابی من کەت و مۆت، دوا پاری لێدا تەواوی کرد.

* ئەم پەندە وەڵامدانەوەیە کەلە مەبەستی قسەکەر بگات.

24- بارانە مەوارە، شیووشیو بڕۆن.

هەندێك لەکی خێلەکی باران نەیدەهێشت بارکەن، یەکێکیان دەڵێت ئێوە بارکەن من دەچم خوا دەغافڵێنم چەند قلە قەسپێك دەست دەداتێ، دەچێتە سەر گردێك دەڵێت بارانە مەوارە، شیوشیو وەڕۆن.

* ئەم پەندە بە کەسێکی زۆر سادە دەڵێن، بیەوێت فێڵ لە یەکێکی زۆر بەتوانا بکات.

25- بار- ماڵ - ی کوردی هەر لەسەر پشتی کەرێیە.

زۆر پێدەچێت مێژووی ئەم گۆتەیە بۆ سەردەمی کێشەی فورس و ڕۆم لەسەر خاکی کوردستان بێت، ئەم دوو نەتەوە دراوسێی کوردە، لە دوورە دەستی دەسەڵاتدارانی ئیسلام و بێهێزیان، هەموو بینەو بەردەیەکیان لەپێناو یەکگرتنەوەی گەلەکەیان و ڕزگار بوونیان بەلاوەنا، بەوەش نەوەستان کەوتنە داگیرکردنی خاکی کوردستان، هەر یەکەیان بەشێکی دابڕی لە بێهێزی کورد هەندێکیان مەزهەبی شیعەی هەڵبژارد، بەشێکی زۆریشیان بوون بە سوونە، ئەم سوونەو شیعەیە بۆ کورد نەخۆشییەکی کوشندە بوو، سەروسامانی کورد بەم نێوانە بەر تالآن دەکەوت، لەم تێڕودۆیە کورد هەر لە ڕاونان و تالآن کردن دابوو، یەکێك گۆتیتی: باری کوردی هەر لەسەر پشتی کەرێیە.

26– بالوولی بەغدایێ، ڕازی بوو بە کایی، بەرباشیان نەدایێ.

بالوول لە فۆلکلۆری کوردی برای هاروونە ڕەشیدە، زۆر بایەخی بەم جیهانە نەداوە، هەردەم بیری لەجیهانە هەرە بەرزەکە کردۆتەوە، بەشتی زۆر ڕازی بووە، لەبەر ئەوەی خراپەی نەکردووە، دەسەلاتی بەدەستەوە نەبووە، ئەوەندە بایەخیان پێنداوە، داواکارییەکانی جێبەجێ نەدەکران.

* ئەم پەندە بەکەسێکی ڕاست و خوایی دەگوترێ لەبەر نەبوونی دەسەلات بەدەستەوە گوێیێ پێنەدرێ.

27–ا– بەتەوە جوهەکی هەمووم لێخڕبوونەوە، بە بایەکی هەمووم لێڕەوینەوە.

ب– بەهووەك گرد، بە تڕەك بلاو.

دەلێن شێخ ... شارەکەی خۆی بە جێدەهێلێ، دێتە شارێکی دی، باوەڕی شێخایەتی خۆی بەناو دەروێش و خەلکەکە بلاو دەکردەوە، خەلکەکە بە هو، هو، دوای کەوت بوون. شێخ بە ئەزموونی دەروێشەکانی جارێك دووجار ئەو تەنگژەی لە سکیدابوو، نایهلێتەوە، دەروێشەکان بەتەواوی گوێبیست دەبن، چفتە چفت پەیدا دەبێ، وارە وارە خەلکەکە لێی سارد دەبنەوە، پشتی تێدەکەن.

شێخ دەلێت: بەتەوەجوهەکی...... .

* ئەم پەندە، کەسێکی زیرەك، بە کۆمەلێکی کەمزانی، چاولێکەر دەلێت.

28– بەخۆم ڕووس نیمە، هاگاشم لە زۆمێ نییە.

کوتار فرۆشێك لەم شوێن بۆ ئەو هەردە دەگەڕا، گەیشتە ناو هۆبە ڕەشمالێك، دیتی ژنێك لای سەرپەڕگە، چارۆگێکی بووزی دڕاوی لەخۆ لوولدا بوو.

کوتارفرۆش دەست دەکات بە: هۆی کوتاڵ، هۆی کوتاڵ، ژنەکەش لێك لێك مەشکە دەژینی.
کابرای کوتار فرۆش: ئەرێ خوشکم کوتاڵی ناکڕن؟
ژنەکە: بەخۆم ڕووس نیمە هاگاشم لەزۆمێ نییە.
* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن پێویستییەکی هەبێت، بایەخیشی پێنەدات، بیباتە سەر.

29- بەسەروەری بە پەروەری تەواویان نەکرد، جۆڕکی کەرێ.

هاوچەشنی چیرۆك و ناوەرۆکی ئەم پەندانە، لە دەقەکانیان دیار دەکەوێت، سەروەو پەروەر، هەردووکیان نیوەی یەکەم تەواو دەکەن، نیوەی دووەمی پەندەکە دروستکردنی جۆڕکی ئالیکی کەرێیە.
پەندبێژ دوو ئافرەت قیت دەکاتەوە، ئەگەر ژنێك بووایە دەبوو، لەبەر پشتە پەشتی ماڵەوە پێڕا نەدەگەیشت دەبوو، ئەوە دووانن، تەوەزەلی نەبێ، کارێکی سادەی زۆر ئاسانە پێیان تەواو نەکراوە.
* ئەم پەندە بە کەسانێکی نەکردەو بێتوانا و تەمبەڵ دەڵێن.

30- بەسمخڕێ و بە قوز خڕێ، کەلکی شکارتەکەیان بڕێ.

کابرایەکی دەشتەکی ، کچێك و جاشماکەرێکی هەبوو، شکارتەیەکی کردبوو، ساڵەکە هاتێکی باش بوو، زۆری ئومێد بەشکارتەکەبوو. کچەکەی دۆستێکی هەبوو، هەموو ڕۆژێ سواری جاشماکەری دەبوو، لەوێ تەوێکی لە شکارتەکە دەدا جاشماکەرێ. خۆیشی لەگەڵ کوڕە دۆستەکەی دەکەوتنە ڕابواردن، شکارتە ئەوی خورا، ئەوی لە بەر پێیان پانکراوە.

ڕۆژێك خاوەن شكارتە دەچێت سەردانی شكارتەكە بكات، دەبینی هەست دەكات، لە تەپلی سەری خۆی دەدات، خەڵكانێك لێی دەپرسن، ها خێرە؟

خاوەن شكارتە دەڵێت: بە سمخڕیۆ بە قوز خڕی كەلكی شكارتەكەیان بڕیۆ.

* ئەم پەندە بەكەسێك دەڵێن باشی بۆ هاتبیٚ، لەبەر بێباكی خۆی كەلكی لێنەبینێت.

31-بەشی لاوان، هەر بۆق خواردنە - پیشە -

شینە شاهۆ لەگەڵ كازیوەی بەیانی، جیهان ڕووناك بوو، دەچتە سەرداریٚكی بڵند، سێبەری خۆی دەبینێت، زۆر دڵی بەسێبەری بەژنو باڵای خۆ دەهێت، دەڵێت من ئەو گیانلەبەرە بم لەمڕۆوە چی دی ئەو خواردنانە لەمن ناوەشێتەوە و شایستەی من نینە. ڕۆژ بەرز دەبێتەوە، هەتا سێبەری دەكەوێتە ژێرە خۆی، برسیش دەبی، دێتە خواریٚ دەنیشیتەوە ناو زەلكاوی، دەڵێت بەشی لاوان هەر بۆق خواردنە.

* ئەم پەندە بەكەسێك دەگۆترێت بیهەویت لە پێستی خۆی دەربچێت بۆی نەچتە سەر لەتوانایدا نەبێت، بگەڕێتەوە بۆ سەر نەریتی باوی پێشووی.

32- ا- بەفێران ، بەفڕان ، سۆرێم لێستاند، لۆ كوڕان.

ب- برێنە پیرە ئامانیٚ هەر سیٚ مانگی زستانیٚ لاقم بردە عاسمانیٚ، گریمان بۆرە نە هاتەوە لە گاڕانیٚ.

پیرەمێردێكی بە ساڵا چوو هەبوو، ژنەكەی نەخۆش كەوت، چەند ڕۆژێك لەناو جێوبالینگانیدا مایەوە، چووە جیهانی نەبوونییەوە، كوڕێك و كچێكی

لەدوای بەجێما، چەنداوێکی پێچوو پیرە مێرد بای تێوەستا، باوەژنێکی تەلەکەبازی بۆ پەیدا کردن، باوەژن کوڕێکی لاوی لەمێردی بەرایی هەبوو، کوڕە لێی زویر بووبوو، وازی لەدایکە مێرد کەرەوەکەی هێنابوو. زڕدایکی ئۆینباز بۆ ئاشت بوونەوەی کوڕەکەی، خەباتەی ئەوە دەکات، ناسکەی زڕ کچە نازدارەکەی بداتە کوڕەکەی مێردی پێشووی، بنەوانێکی بۆ پەیدا بکات، خۆی لەبەرچاوی پیرەمێرد شیرین دەکات، بە ئارەزووی خۆی دەیخوێنـد، ڕۆژێك مەبەستەکەی لەمێردە گەیاند.

مێردە لاری نەنواند، ژنەکە زانی ئۆینەکەی سەری گرت، بەخۆی نەوەستا لە ڕووی مێردەکەی گووتی، بە فێران، بەفڕان، سۆرێم لێستاند لۆ کوڕان.

باوکی کچە کەزانی زڕ دایك هەلەیەکی زەقی پێکردووە، بایداوە گوتی، برێنە پیرە ئامانیٚ هەرسیٚ مانگی زستانیٚ، لنگم بردە عاسمانیٚ، گریمان بۆرە نەهاتەوە لە گاڕانیٚ.

33– بەکەفەری سپی نەگەڕاوە، بە دەسکە پووشان ناگەڕێتەوە.

دەڵێن مەلای مەشوور، کچێکی جوانی هەبوو، کچە دڵی کەوت بووە سەر کوڕێك، باوکە لەسەر دارێکی بە پەلك خۆی مات کردبوو، سایێدی کچەکەی دەکرد، کچەو کوڕە لاسایی گیانلەبەرانیان دەکردەوە، خۆیان کردبوو، بە جوانە ئەسپ و جوانە ماین، کوڕە غارغارێنی دەکرد کچە دەسکەپووشێکی بۆ ڕاگرت بوو، کوڕووش، کوڕووشی لێدەکرد.

باوکە لەسەر دارەکەوە بانگی کرد: بە کەفەریٚ سپی نەگەڕاوە، بەدەسکە پووشان ناگەڕێتەوە.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن، بەشتێکی کەم، کارێکی گەورە چارەسەر بکات.

34-(نەمیم) بەندكار كەرو جۆی لێك دەكا.

بەندكار- بەدكار- دەچێتە كن كەرێ دەڵێت، تۆ ئەوەندە بارەت لێبار دەكەن تۆ شایستەی ئالیكی برنجی، جۆ چیە ئالیكی تۆ بێ، دەچێتە لای جۆش دەڵێت، تۆ گەلە لەوە بەهادارتری ببیە ئالیكی كەرێ!

* ئەم پەندە بەكەسێك دەڵێن بەدكاری و نەمیمی بكات.

35- بزن تارەتی هەر ناگری!

ڕۆژێك كابرایەكی ڕاواندزی بزنێكی بەدیاری بۆ پاشای كوێرە دەبات، دەگاتە ڕوباری كاولۆكان دەیەوێت تارەت بە بزنەكە هەڵبگری، بزن لەئاوی دەهاتە دەر دەیپیڕاند، یەكێكی دەكێشا، پاشای كوێرە لە دوورەوە دەیبینێت دەڵێت: بزن تارەتی...! ئەم چیرۆكە خاوەنی بزنی نادیارە، پاشای كوێرە، ڕوباری كاولۆكان ئەدەبی میللییە. ئەم پەندە لە كوردستان بڵاوە، ئەم زارو ئەو زاری كردووە، كاكلەی فۆلكلۆرە، ڕووداوی وەك یەك پەندی نزیك لەواتا دروست دەكەن.

* ئەم پەندە بە كەسێك دەڵێن لەسەر یەك ڕێچكە نەڕوات زوو خۆ بگۆڕێت.

36- بزنێ پۆش ئەمن و تو خۆش، بزنی بەلەكار لەوێ بوو مردار، بزنی بەلەمس هەر لێی مەپرس.

دەشتەكییەك سێ بزنی بەنوەكاری دابووە ناسراوێكی، نەبوونی ئەگەر بەسەریدا زاڵ نەبی زۆر شتت پێدەكات، پاش چەند ساڵێك خاوەن بزن دەچێت بۆ لێپرسینەوەو بەراودكاری.نیوەكارەكە دەڵێت: بزنی پۆش ئەمن و تۆ خۆش، بزنی بەلەكار لەوی بوو مردار...

* ئــەم پەنــدە، کەســێك دەیلێــت لەبــەر نــەبوونی، خــواردبی، ئــەنجامی بەهیچەبێت.

37- بشفڕی هەر بزنە.

دەگێڕنەوە دوو هاوڕێ بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشتن، تارماییەك لەدوورەوە بەدی دەکەن، ڕەش دەچوو، یەکێکیان گۆتی ئەوە بزنە، ئەوی تریان گوتی نا قەلە ئەوی تر هەر سوور بوو دەیگوت بزنە، نزیك بوونە قەلە فڕی، برادەرەکە گوتی: بشفڕی هەر بزنە.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن پێلەکە لەسەر هەلە بکات.

27- بووە فشەی بنەسراوەی.

نزیکی لە شاری هەولێر، گچکەیی گوندەکە، نەبوونی ئاغەو کێخوا، نەبوونی دیوەخان، تێکەڵاوی لەگەڵ شار، نەشاری بوون، نەگوندی بوون، کەشاییەك دەبوو، نەریتی باو تەواو نەبوو، هەر کەسەو بۆ خۆی دەستی چەند برادەرێکی دەگرت هەڵدەپەڕی خەڵکەکە ئەمەیان بە شتێکی سەیر دەزانی، چونکە لەسەر ڕێوشوێنی کوردانە نەبوون ئەنجامی کارەکەیان فشەبوو، بۆیە دەڵێن، بووە فشەی بنەسراوەی

* ئەم پەندە بەکارێك دەگۆترێت بە نابەجێی بکرێت.

38- بووە نووشتی قەشەی!

منداڵە موسڵمانێك هەموو شەو فێر بوو بوو میزی لە بنەخۆی دەکرد، بڕمیزبوو، دایکی چەند نووشتەی لای مەلا بۆ کرد، سوودی نەبوو، منداڵەکەی چاك نەبووەوە.

ڕۆژێك دایکی لە عەبدەیییان چووە لای مام قەشەی ، نووشتەیەکی بۆ کرد، ئەم شەوە لەجیاتی میز خۆی پیس کرد.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن بیەوێت، کارێکی باش بکات خراپتری بەسەر بێت.

39- ا – بووکێ پێ لە ڕکێیێ، نازانی نسیبت بۆ کێ؟!
ب – بووك لەسەر زینی ، یا ڕسق و یا نسیب.

خۆشەویستی سنوری نییە، هەژاری و پایە، نابیتە کۆسپ، دەڵێن لەم سەرەوەی هەولێرە لە دێیەك کوڕە هەژارێك هەبوو، ئەوی خودا دابوویە خەڵکی ئەو نەیبوو، دڵی کچێکی دەوڵەمەندی گرت بوو، کچەش خولیای خۆشەویسی وی کەوتبووە سەر.

ساڵ هات و ساڵ چوو، کچە داخوازی دەهات، پەڵپی دەگرت شووی نەدەکرد، بەهیوای ئەوەی خوا دەروازەیەکیان بۆ بکاتەوە، ڕۆژێك لەخۆ بێزاربوو، ڕاسپێرێکی نارده لای کوڕە یان بمخوازی یان وازم لێبینی، کوڕە وەڵامی بۆ ناردەوە: بەخۆی دەزانی ماڵە نییەتم، خوشکە نیتم، خودا بە خەڵکی داوە، بەمنی نەداوە، نیتم، بە ئارەزووی خۆی بکات.

کچە ئەو جارە داخوازیکەری هات، دڵخۆشی خۆی نیشاندا، بە دەسگیران کرا، چوون بۆ جلکان، کەلوپەلی بووکینێ بۆ کڕا، ڕۆژی دوو شەممە داندرا بۆ گواستنەوەی بووکێ. جاران جوولەکە سەری وڵاغی بووکیان ڕادەکێشا، بەم دواییە کەسێك لەخزم و خۆیشانی زاوا شەرمی بەخۆ نەبوایە، یا پیاوێك بڕکۆکەك سادەو بێباك بووایە.

شەوی پێش گواستنەوە، کوڕە ئارامی لێ هەڵگیرا خۆی گەیاندە خدرۆکە جووی گووتی: تکات لێدەکەم لە ڕێگا خۆت نەخۆش بێخە، من لە جیاتی تۆ

سەری ولاخی بوکیٚ ڕادەکێشم، ئەتو لەجێی من سواری کەرە دێزەی بە، ئەتو هەر لەسەر بەخشیشی خۆت بە.

کچە بۆ بەیانی ئارایش کرا، زۆر جوان ڕازایەوە، سواری جوانە ماینیٚ شیٚ کرا، جووە چوو سەری ڕاکێشا، لەگوندی دەرچوون، سوار سوارانیٚ دەستی پێکرد، لەشوێنی نیشانەکراو جووە خۆی لەخۆ برد، یان خۆی هێنا مەلاییٚ.

گۆتە گوٚت پەیدابوو، کیٚ سەری بووکی ڕابکێشیٚ؟ جووە بە کوڕەی کۆنە دۆستی بووکێی گۆت تو سەری ڕابکێشە، کوڕە ئامادەبوونی خۆی نیشاندا، جووەو کوڕە ئاڵوگۆڕیان کرد، هاتن گەینە ڕاستی خاروان و ڕەشوانیٚ دەستی لەبنا گوێنا ئەم حەیرانەی خوارەوەی گۆت:

حەیران... سبەینە، سبەینە سارە.

لەسەرو پەرچەمیٚ نازدار حەیرانیٚ کەتییە هووردە خوسارە.

کاکلاغەی گەردی دەستم ناتگاتیٚ، سەیدە حمەدی مار لە ڕەشوانیٚ هاوارە.

سەید حمەدی ڕەشوانیٚ لەدیوەخانیٚ دانیشت بوو گوتی: کوڕینە سواری ئەسپان بن، ئەو هاوارە بۆ من بوو، سەیدە حمەد چووە بەرا سواران گوتی: کیٚ بوو پێش ماوەیەك ئەو حەیرانەی گوت، هێنایان و بردیان، گۆتیان: ڕاستییەکەی ئەو کوڕە هەژارەیە، سەری بووکیٚ ڕادەکێشی، سەید ئەحمەد کوڕەی جوداکردەوە، کوڕە بەنهێنی هەموو شتی تێگەیاند.

سەید حمەد ڕووی لە خەڵکەکە کرد، دەبیٚ قاوەیەك لەدیوەخانی من بخۆنەوە، هەرچەندی خۆیان بادا، درەنگە، چاوەنواڕن، خێردادی نەدا، خورتی لێکردن، چارە نەما بەربووك و بووکیان بردە ماڵی سەیدە حمەدی، بەقاوەچی گۆت برەك خۆ دوابێخە، سوارێکی بەدزی ناردە دوای زاوای، زاوا هات بردیانە ماڵی.

سەیدە حمەد چوو بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکرد گوتی: ڕۆڵە ئەو کچەی توخوازبینیت کردووە، کاتی خۆی دڵی بە یەکێکی تر داوە، بە کەلکە تو نایی، بەکەڵکی ئەو کەسە دێت دڵی پێداوە، ئەو کیژانەش دانیشتوون، کیژی گوندینە، کامیانت بە دڵە؟ لێت مارە دەکەم، بەرگی بووکینی لەبەر دەکەین، منیش نەختەکەی دەدەم.

کوڕە دوای گەیشتە ئەنجام یەکێکیانی لێ هەڵبژارد، سەیدە حمەد لەدوای مەلای گوندیو باوکی کچەی نارد، هەموو شتێکی جێبەجێ کرد، بەرگی کچەیان لەبەر بووکی کرد، بەرگی بووکیشیان لەبەر کچە، بووکی نوێ کرد، ئەو گۆڕانکارییە کراوە تاکولۆك ئاگادار کرابوون. ئێوارە سەیدە حمەد کوڕەی نارده پاڵ خۆشەویستەکەی، ژێر پەردەوە، بەیانی کردیە ڕەنجبەری یەکێك لە ئاوایی، ئەوەیە بووك لەسەر زینی یا ڕسقو نسیب.
سەردەمی سەرمایە ئەو جۆرە نەریتانەی گومە شێر کرد.

40- بووکی ساریێ، گۆلکی ساریێ ، بزربوون ، لە شاری هەریری.

کابرایەکی هەریری لەکاتی خانزادی سۆراندا، کیژێکی تازە پێگەیشتی ژیکەلەی زۆرجوانی لادێی شەرمنی بۆ کوڕە تاقانەکەی خواستو گواستەوە.

ڕۆژێك گۆلکێکیان هەبوو، بەردەبێت، بووکە بەدوای دەکەوێت ژنە دەگەڕێتەوە بەماڵ ناکەوێتەوە، لەم ڕۆژەوە بووە بە گۆتەیەك، دەڵێن بووکی ساریێ، گۆلکی ساریێ، بزربوون..... بووکی تازەی شەرمین، ژیانیان گۆڕانی بەسەردا دێت، زوو لێیان تێکدەچێت، گۆلکیش بەربێت، بای لەگوێ بدات، ڕاست چۆلی بەغار دەگرێتەبەر، تاهێزو توانای تێدابێت، هەر ڕادەکات، تا پەکی دەکەوێت، چارەی نامینێت ڕەق ڕادەوەستێت.

* ئـەم پەنـدە ئاماژەێیکـە بـۆ ئـاوەدانی شـاری هـەریر و بەمەبەسـتی نەشارەزایی دێت.

41-بـووکی مـام وەسمـانی، بـە ڕۆژ دەچـتە کـۆرانی، بەشـەو دەچـتە قەزوانی.

ڕووداوی ئـەم چـیرۆکە، لـە چـۆنیەتی داڕشـتنی پەندەکـەو دیـاریکردنی کەسایەتییەکان بە دەر دەکەوێت.

مام وەسمان و بووکی مام وەسمان زاڵن بەسەر دەربڕینی پەندەکە، پەندەکەش لەسەر کارنەکردن، کاری ناڕەوا لەشوێنی خۆی نەبی، مـام وەسمـان نازانرێ کێیە، بۆیە بەر فۆلکلۆر دەکەوێت.

42- بوویتە گورگی کەنعانی.

ڕووداوی ئەم چیرۆكو پەنـدە بـۆ کارەسـاتەکەی یـەعقوبی کـوڕی ئیـسحاقی کـوڕی حـەزرەتی ئیبراهیم دەگەڕێتـەوە، یـەعقووب دوو ژنـی هێنـابوو، لـە ژنـی گەورەی (10)کوڕی هەبوو، لە ژنی گچکەی یوسف و بنیامینی هەبوو، یوسف لەمنداڵییەوە زۆر زیرەك و چالاك بوو، باوکی زۆری خۆشدەویست.

یوسف منداڵ دەبێت، شەوێك خـەونی - رایت احد عشر کوکبا..... دەبینێت باوکی پێی گوت ئەو خەونەی بۆ کەس مەگێڕەوە.

یوسـف هـات بـووە مێـر منـداڵ، زڕ براکـانی زۆر لێـی داخـدار بـوون، ڕۆژێـك گوتیانە باوکی یوسفی برامان لەگەڵ خۆمان هەر دەبەینە ڕاوێ، ئەویش بەسەر زاری داهـات، گـوتی: گـورگ دەیخـوات، قـسەکەی لـەزار دەرچـوو، پەشـێمان بـووەوە، لێـی بوونـە مـوی شـەیتانێ بردیـان، دووریـان خـستەوە، ویـستیان بیکوژن، برایەکیان گوتی مەیکوژن، بیهاوێنە ئەو کۆنە بیرە، لەو چۆڵەوانییە دەمرێت، فڕێیـان دا نـاو بیرەکە، گەڕانـەوە، کارەسـاتیان بـەم شێوە بۆ باوکیـان

گێڕایەوە: ئێمە ڕاومان دابەستی، ئاگامان لەخۆ نەما، گەڕاینەوە، گورگ یوسفی خواردبوو! !

یەعقوب ئەوەندە دڵگیر بوو، لەداخان هەردوو چاوی کوێر بوو، لەدوای گورگی دەڤەری کەنعانی نارد، هەموو سوێندیان خوارد، گووتیان ئێمە نەمان خواردووە، حەفت ساڵان گۆشت خواردنیان لەخۆ قەدەغە کرد، تا یوسف گەڕایەوە، باوکی شادبووەوە، باوکی چاوی چاك بووەوە، گورگی کەنعانیش تامەزرۆیان شکاند.

* ئەم پەندە بۆ کەسێك بەکاردێت، خراپەیەکی نەکردبێ بە زۆری بە ملی دابدەن، لەبەر ئەمە گۆ شیری لە شتەکە بکات.

43- ا – پاشام شێرەك لە بێشەی غەزرییە.

ب- پاشام قەل بەلا سمێرت ڕیاوە.

ج- هەی ناشوونەوار!

ئێوارەیەك پاش نان خواردن، پاشای شار لە کۆڕی جوامێران، بێخوکاو دەدوا، دنکە برنجێکی بە لاڕیشەوە، سمێلەوە بوو، سەرنجی کوڕەکەی ڕاکێشابوو. میوانێك لە دیوەخانەکە دانیشت بوو، بلیمەتانە گوتی پاشام شێرەك لە بێشەی غەزرییە. پاشا لەسەرەخۆ دەستی بە سمێڵو ڕیشەکەی داهێنا، لایبرد، پاش چەنداوێك میوان هەڵسا ڕۆیشت، پاشا گوتی: سەیرکەن ئەو میوانە چەند دانابوو، ئێوە هیچتان ئاماژەتان بۆ نەکردم، تا دنکە برنجەکە لابەرم.

یەکێك: پاشام ئەمجارە سەیری خولامی خۆت بکە، شەوێك و دووان، پاشا لا سمێڵی چەور دەبێ، کابرای خۆ هەڵکێش دەڵێت: پاشام قەل بە سمێڵت ڕیاوە

پاشا: هەی ناشوونەوار.

44- پەڕی دەرکرد!

دەگێڕنەوە لە ڕۆژگارێکی زۆر کون، پیرێژنێکی پەککەوتە هەبوو، پیرێژن بە شیوی هەینی و یارمەتی ئاوایی دەژیا، چەند مریشکێکی ڕاگرت بوو، بۆ خۆی سێبوری پێدەهاتن، کابرایەکی بەدفەڕی ئاوایی بە مریشکەکانی فێربوو، تاقی لێبڕین، ئەویش پەڕی دەرکرد.

45-ا- پڕ دەبێتەوە جێی خەنجەران، پڕ نابێتەوە جێی کەسران.
ب-گشت برینەك دەرمانی هەیە، برینی زمانی دەردێکی بێدەرمانە.

دەڵێن کابرایەکی هەژار، لەخۆ بێزار، دەچتە دارستانێك، دەشزانی شێرێکی لێیە هەرچی بچیتە وێ دەیکوژیت. شێرەکە چاوی پێدەکەوێت سکی پێدە سووتێت، ماوەی دەدات سەرفیراز بێت لەدارستانەکەی.
کابرا هەموو ڕۆژ خێرو بێری دارستانەکەی دەبردە شارو بەیانی دەگەڕایەوە، وای لێدێ، دەوڵەمەند دەبێ، لە پێستی خۆی دەردەچێت.
ڕۆژێك کابرا لەگەڵ شێرە برادەرەکەی لەتەك یەکتر دەنوون، کابرا دەڵێتە شێرەکە دەمت لابە، بۆنێکی ناخۆشت لە دەمی دێت، شێرەکە زۆر توورە دەبێت زۆری لێ دەکات، تەورێکی لە تەپلی سەری بدات، کابرا بیانو

دەهێنێتەوە چارەی نامینێت تەورێکی لە تەپلی سەری دەدات، مانگێك و دوان شێرەکە لاکە لاکەی لێوە دێت چاکەبێتەوە، دێتە لای پیاوەکە.
کابرا دەڵێت هاکاکە چۆنی؟!
شێرەکە دەڵێت پڕدەبێتەوە جێی خەنجەران، پڕنابێتەوە...........
* ئەم پەندە بە کەسێکی هەژار دەگۆترێت، لەسایەی یەکێکی تر دەستی بڕوات نەیهێنێ.

46-پیاو خوانانەکی دایێ، دەبێ بزانی بیخوا.

دەگێڕنەوە دەڵێن: کابرایەکی دەوڵەمەندی ئەو گەرمیانە، پیرە دایکێکی کتوکوێری هەبوو، لە ژوورێك بەتاقی تەنیا دەژیا.
شەوێك دایکە لە پشت سەری گوێی لە تەپەتەپێك بوو، خۆی کڕکرد، دزە شەبەقەیەکی لە ژوورەکە کردەوە، دزە لە سەرەخۆ خشی بێتە ژوورەوە، پێرێژن پڕی دایی جەمەدانی توندگرت، هاواری کرد، کوڕینە بمگەنێ،خاوخێزان لە سەری خڕبوونەوە دزەیان لە چوارمێخە کێشا، بەتەواوی بەرزەفتیان کرد، بە نهێنی ئاگاداری بەوکیان کرد.
باوکە چاوی بەدزەکەوت گوتی: ئەوە برادەرمە، دزنییە، وازی بە ئێوە کردووە، بەر بدەن بەڕێزەوە دزەی بەڕێ کرد.
منداڵەکان گوتیانە باوکیان، ئەوە بۆ واتکرد؟ باوکە گوتی ڕۆڵەکانم ئەگەر ئەمە دز بووایە بە پیرژنە کوێرەیەك نەدەگیرا، پیاو ئەگەر خوانانێکی دایێ دەبێ بزانێ بخوا.

47- پیرو تەما کۆ ڕیشی کردم زەرد، ئەو یارەی دەمبرد بن برد و بن بەرد، ئێستا دەکۆکم دەڵێ قوزەڵقورت و دەرد.

کوڕیکی ئەو بەری ولاّتی کەرکووکە، زۆر کۆك و لێهاتووبوو، کیژ و کاڵی شوان و شێخ بزێنی ناوبانگیان بیست بوو، ناوکیان پسابوو بۆی، ناوی بووبووە ویردی سەر زاری نازداران، شەو بەئاوەتیەوە چاویان دەچووە خەو. کچێکی نزیکی بەزەردەخەنەو نازوگۆزو چاوچاوکێ، کوڕەی سەوداکر، خۆشەویستی لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت کچە لەترسی بەدکاران پێناوی هەردەم لەڕێدابوو، تاکوڕە خوازبینی کرد و گواستیەوە.

کوڕە هات بە ناو ساڵ کەوت لە لایەك حەوکەحەوکی ماڵداری، لایەك تەمەن پەکیان خست، تووشی کۆکە هات بوو، ژنە جارجارە دڵی دەشکاند، ژنەکەی لەسەرخۆتربوو.

پیرەمێردی جیهاندیدە دەڵێت: پیری و تەماکۆ ڕیشی کردم زەرد، ئەویارەی دەمبرد... ئەم ڕووداوە دەتوانی دوو واتای گەورەی لێهەل بکرێنی:

یەکیان: پیاو ئەگەر پەکی کەوت، بێوەفایی ژنە، دووەمیان ڕەشبینی پیرەمیردی سەرداری ماڵە بێئومێدی نیشان دەدات.

48–ا– تەماع بێتە گۆڕێ ، برای برای ناناسی.

ب–تەماع بێتە گۆڕێ ، گوجیلەی کوریتەکی یەکدی ناناسن.

ڕۆژێك هاروونە ڕەشیدو بالوولی برای لە تەنگەبەری کۆلاّنێکدا تێپەڕین، چاویان بەسێ گوجیلە سەگ کەوت، بە ئارامیو دڵنیایی سەریان بە یەکدی کردبوو.

هاروونە ڕەشید: ئەم گوجیلانە چەند تەباو ڕێکن؟

بالوول: هیچ تەماعو بەرژەوەندییەکیان لەنێواندا نییە.

بالوول: دەنێرێت پارچە گۆشتێکیان لۆ دێت، داوێتە بەر گوجیلان، دەبێتە شەڕە گوجیلە هەتا یەکتریان کەلموکلووم کرد.

* ئـەم پەنـدە بـۆ کەسـانێکی ئـارام بـەکاردێت، تـەماعێکیان بکەوێتـە نێـوان، لێکڕاست بین، زیان بەیەکتر بگەێنن.

49–وای لە سوڕی مالمی.

ب– یا لە ڕێیە، یا لەجێیە، یا قەزیەتەی لێیە.

ژنە جووێك ماوەیەك بوو، مێردەکەی بۆ ماڵداری چوو بوو، نەگڕابووەوە، ژنە دەچێتە لای مالمی، بەڵکو سەرو سۆراغێکی بۆ بکات.

ژنە بە قوربانی سوڕی مالمی بم، دەبیٚ مێردەکەم مابیٚ؟

مالم پاش بیرکردنەوەیەکی کەم دەڵێت: یا لـە ڕێیـە؟ یا لـە جێیـە؟ یـا قەزیـەتـەی لێیە؟

ژنەکە لە خۆشیان، گوتی: بە قوربانی سوڕی مالمی بم ، وای لە سوڕی مالمی.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن بەکەسی بەرامبەریا بڕوای هەبی.

50– تفەنگی وی خالی، بەس دری من وە ناریٚ.

ڕۆژێـك کابرایـەکی کـوردو یـەکی عـەرەب، لێـك ڕاسـت دێـن و تێـك دەگیرێـن، کوردەکـە دەسـت دەداتـە تفـەنگی، دەسـت دەخاتـە سـەر پەلاپیتکـەو لوولـەی ماهوزەڕی تێـدەکات، کـابرای قـوڕ بەسـەرجیٚ نـامێنیٚ خـۆتینیٚ! یـەك دوو نـاو بڕیکـەر دەگـەنیٚ بـەکابرا دەڵـێن: ئـەتو بـۆ زراوت چـوو، خـۆ فیـشەك چییە پێـی نییە، ترساو دەڵێت: تفەنگی وی خالی، بەس دریٚ من قرار ناگری.

51–جارەکیش برین بەهی دایکـە نەخۆشـە، لـە بەرچـم نییـە، سـەرودرم پێی خۆشە.

لەمەزنە گوندێکی ئەو کرمانجەتییە، داپیرەیەکی نەخۆش هەبوو، هەر نکە نکی بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبنسا، ماڵیان بو لێپرسینی چۆل نەدەبوو.
کێشتەنگاوێك بۆ سەردانی، کۆمەڵە کیژوکاڵێکی ئاوایی هات بوونە لای دایکە نەخۆشە دانیشتن، سەریان لەبەر سەری یەك نابوو پێدەکەنین.
دایکە نەخۆشە، لەسەرتان گەڕێم ، ئەوە بە چ پێدەکنین.
کچێکی تەوقەیان لەگەڵ دابوو، گوتی، داپیرە سەیری نێرەکەری دێزە بکە، چەند بێشەرمانە مارکاوکاولەکەی لە بنی سکی دەدات، هەر کەسە دەڵێت بەهەسانەکەی توو.
دایکە نەخۆشە: جارەکیش بڵێن بەهی دایکە نەخۆشە، لەبەر چیم نییە........

52- جاریٚ ئەو کوڕەی گەورە بکە.

لەم کوردەوارییە، جاران لەبەر پرکاری، بووکی ساڵی جەژنان باوە خوون دەکرایەوە. پیرەمێردێکی بەو ساڵاچوو، لەگەڵ بووکەکەی هەر یەکە سواری گوێدرێژێك ببوون بۆ باوەخوون دەچوون، لە ڕێگا لەسەر کانییەك دادەبەزن، پشووێك بدەن، بووکە باری گران دەبی، بایەکی لێبەر دەبی، بووکە لەشەرمان هەر ئەوەتە بەسك(زگ) نادات، خەزوورەکەی زوو دەڵێت: کچم خوا باشی هێنا کوڕەکت دەبی، بووکە لە خۆشی کوڕی گەشایەوە، بووکە مامە یەکێکی تریش بکەم !
خەزوورەکە: جاری ئەو کوڕەی گەورە بکە.

53- جریو جریو.

کابرایەك کۆمەڵە ڕەشوێرەیەك دەگرێت، بە نییەتی چەقۆ هەموویان سەر هەڵدەکێشیت، دەچتە لای مەلای دەڵێت حەرامە.

کابرا: مامۆستا جورکەکم بۆ ئێوە نارد.

مەلا: ها حەڵاڵە لام وابوو گۆتویانە وریو جریو.

54- جیٚ سمی کەریٚیە، خەسرەتی ئەسمە ریٚیە.

دەگێڕنـەوە لەسـەردەمێکی زۆر زوو، پیرێـژنێکی کـارکردەی ئۆینبـاز، ژنێکـی بۆ کوڕە تاقانەکەی خواست.

پیرێژنـەی خەسـوو، دایکـی کوڕە، مـاوەی بـووکێی نـەدەدا دەسـت بـۆ چ ببـات، نەمرو نەژین دەژیا، ماوەی بووکێی نەدەدا بە ئارەزووی خۆی تێر بخوات.

پیرێژن زۆر دڵی بەماڵەوە بوو، ڕۆژێك خەسوو دەچێتە جێیەك، ژوورەکە سواق دەدات، تا دێتەوە دەرگای پێوە دەدات. بووکە دڵی دەچێتە ناو سێری، سواریٚ کەرەکەیان دەبێت، دەچێتە ژوورەکە چەند چەنگێك ئارد دەهێنیٚ.

پیرێــژن دێتــەوە ســەیر دەکــات، کــەر چــوویتە ژوورەوە، کەنــدوو ئــاردی لێدەرهاتووە دەڵێت: جیٚ سمیٚ کەریٚیە، خەسرەتی ئەسمەریٚیە.

55- چاوت بە چاوی زەرەری دەچوو!

کابرایـەکی لادێیـی چـەند مـەڕێك دەکڕێـت بـۆ فرۆشـتنەوەو قـازانج لێکـردن، ڕۆژێـك دەگەڕێتـەوە دەبینێـت، مـەڕە باشـەکەیان مـردار بوویتـەوە، لـەدەورەی دەسووڕیٚ، خەفەتی لێدەخوات، خۆی پێناگیرێت، لەقەیەکی لێدەدات دەڵێت: چاوت بە چاوی زەرەریٚ دەچوو!

* ئـەم پەنـدە کەسـێك دەیڵێـت، ئومێـدێکی زۆری بـە شـتێك بێـت کەچـی ئەنجامی بە پێچەوانە خراپ بێت.

56–چمان بەچاوی خۆ نەدیتیە، چی چاکیشمان گویٚ لیٚنەبووە، پیاو شکی خۆی بەیەقینی خەڵکی نەدات.

دەڵیٚن سالیٚك ئەو دەشتی هەولیٚرە نەهاتن دەبیٚت، خاوەن وڵساتەکان ڕوو دەکەنە ئەو کیٚستانە، چەنداویٚك دەمیٚننەوە لەگەڵ بەرە بابیٚکی ئەویٚ ناکۆکیان لیٚپەیدا دەبیت. شەویٚك لەنەدیویٚکا زەلامیٚکیان لیٚدەکوژریٚت، خەڵکەکە هەموو لەسەر گۆڕستان کۆدەبنەوە، چفتە چفت پەیدا دەبیٚت.

پیاویٚکی سەرڕاستی کویٚستان بەویدا تیٚدەبەڕیٚت، بەخاوەن مردووەکان دەڵیٚت: چمان بە چاوی خۆ نەدیتیە، چی چاکیشمان گویٚ لیٚنەبووە........ .

* ئەم پەندە بۆ سووربوون و ئاشکرابوونی کاریٚك بەکاردیٚت.

57–چوویتە ماریٚ خاری.

کابرایەکی لادیٚیی کوڕیٚکی هەرزەکاری ملهوڕی دەبیٚت، باوکی گەلیٚك جار بەدایکی دەگۆت حورمیٚ خۆت لادە، باتووشت نەبیٚ.

پایز هات، بەخۆ کەوتن، ژنیٚکی نازداریان بۆ داخوازکرد، بۆیان گواستەوە، ڕۆژەك و دووان کوڕە شنگ و وزەی لیٚبڕا، ئەوەندە بنساو بیٚعدووربوو، باوکە بیری کردەوە، ماوەیەکی لەماڵ دووربخاتەوە گوتی کوڕم: سیٚ چوار ڕۆژان بە سەردان هەڕو سەردانیٚکی ماڵی خاڵت بکە.

کوڕە ماوەیەك دوورکەوتەوە، گەڕاوە، هاتەوە سەرەخۆ، دیسان ملی لیٚکوشی زەبوون بووەوە، کوڕە، باوکە نەچمە ماڵی خاڵم؟

باوکە گوتی: ڕۆڵە ئاگاداری خۆت بە، ئەوەندە ماڵی خاڵت دەرنایینی.

دەڵیٚن هاویٚنی بەرانیٚکیان هەبوو زۆر پەڕی بوو کوڕە گووت بووی باوکە: با بچتە ماڵی خاڵی.

58- چرای هەرکە، سووی تێماوە.

کابرایەکی دەشتەکی شکارتەیەك دەکات، دەڵێت، پیداوری گۆچان کەسك، هیمەتێکی لای خوا بکە لەگەڵم هاوبەش بە سالْ ڕوو دەکاتە هاتیْ، گەنم دەدرویْتەوەو ڕەوسە دەکەویْتە گۆڕیْ ڕەوسە چ! ڕەوسە، تەماع گیر دەبیْت و دەڵێت: پێداورە ئەتۆ شوو وەردت لەگەڵ بڕیوم یارمەتی تۆ دانت داوم، دوورنەت لەگەڵ کردووم، ئاخر لۆ شەریك بی؟ بەخوا دنێکێکت نادەمیْ هێوارە گەوارەیەکی داهێنا، بروسك دەڤەرەکەی ڕووناك کردەوە، ڕەوسە بوو بە ئاومارك کە برووسکی دەدا، خاوەن مالْ، ڕەوسە، دەیگوت: هەڵکە، سووی تێماوە.

59- حەسەنم گەورە کرد بە کەڕولاری، حوسێنم گەورە کرد بە کەڕولاری، بە زمانت هێنام بەزەبری هەوێداری.

دەڵێن پێغەمبەر(د.خ) فاتیمەی کچی دەداتە ئیمام عەلی پێی دەڵێت کچم لە قسەی دەرنەچی، بێدلی مەکە، لەبەردەمی ڕاست مەبەوە، بەبەردەمی ڕامەچوو، ئەرکی ژنایەتی چییە کەمتەرخەمی لێمەکە.

فاتمە قسەی باوکی لە گوێگرت، واتە پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی باوکی کرد، ئیمام عەلی بەکەمدووی دەزانی.

ڕۆژێك ئیمام عەلی دەڵێت: پیرێژن ئەوا تۆ بەناو سالْ کەوتووی ئەرکی ژن و مێردایەتی بەتۆ جێبەجیْ ناکرێت، ئەگەر ماوەم بدەی دەمەویْ خۆم نویْ بکەمەوە.

فاتیمە دەڵێت: حەسەنم گەورە کرد بە کەڕولاری حوسێنم گەورە کرد بە کەڕولاری...... .

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن بەندکارکی زۆر درێژ بکات.

60- حەمەد عەیشیێ، دەستی شکایە، ئاغەی چ بەرایە؟!

حەمــەد عەیــشیێ، ســەرکاری پاشــای بــوو، لەســەر دیــواری بەردەبیتــەوە دەستێکی دەشکیێ، ئاغەی پاشای چاوی پێدەکەوێت لەخۆ دەچێت.

خدرۆکە جوو دەڵێت: حەمەد عەیشیێ دەستی شکایە، ئاغەی.... .

بە بۆ چوونی من ئەگەر بەم شێوە بیێ دەبیتە ئەدەبی میللی، بەڵام ئەم گۆتەیە لەم پەندە وەرگیراوە: زای زایە، ئەستەویری چ بەرایە؟!

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن لەخوتو خۆڕایی کارەساتێك پەیوەندی بەویوە نەبی خۆی پێوە پەستو دڵگیر بکات.

61-حەیران لە تەمتەمبەکونی، نە ئەمە کرمانجین و نە ئەتو مەزنی، تارماییەکی لەبەرچاوی دوژمنی.

دوو بەرە باوك لەو گوندە دەژیان، کوشتارێکی زۆریان لە یەکتر کرد، بەرە باوکێکیان سەرۆکەکانیان کوژرابوون یەکێکی ئاسییان کردە سەرۆك، ڕۆژێك لەگەڵ کۆمەڵە سوارێك بەلای پیرێژنێکی زیرەکی لەخۆیاندا تێپەڕین پیرێژنە گوتی: حەیران لە تەمتەمبە کونی....... .

* ئـەم پەنــدە بــە کەســێك دەگۆترێــت کاروبــارێکی درابێتــە دەســت لێــی نەوەشێتەوە لە ناچاری بوو بێتی، یان ئەم شوێنەی گرتبێتەوە.

62- حەمەدە ڕووت سەر قەڵەمدارە.

ســەردەمێك ســوڵتانەکانی ئەســتەنبۆڵ، ســولەیمانی قــانوونی و...، ڕوویــان دابــووە چــاکەکردن، دانیــشتوانی قەلــەمڕەو ئاســوودە کــردن، لــەناو

دامودەسگا(دامودەزگا)کانی وڵات پیاوی بەتواناو لێهاتوو شوێنی پێی خۆیان کردەوەو نرخ و ڕیزیان لێندرا.

پاش ئەم یەکدوو سوڵتانە شازادەکان ڕوویان کردەوە خراپەو خراپەکاری پیاوی باش و تێگەیشتوو دەربەدەر کران لەشوێنی ئەوان پیاوی دوو ڕوو، تەڵەکەبازو پیسۆو بێکەڵك سەریان قوتکردەوە، ئەم کردارە ناڕەوایانە گشت ژێر دەستەکان- موسلمانەکان-ی گرتەوە لەوانە دامودەسگاکانی کوردستانیشی گرتەوە.

لەم کوردستانە پیاوێك هەبوو، ناوی حەمەدە ڕووت بوو، بەڕاستی ناوەکەی خۆی لێدەوەشاوە، لەم لێشێوانەی سەلتەنەتی عوسمانی ئەویش یەکێك بوو لەوانەی توانی کەلك وەربگرێ و خۆ بباتە پێش، بوو بە قەڵەمدار، دوایی بوو بەسەر قەڵەمدار دەسەلاتی گشت دەوروبەرەکەی گرتەوە، وای لێهات نۆکی بە نۆپاران نەدەخوارد، کەسی لەژوور خۆی نەدەزانی.

ڕۆژێك پیاوێکی گەورەو لێوەشاوە دەمرێت، هەموو دانیشتوانی شار چوو بوون لەوانە حەمەدە ڕووتیش بەشداری چوونە سەر گۆڕستانی کردبوو، حەمەدە ڕووت هەر چواری لای گیرابوو، کەسانێکی زۆر دەست لەسەر دەستان وەستابوون، هەر جارەی لای لە یەکێك دەکردەوە.

تەرمەکەیان خستە ناو بیرازەی گۆڕەکەوە، خۆڵیان بەسەردا کرد، مامۆستا تەلقینی دا، ئینجا دواجار فاتیحە خوێندرا.

مامۆستا داوای لە حەمەدە ڕووت کرد، بابگەڕێینەوە، حەمەدە ڕووت گووتی:

مامۆستا شتێك مابوو لەم مردووە بگەینێ بۆ لەم مردووەت نەگەیاند؟

مامۆستا : ئەوی شەرع بفەرمووێ – بەگ – گشتم جێبەجێ کرد.

حەمەدە ڕووت: شتێك مابوو بیلێیت!

مامۆستا: بفەرموو – بەگ – چی بوو؟

حەمــەدە ڕووت: بــەم مــردووەت نــەگۆت، بــە مردووەكــانی پــێش خــۆی بڵــێ ئەوەندەیان چاو لە دنیایی نەبێ، حەمەدە ڕووت سەر قەلمدارە.

63.خەپەم تەڕە مەیتراشە، خزمان گۆتیان زۆر باشە.

كابرایــەكی ئــەم دەشــتی هــەولێرە دێتــە شــاری خەپــەكی جــۆتی دەكــڕی دەیباتــەوە گونــدی، ئێــوارە دەیباتــە دیوەخــانێ، نــاو خزمــان هــەموو دەڵــێن خەپەكی چاكە. بەیانی زوو خەپەی دەست دەداتێ لەگەڵ جۆتیارەكەی دەچتە جــۆتی هــەر چــەند دەكــەن جــۆتو گــا ڕێــك ناكــەوێت، خەپەكــە ڕشــت بــوو. جۆتیارەكە دەیەوێت بیتراشی بەڵكو كەمێك مارتری بكات،
كابرا دەڵێت: خەپەم تەڕە مەیتراشە ..... .
* ئــەم پەنــدە بــە كەســێكی ســاویلكەی خــۆش بــاوەڕ بــە خزمــان و ناشــارەزا لەكارێك دەگۆترێت هەر لەسەر هەڵە بڕوات.

64- خەم لۆ مام خەمكی دەبی.

مــام خــەمك لــەناو كــورددا بــۆ پیــاوی خێرخــواز بــەكار هــاتووە، بەرژەوەنــدی گشتی دۆستو ناسیاوانی ڕەچاو دەكات، كەسێك لێی بقەومایە، ئەو لەماڵی خــۆی خــەمی بــۆ دەخــوارد، بۆیــە ناویــان لێنــا مــام خــەمك، ڕۆژێــك بێخــەم نــان دەخوات یەك دەڵێت: كەرێ فلانی زایە جاشكەكە كلكی نییە.
گۆتی ئەو نانەی لابەن ئەو نانــە تــازە چۆن دەخورێت، ئــەوەبووە كــەر لــە قــوڕی عاسی بوو چۆن دەردێت؟

65–خەنجەر لە قەدم، دەمانچە لەنێکم، خۆ مریشك نیمە بەندووك شەڕ بکەم!

خەڵکی شاری بە ترسنۆك ناویان دەبرێت، ڕۆژێك لە گوندێکی ئەو دەشتی گەرمیانە کوڕە لاوێکی چەکداریان تووشی پیاوێکی دەشتەکی بێچەك دەبێت، کابرا خۆی لێسوور دەکاتەوە دەڵێت، بینە خەنجەرەکەت، دەڵێت ها، دەڵێت بینە دەمانچەکەت دەڵێت هانی.

ئێوارە دێتەوە دیوەخان خەڵك گەمەو گاڵتەی پێدەکەن، چۆن دەستت هەڵنەهێنا.

کابرای خەڵکی شار دەڵێت: خەنجەر لەقەدم، دەمانچە لەنێکم خۆ...... .

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن بێدەسەلات بێت، پەکی لەسەر هیچ نەکەوێت. کەچی نەتوانێت دەست هەڵبینێت.

66– ا – خواردن بەشی زندیان ناکا، نۆبەتی مردیانە.

ب– لە مڕەمڕەی بەرازی ناترسی، لە قورە قورەی جەڕەی دەترسی – کودی–

خوشکێك و برایەك بەیەکەوە دەژیان، کچە خۆی زۆر قەلە زراو کردبوو، دەیگۆت: لە قورە قورەی جەڕەی دەترسێم، برایەکەی بێزار کرد بوو، تا گەیشتە ئەندازیەك دلی لیٚ پیسکرد، ویستی ئەزموونی بکات. ئێوارەیەك بە خوشکەکەی گوت میری بڕیاری داوە، هەر کەسیٚ هەتا بەیانی مەنجەلە

ساوارێکی لە گۆڕستانی بکولێنی، ئەوی بیەوێت میری دەیداتە وی. کچە چوو مەنجەڵێکی هەڵگرت، چووە وێندەر، لێك لێکە ئاگری دەکرد، براکەی پاش نیوەشەو بەرگێکی سپی لەبەر کرد، لەسەر لەپان لەنێوان کێڵەکان بە مرە مڕ بۆلای خوشکەکەی چوو، کچە بێئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە، شیشەیەکی لێدا، گوتی خواردن بەشی زندیان ناکات، نۆبەتی مردیانە.

* ئەم پەندە بۆ کەسێك بەکار دێت، بۆ مەبەستی خۆی، خۆی نەزان بکات، کاتی پێویستیش بۆ مەبەستی خۆی باکی بە چ نەبێت.

67- خۆ دەرێن شینکە، پیاوی برایماغەیە.

ئەم ڕۆژگارە خەڕەکەکەی هەردەمە بەرەو بەشتێك دەدات، هەر سەردەمەش پیاوی خۆی هەیە.

شینکە ناوێك هەبوو، پیاوی برایماغەی بوو، شەو ڕۆژ برایماغە نانە سك دەیڕەتاند بەرهەمەکەی بۆ ئاغا بوو.

یەکێك لێی دەپرسی ئەریٚ کاکەی برا تۆ ئەو هەموو حەوکەت لە چییە، ماندوو مردوو ڕەنج بابردوو.

شینکە: باوکم من هەرچی بکەم وەیا نەکەم کەلك وەربگرم یاوەرنەگرم ئەوەندەم بەسە کە خەڵك دەڵێن: شینکە پیاوی برایماغەیە.

* ئەم پەندە بە کەسێکی سادەو ساویلکە دەڵێن بەستایش بەهیچە کار بۆ یەکێکی تر بکات بەرژەوەندی خۆی پیٚ شێل بکات.

68-خیتیٚ مێردان، خیتیٚ ژنان، تفەك و شەقەك.

ئەم گۆتەیە لەناو زاروکانی گوندان باوە، ساڵانە ئەو منداڵانەی لەنویٚ وەگەل ڕەویٚ دەکەون، نەشارەزای داب و نەریتەکەن، دووبارە دەکرێتەوە.

شوان، یا بەرخەوانە شارەزا گەورەکان، بۆ بەزم نانەوە بە منداڵە نەشارەزاکان، دوو منداڵی کەودەنی دەهێنن، ئەوانەی تازە بەشداری بەرمەڕی یان... دەکەن، بەرامبەر یەك تر ڕایان دەگرن، بۆیان دەخوێنن بەشەڕیان بهێنن، یەکێك لەگەورەکان خیتێك دەکێشێت، دەڵێت ئەوە خیتێ مێردان، خیتێکی تری داردەولکانی لێدەدات دەڵێت ئەوەش خیتێ ژنان، تفێك و شەقێك.
ئەو دوو منداڵە بەچەپە ڕۆکان وەردەگەڕێنە یەکتر، تێروپڕلێك دەدەن، ئەوانیش تێر پێیان پێدەکەنن، ئینجا لێکیان دەکەنەوە، دەڵێن ئەوە گەمانە گەمان، هەر ئەو دەم چاکیان دەکەنەوە، دەست دەکەن بەیاری کردن.
* واتای ئەم پەندە، ئەم بەزم نانەوەی شوانی کوردە، ئەمڕۆ لەجیهانی ئەمڕۆدا باوی ساندووە، زلهێزەکان وازی بە بێهێزەکان بکەن.

69– دایك لاربی ، یا مانۆکێ ماخدرە مرن؟

پیرێژنێك کچێکی جوانی دەبێ زۆری خۆش دەوێ، پیرێژن دەیوت من کچی خۆم دەدەمە خدر ناوێك بەناو خدری زندە کرابێ، نەمرێ، ڕۆژێك خدر ناوێك دەنێرتە داخوازی پیرێژن کچە دەداتە خدر ناوەکە. مانێگو دووان، لەناکاوێك کتوپڕ خدر دەمرێت، هاوار بۆ پیرێژن دایکی ژنە دەنێرن پیرێژن دەگاتە ناوشینێ بە لەخۆدان دەڵێت: یا مانۆکی دایك لاربی ماخدرە مرن؟
* ئەم پەندەش بەکەسێکی ساویلکە دەڵێن بۆ چوونێکی هەڵەی هەبێ.

70- دەبا دەربەندۆك وەت لێبێ، جووت بە بارە كووتارەوە پێدابێ.

جیهانی ئەم سەردەمەی ئێمە زۆر بە گوڕ بەرەوپێشەوە دەچێت، هەست و هۆشی مرۆڤ لە گۆڕان و پێشكەوتن و برەو دایە، هەر ڕۆژە بایەخ بە شتێك دەدات لە ئاكامدا خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و ...ی مرۆڤی تێدا سەردەمێك لەم وڵاتەدا باو باوی دزی و جەردەیی و ڕێگری زۆر لێكردن بوو، دەربەدنی گۆمەسپانی یەكێك بوو لەم شوێنانەی كەم كەس هەبوو بتوانێ بە نوێژی نێوەڕوانێ پێیدا بڕوات، زۆر كارەساتی گەورە گەورەی لێڕوو دەدات. بەم دواییە، ماوەیەك فەرمانڕەوایان دەسەڵاتیان بەسەر ئەم جۆرەكارانەدا گرت، نەوەك ئەنجامی بە زیانی وان بگەڕێتەوە. ڕۆژێك كابرایەكی پیری كەنەفتی بە ساڵاچووی پشت كۆماوە، گۆچانێكی دابووە بەرە خۆی وارە وارە، بە دەربەندۆكدا دەڕۆیی یادگارەكانی پێشووی سەردەمی لاویەتی دەهاتەوە بەرچاو، ژن منداڵیان پێ ژێر دەكردەوە، چاوی پێكەوت جوویێك بەبارە كوتارەوە بێخۆكاو پێدا دەڕوات، وتی: دەبا دەربەندۆك وەت لێبێ، جوو بە بارە....... .

71-دەبانی .

جۆتیارێك سەر سەدەی بۆ ڕاكێشا بوو، بەهارە جۆتی دەكرد، كەڕكەكی ڕەشی نوێی هەبوو لەسەر سەدەی دانابوو، ئاگای لە عەبدی بێزەوار نەبوو .

دزێك، سەر دەستەی دزان بەوێدا تێدەپەڕێت، گەوارەیەكی دەهێنێت، دزە كەڕكی نوێی جۆتیار لەبەر دەكات، كەونە كەڕكی خۆی لە شوێن دادەنێت، دەچێت لە زەوندۆرێك سەیری جۆتیار دەكات، باران خۆشی دەكات جۆتیارەكە غارەداتە كەڕكی هەڵگیرو وەرگیری دەكات كەس دیار نابێ، تێی هەڵدەدات.

دزەکە لە بەرەخۆی: دەبانی. بارانی سەربەکلاوە دادەڕێژی ناچار دەچێت قۆڵی تیٚ هەڵدەکێشتێت.
ئەم پەندە بۆ کەسێك دەگۆترێت شتێکی بەتۆبزی تووش بکرێت و بە ناچاری ملی بۆ کەچ دەکات و بکرێت بەهی ئەو لەجیاتی شتێکی لەباری تر تووشی ئەم نالەباریە بکرێت .

72. أ. دەچمە مارەکی، کەس لە خۆم گەورەتر نەبی .

ب . دەچمە مارەکی، خۆم میر کوڕبم .

لە سەردەمێکی زۆر زوو کابرایەکی کار بە دەست دەبێتە میوانی گوندێکی ئەم کوردەوارییە، لە دیوەخانەکە میوانی زۆر لێدەبن، بەسەر ماڵانیاندا دابەش دەکەن، کابرای میوان دەڵێت: بمبەنە مارێکی کەس لە......، دەیبەنە ماڵێکی بێسەردار یەکدوو منداڵیان دەبێت. ئێواری لەنگەریەکی سەر بە مریشکی خۆشی بۆ دروست دەکەن لەپێشی دادەنێن، منداڵەکان پڕەدەنە گۆشتی سەرپلاوەکە کابرا دەڵێت نەمگۆت: دەچمە مارێك کەس لە خۆم......

* ئەم پەندە کەسێك دەوترێت لەملا و لەولا نەیەوێت کەس دەست بۆ بەرژەوەندی درێژ بکات .

73–دەردی سەی ڕەشی گەیشتی، درایی .

لەو سەروە لە مەزنە دێیەك سەگێکی ڕەشی هەبوو، سەگ چ سەگ دەتگۆت هرسە، گوندەکەی ناخۆش کردبووو، ئەو جێی ئەو لێبووایە کەس نەدەوێرا بەوێدا تێبپەڕێت، سەگ و گوجیلە و توولە، هەر ڕۆژە یەکێکیانی یانیوە گیان دەکرد، یا دەیخنکاند .
ڕۆژێك گێچەری بە توولەیەك کرد زۆری لێکرد، توولەکە لە خۆی بێزار بوو بەحەپە حەپ پڕی دایی، سەگە ڕەش کشاوە کەوتە ناو چاڵێکی بەتاڵ، هەر

چەندی کردی پێی نەکرابێتە دەرەوە، منداڵی گوندی کۆری خۆیان پێدەربڕی، بەردە بارانیان کرد، هەتا نووزەی لێوەهات بە بەرد و کەستەك لێیاندا.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن بە هێز و توانای خۆی لەخۆبایی نەبێ دوور نییە لە خۆی گچکەتر کارێکیان لە دەست بێت لە دەستەوی نێت.

74- ا . دەرێم دەرێم، لاق باریك.

ب . دەرێم دەرێم، وەزت مری.

دەڵێین لە ئاوایییەك، ژنێك هەبوو، سەرگێڕی دەکرد، کوڕێکی هەبوو، ژنە وای بۆ چوو بوو، کوڕەکەی بە نهێنی کارە نا ڕەواکەی دەزانیت، هەرچی داوا بکردایا بۆی جێبەجێ دەکرد، دایکەی زۆر بێزار کردبوو، دایکە ئەگەر خۆی گران بکردایە کوڕە فێرببوو دەیگۆت دەرێم، ژنە لەترسان تۆقی بوو، ڕۆژێك ژنە مێردەکەی لە ماڵ نەبوو، گوتی با تاقی بکەمەوە، بزانم چیی دەڵێت کوڕە دەڵێت دەڵێم دەڵێم، ژنە چەپەلۆکێکی لێدەدات دەڵێت دەبرێ، بڵێ کوڕە بە تووڕەیییەوە، ا . لاق باریك، ب . وەزت مری.

ژنە لە خۆشیان شاگەشەکە دەبیت چەپەلۆکێکی تری لێدەدات دەڵێت، یا خوا لەوەتی پار دەمردی.

75- دەرێی گێرەی ئۆمەرە خێلی قووچیە!

ئەمە بەم دەربڕینە بەر ئەدەبی میللی دەکەوێت، بەڵام لە زۆر شوێن باوە، لە ئەدەبی میللی دەردەچێت، دەچیتە ژێر سێبەری ئەدەبی فۆلکلۆری.

دەڵێن کوێخوا ئومەرە خێلی قووچی کەندیناوە زۆر دەوڵەمەند بوو، هاوینان تا ئێوارە بە ئێستارن شەغرەیان دەکێشا بێئەوەی شەغرەکان پەرد بکرێن تا ئێوارە. ئێوارە گێرەی دادەبەستا ئەو ولاغە بەستەزمانە لە ئارەقەی ڕەش و شین هەڵدەگەڕان، هەتا بن پیلان دەکەوتنە ناو قرشەی، ئەم کارە لەبەر کەم

ماندووبوونی دەکرا، کارێکی زۆر نابەجێ و لاپرە سەنگە، ئەوانەی لەم کارە شارەزابن دەزانن چەند نارێکە! خەڵکەکە ئەمەیان کردووە بە پەند.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن کارێکی لاترە قەوچی بە تۆبزی بکات.

76- دەرێی مریشکی خەرابەدراویە .

دەڵێن لە گوندی خەرابەدراوی دەردە مریشك هات، یەك پیرە مریشك و یەك دوو کەڵەشێر ڕزگاریان بوو بوو، کەڵەشێرەکان دەهاتن و دەچوون، غاریان دەدا پیرە مریشکی و بەسەری دادەفسین، هەتا پیرە مریشکیان ڕووتاندەوە، کورکی پێوە نەما، لە پەلوپۆیان خست.

ئەم پەندە بە کۆمەڵە کەسێك دەڵێن یەکێك بتەقێننەوە، ئەویش بەری ئەم تەقلەیە نەگرێت، تێك بچێت .

77- درۆونەی حەفت دەرهەمباویش دەزانین .

ساڵێك ئەم دەشتی هەولێرە نەهاتی بوو، خەڵك بەملاو بەولادا پەرت بوون، چەند کەسێکی کەندێناوە بۆ سەپانی و کرێپاڵەیی چوو بوونە ناو دیانەکانی عەنکاوە، ڕۆژێك دیانێکی قرچۆك دەڵێت: من لە حەفت دەرهەم ڕۆژانەی کرێپاڵە پتر نادەم.

پاڵەکان دەرێن ناچین، یەکێکیان زیرەك دەبێ دەڵێ: درۆونەی حەفت دەرهەمباویش دەزانین .

* ئەم پەندە و گۆتەیە کەسێك دەیڵێت، بەپێی نرخی کرێیەکەی کار بکات .

78- درۆ هەر قابیلی پیاوی گەورەیە.

ڕۆژێك لە كۆڕێكی جوامێر و پیاو ماقوولان قسە قسە دەكێشێت، قسە هاتە سەر درۆ كردن، كێ درۆی دەكات؟ بۆ چ درۆ دەكرێت؟

دەمڕاستی كۆڕەكە گوتی: . درۆ هەر قابیلی پیاوی گەورەیە.

هەندێك لێی ڕاست بوونەوە، چۆن وا دەڵێیت؟

دەمڕاست گوتی: پیاوی هەژار كەس بە ڕاستی باوڕ ناكات، نۆبەتی درۆیە، پیاوی گەورە، دەوڵەمەن، بۆی پنج دەكرێت.

79- ا. دنیا لۆیی خۆشە، بێدەركەیە.

ب. تڕا خۆم سوڕاخۆم، لەبن كەچە بەڕاخۆم.

سولیمان پێغەمبەر سەیری كرد، هەموو گیانلەبەرەكان، باڵندە، دڕەندە، ئاژەڵ، خشۆك... سەردانی دیوەخانیان دەكرد، ژووشك نەبی، دوو پیاوی بەدوادا نارد، چوون هێنایان.

سولەیمان پێغەمبەر لێی پرسی: ئەوتو لە كوێ بووی؟ بۆ دیارنی؟

گوتی: دنیا لۆێی خۆشە، بێدەركەیە.

سولێمان ماویەك لای خۆی هێشتیەوە، ژیشك هەر دەیگوت ماوەم بدە بچمەوە ماڵی خۆم، بەری هەڵدا، دوو باوڕ پێكراوی بەدوادا نارد، چووە ناو لێڕەكی چڕوپڕ یەك بەخۆ ڕاكێشا گوتی: تڕا خۆم سوڕاخۆم، لەبن كەچە بەڕاخۆم.

* واتای ئەم پەندە ئەوە ئازادی و سەرفرازی ژیان دەگەیێنێت.

80- دواسیٚ، هەر ئاگرەكی لێدا بگیرسیٚ.

دەڵێن شێخی باڵەكان بەرەو ڕواندوز و هەولێر دێتە خواریٚ، لەم دواسێیە، میوان دەبێت، پشوویێك بدات، خانەخوێیەكە میواندارییەكی باشی ناكات، باشی وەرناگرتەوە، لە ڕۆیشتندا دەڵێت، دواسیٚ هەر ئاگرەكی..... .

هەندیکی تر دەڵێن: نا پێشتر ئەو قسە هەبووە، دراوەتە پاڵ شێخی باڵەکان، ئەمەش نزیکە، چونکە شوێنەکەی دەوروبەری شاران، ئەوەندە بایەخ بە میوانداری نادەن.

81- أ. سەری لەبن بەڕێ، قوون دەکا شەو لەوەڕێ.
ب. دۆینەی بە زڕە پوونگێیە.

پیاوێکی کۆچەری ڕەشماڵنشین، ژنەکەی کۆنە دۆستێکی هەبوو، شەوێ لە کاتی دیاریکراویدا پاشەری بۆ دۆستەکەی لەبن چیغی ڕەشماڵی دەبردە دەرێ، سەریشی لای هاوسەرینەکەی، مێردەکەی بوو، دەئاخاوت، دەیگۆت: ئەوە چییە؟ سەر لەبن بەڕێ قون دەکا شەو لەوەڕێ ؟

مێردەکە دەیگوت: دۆینەی بەزەڕە پوونگێیە.

* ئەم پەندە بە یەکێکی فێلباز دەگوترێت، یەکێکی تر بەهەڵە ببات.

قسەی مێردەش: بە کەسێکی ساوێلکە دەگۆترێت، هڕی لە بڕی نەکاتەوە.

82- دێرێ چاوم هەر لێتە.

دیانێك موسلمان دەبێت چەنداوێکی پێدەچێت، ڕۆژێك بەڕێککەوت ڕێی دەکەوێتە لای دێرێ، ئارەزوو یادگاری سەردەمی منداڵی کڵپە دەکات، خۆی پێناگیرێت، دەڵێت: دێرێ چاوم هەر لێتە.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن وازی لە شتێك هێنابێت، چاویشی لە دوای بەر نەدات.

83- ژن هەیەو ژنۆکەش هەیە.

سوڵتان مەحموود و حەسەن مەمەندی خوندکاری، شەوان ناوە کردبوویان بە خوو جلكو بەرگی خۆیان دەگۆڕی، شمەکی سادەیان لەبەر دەکرد، بەنهێنی لەناو کوڵانی شاری خەزنە دەگەڕان بێئەوەی کەس هەستیان پێبکات تا بەچاوی خۆیان ڕاستو چۆنیەتی چاکەو خراپەی گەلەکەیان ببینن.

شەوێکی بڕکۆکەك سارد، هەموو کەس لەدەرەوە خۆی ڕاناگرت، لەم شەقام بۆ ئەو کوڵان لە پەرساگەیەکی گەڕەکێکی ئاسایی ناو شاردا، وەك شێرێکی برسی نێچیرێکی تەڕو قەلەو خۆیان مەلاس دابوو.

ئەستێرەکان ماندووی چاو شارکێی یەکتری بوون، هەندێکیان خەریکی ماڵاوایی یەکدی بوون، هەندێکی تریان تازە سەر لەنوێ ڕەونەقیان دەدا، پیرو تەرازوو ئاوابوون، دنیایەکی کشومات، خەڵکی هەموو لە شیرینە خودابوون، منداڵە ساوا شیرە خۆرە، جار جارە نووزەیەکیان لێوە دەهات دایك لەم سێباری نیوە شەوەدا، ژنێك لەبەرانبەریانەوە، جیجکە جۆرەی دەکرد، دەرگای قەمتەرەی دەکردەوە دەچوو ژووری، چەنداوێکی پێدەچوو دیسان دەهاتەوە، سەیرێکی ئەملاو ئەولای کوڵانێی دەکرد، تێر ڕادەما خۆی نەوی‌و بڵند دەکرد.

سولتان و حەسەن مەمەندی بەگوێی یەکیان چرپاند، ئەم ماستە مووێکی تێدایە لێی گەڕێن نێچیری ئەمجارەمان نەخشەی کارەساتێکی ترسناك دەکێشێت، هەستیان لەخۆ بڕی.

ژنە بەدەم چاوەنواڕی ژوان و بەڵێنی خۆیەوە زوو زوو سەری دەردەهێنا تا لەکاتی دیاریکراودا پێی چەقاند، دوایی بەپیر کەسێکەوە چوو!.

سوڵتان و حەسەن زەق زەق تەماشایان دەکەن، ئەوانیش هەر هات لە ڕۆخ جۆگەکەی ناو شار بەرانبەری یەکتر بوون.

کابرا هەروەستەیەکی کرد، ژنە بە پەلە داخوازی پەڕینەوەی لێکرد، سەر زەنشتی دواکەوتنی لێکرد، با مەم و زین ئاسایی با کەمێك تا مەزرۆ بڕی خۆشەویستیمان بشکێنین.

پیاوە کە زۆر بەهەستو زیرەك بوو لە ملاو لەولای خۆی ڕاما هیچی بەرچاو نەکەوت، دنیایەکی بێدەنگ و هەست، تەقە ڕەقە لە هیچ لایەك نەدەهات، هەستی شەشەم ئاگاداری کابرای کردبوو، ئەنجامی ئەم بەیەك گەیشتنە بڤەیە، بیانۆی دەدۆزییەوە، دوا پەلپی ئەوەبوو ناوێرم بپەڕمەوە، مەگەری سەری مێردەتم بۆ بهێنی لەناو جۆگەکە دابنێی ببێتە، بەردەباز، بەسەری دا بپەڕمەوە! ژنەی ئاگرگرتوو: ئای لەخۆشەویستی خۆت نەکەوی، وەك پاساری گەڕایەوە ماڵی، پاش چەند قومێك لەجگارە بدەیت، سەلك لەپاشۆل گەڕایەوە سەری مێردەکەی خستە ناو جۆگەکەوە دووبارە داوای پەڕینەوەی لێکرد.

دۆستەش دۆشداماوی ئەم کارەساتە ترسناکەیەبوو، لەبەرخۆیەوە بەمنگەمنگ: ئەمڕۆ پیاوەکەت بۆ شەوێك ڕابواردنی من وەك کارەمێژکە سەر بڕی، منیش دەکەیە قوربانی یەکێکیتر، ژنە لەژوانی بەجێهێشت، هەیپای لێکرد، دوو پێ هەبوو، دوو تریشی قەرد کرد.

فەرمانڕوا سولتان مەحمود لەلاتەریکەوە بەخۆ بە باوڕپێکراوەکەیەوە نقەی لەخۆ بڕی بوو، ئەم هەموو ڕوداوانەش بەچاوی خۆی دیتووە، وەك کوورەی ئاگر دەسووتێت، تانو پۆی بیرکردنەوەی لەبەریەك ترازا، دەست بەجێ فەرمانی دا ماڵەکە مۆر بکرێت، باوڕپێکراو دەمودەست جێبەجێ کرد.

ژنە ئەمشەوە خەو نەچووە چاوی، پێش تاریكو ڕوونی بەیانیان چووە دەرەوە، سەیری کرد دەرگای ماڵیان نیشانکراوە، زانی کار لەکارترزاوە، پیلانە گلاوییەکەی ئاشکرابووە، سزای تاوانباری وەردەگرێتەوە، ئەمبەرو ئەوبەری ڕاستو چەپ هەمووی مۆرکرد سولتان ئەمشەوە تا بەیانی هەر

حەسحەسی گێڕا، لەگەڵ سپیدەی بەیانی لەدوای تاوانباری نارد، ناردراو سەریری کرد گەڕەك سەرانسەر بەهەمان ڕەنگ مۆرکراوە، ڕاسپێر گەڕایەوە، چی دیت بوو بۆ سوڵتانی گێڕایەوە، سوڵتان بە یەکجاری توند بوو، بڕیاری دا سێ شەوو سێ ڕۆژی دی بۆ ڕاوشکار دەڕوات تا دێتەوە نابێت یەك ژنی ئەمشارە بمێنێت، گشتی سەر بڕابێت. سولتان بە پەستی چۆڵو هەردەی گرتە بەر، حەسەنیش بە پەشۆکاوییەوە بەرەو ماڵ خەمو پەژارە دایگرت.

مەمەندی باوکی حەسەن پیرەمێردێکی دنیا دیتەی، مەردی مەیدانی سەردەمی خۆی بوو، مەرگ باوەشی بۆ کردبووەوە، مەڵبەدێکیان بۆ کردبوو، لە سەرینگانی دیوەخانیان دانابوو.

مەمەندی : کوڕیەم ئەمڕۆ بۆ ئەوەند ژاکاوی.

حەسەن: باوکەگیان غەمگینی هەر بۆ من باشە.

مەمەندی: ڕۆڵە چیت بەسەر هاتووە، بیگێڕەوە، بەلکو باوکت توانی چارەی بکات.

حەسەن چیان دیتبوو، هووردو باریکان بۆ باوکی پەککەوتەی گێڕایەوە.

مەمەندی : باشە سوڵتان فەرمانی لەسەر بوو؟

حەسەن: باوکەگیان، سوڵتان گوتی، پاش سێ ڕۆژی تر جێبەجێ نەکرابیت تۆ لەسێدارە دەدەم.

کوڕم واز لەم بیرۆکە بهێنە، ئەمە کارێکی وا سانا نییە، بەهیچ جۆرێك ناکرێت، خەمیش مەخۆ خوا چارەی تۆو ئەم خەڵکە بێتاوانە بکات چارەتان دەکەم، هەر ئەوەندە کە لە ڕاوگەڕایەوە، قەفەزو بالینگانی من هەڵگرە بیبە بارەگای سوڵتان بڵێ باوکم نەیهێشت منیش بەکوشتنی خۆم هاتمە بەرێ نەم توانی دڵی بشکێنم.

حەسەن ئەم سێ شەوو سێ ڕۆژە لەجاران چێتر لۆلکەو پیرخەنی بۆ باوکە مەمەندی دروستدەکرد، پاشا کاتی دیاریکراو گەڕایەوە بۆ شار، سەیری کرد، شار تێکدەقژقـژا، ژن لەپیاوان زۆرتـرن بەیـەکجاری گریـساند لـەدڵی خۆیـەوە بـاری ئـاڵۆزاوی لەمـەڕ حەسـەن دەزانـی، بـەرگی ڕەشـی ماتـەمینی پۆشـی، ڕاسپیریکی نارده لای.

حەسـەن، مەمەنـدی بـەخۆ بەمەڵبەنـدەوە هـەڵگرت بـەرەو بارەگـای وارە وارە هـەنگاوی هـەڵینا خـەڵکیش ئەمبـەرو ئەوبـەری جـادەو کۆڵانـەکانیان گرتبـوو، فرمێسک بەچـاویاندا دەهاتـە خـوارەوە. پەرسـتگاکانی پـڕی خـوا پەرسـتابوو بوون نزاو پاڕانەوە لەهەموو لایەکەوە دەچوو کەشکەلان ئاسمانی، هێزی چاکە بۆ کەنگینتە!

مەمەندی لەناو مەڵبەندەکەوە ڕیشی سپی گەیشتۆتەوە سەرچۆکی قولابی لەبرۆیـەکان دابوو چاوەکانی بە ئاسـتەم دەتروسـکانەوە، ئەملاوئەولاش داری هـــەڵباویی بـــەزەوی ناکـــەوت تـــا حەســـەن گەیـــشتە دیوەخـــان، ســـێدارە لەبەرزاییەکەی بەر بارەگای ئامادەکرا، حەسـەن بـەڕێزو نوازشـەوە چـووە پـێش سولتان و سەلاوی لێکردو قەفەزی لەبەردەم دانا.

سولتان بێئەوەی سەیری حەسەن و قەفەزی دەستی بکات: کوڕە هـەیناپاك، ئەوە بۆ فەرمانت شکاندووم؟

حەسـەن بـەدەنگێکی پـچڕ پـچڕ گفتوگـۆی نێـوان خـۆی و بـاوکی بـۆ پادشـا گێڕایەوە.

سـوڵتان ئـاوڕێکی لەقەفەزەکـەی مەمەنـدی داوە، لێـی چـووە پێـشەوە: مامـە مەمەندی پیری کەنەفتی بەسالا چوو، دەرچووی ئەزموونـەکانی ڕۆژگـار، کـەی لەکاتی خۆی فەرمانی باپیرەی مەت شکاندووە، تا ئەمڕۆ حەسـەن وا لێبکـەی سەرپێـچی فـەرمانی مـن بکـات، ئەمـە لـەتۆ ناوەشـایەوە، خـۆ هـەر ئێـستا ملـی

تاقانەکەت بەسێدارە دەبینیت، تا ببێتە پەند بۆ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی من دەکەن.

مەمەندی هاتە زمان: مەحموودە، کۆرپەم ئەوانەی تۆ دەیلێیت هەموو ڕاست و دروستن، من بێبەلگە لەخۆڕایی بێبیرکردنەوە، حەسەنم قەدەغە نەکردووە، ئەوەشم هەر بۆ خێرو خۆشی قەلەمڕەوی ئێوە کردووە، ئەوا من ئازایەتی و مەردایەتی ژنێکت بۆ دەگێڕمەوە پاشان فەرمانت لەسەر چی بوو سەرفیراز بە، بە ئارەزووی خۆت بکە، تکات لێدەکەم ماف ئەو خزمەتەی بۆ بنەماڵەکەی ئێوەمان کردووە، گوێم بۆ شل بکە.

لەم شاری غەزنەیەی کەتۆ دەیبینی، ئەنگوستیلەیەکە بەدەستتەوە، دەنگوباسێکی لێبلاوبووەوە، هەر شەوە لاوێکی لێدەکوژرا، شەوێك نەبوو، دوو نەبوو، مانگێ نەبوو.... تا ڕێز گەیشتە نزیك کۆلانی ئێمە، مەمەندیش ئەم مەمەندییەی ئێستا نەبوو لە بێشکەدا منداڵیان پێ ژێر دەکردمەوە، هەر کەلێنێکی گەورە بەمن نەکرابووایە، نەدەکرا، هەر لەشکرێك باوکی حەسەنی تێدابووایە شکانی بۆ نەبوو، دوژمن خۆی لەبەر ڕاناگرت، لەم کوشتن کوشتنە ترس گرتمی خۆم بەخۆمم گوت، هەی لەمنت نەکەوی، کوڕی بۆرە، ئەوە بۆ ملاکە خوێنێك دەپارێیەوە، مادام تا ئێستا هیچ هێزو دەسگایەك نەیتوانیوە سنور یا بەردەستی ئەو هێزە زاڵە بکات، یا مردن یان زاڵ بوو، یان مەمەندی یان هێزی زاڵ بەر دەستکردنی.

ئێوارە چەکم گرتە دەست، جوانە ماینی خاڵخاڵم زین کرد، لەنیوەی شەودا، لە پڕ دەنگێك لەدەرەوە بانگی کرد، مەمەندی لە ماڵێی؟!

گوتم هات، یەك ڕکێب غارم دا سواری پشتی جوانە ماینی بووم، ها لەوێ، ها لەوێ هیچم نەدیت، گەڕامەوە، هەتا بەیانی دانیشتم، هەستوخوست نەبوو، بەیانی منداڵ بۆ گژوگۆڕێ ماڵێ هەستان منیش چووم نووستم.

شـەوی دووەم ئـەمجارە خـۆم ئامـادە کـرد چـوومە تەنیـشت جوانـە مـاینی خاڵخـالی کوتمـە هوڕینـان لـەکاتی شـەوی پێـشتر دواتـر، چاوەنواڕی دەنگـی گۆرینم دەکردەوە، دیسان دەنگی گۆرین بانگی کرد مەمەندی لەماڵێی؟

نەپرژامیٚ وەڵامی بدەمـەوە، بەپەلـە ئاوای سەرپشتی جوانـە ماینی بووم، بڕۆ بـڕۆ تارماییـەك بزردەبـوو بـەدیار دەکەوتـەوە، تـا بەتـەواوی لـێم بزربـوو، ناچار گەڕامەوە سپیدەی کازیوە چوومەوە ناونوێن‌و بالینگانی خۆم لێی نووستم.

شەوی سێیەم ڕووم کردە وڵاغەکەم وەك هـووردە هوڕێنـەی سـەرە مـەرگ بکـەم، جوانــە مــاینیٚ خاڵخــاڵی پــەلت وەك باڵنــدە باڵنــەگرێت ئەمــشەو کارمــان لەکارترازاوە، شەوی سێیەم بۆکاتی هاتن شەو لەسێباری نیوە شەوی پێیـەکم خستە سەرخانەی زینی، ڕمم خستە سەردەستان چوون بـەرەو پیری مەرگـەوە ئامـادە، چـاوەڕوانی کـات‌و سـاتم دەکـرد، هـەمان دەنـگ زرنگایـەوە مەمەنـد لەماڵێی؟!

نەڕاند نەڕۆی هاتم، یا من، یان تـۆ، نـەمن نەئـەو پێـی وڵاغـەکانمان نـەدەیترا، هەر ئەوەتە لێمدیاربوو، وامدەزانی وڵاغەکەم چەقیووە، لەبەرە خۆمەوە مەمەند دیـارە ئـەمجارە مردنـە، جوانـە مـاینی خاڵخـاڵی کـەی ئـەوە زیـنی تۆیـە، تـرس پەلوپۆی هەردووکمانی بەستووە، سوار لـە دەسـتەتوو رزگـاری ببـی! بڕۆ بڕۆ، چــەند هــەردەو کێوێکمــان بــڕی تارماییــە بزردەبــی‌و بەدەردەکەویتــەوە، تــا گەیشتنە شوێنێك دابـەزی‌و ماینی بەجێهێشت ڕۆیـی، منیش بەرزەکـەی خـۆم پێبەسـت کـرد، کەوتمـە دوای هـا لـەویٚ هالـەویٚ دوورو نزیـك لـە ئەشـکەوتێك چـووە خـواریٚ بـڕۆ بـەدوای ئـەو، نـەك مەمەندییەکـەی شـاری خەزنـەی، تـاوام لێهات، ڕم‌و چەك‌و پشدێن‌و...م یـەك هـەموو بەجێهێشت، تـەنیا خەنجەرەکـەم، خەنجـەرە دەبانەکـەم بەدەمـەوە گـرت، بـڕۆ بـڕۆ بـەناو ئەشـکەوتی سـەخت،

لەکاتێکدا دەنگێك بەئاسپایی بەکنم داهات گوتی: مەمەندی هاتی؟ گوتی؟ بگەڕێوە بەمەبەست گەیشتن!

منیش بەلاکەلاك سەرم دەڕوا، لاقم ناڕوا، تا گەیشتمەوە دەرکی ئەشکەوت، کەمن چووم، ئەو دانیشت بوو، چەك و جلك و شمەکەکانی من هەمووی هێنابووەوە، لەتەنیشت خۆی دانابوو، کۆمەڵە دەمو لچێکی بڕاویشی لە پێشە خۆی دانابوو لەهی دەعبای نەدیتراو دەچوون، دەعبای دڕندە، تەمای دەست هەڵهێنان بەرامبەر بەم قارەمانە نیقاپپۆشە زۆر کزبوو، قسەی خۆم هەر دەکەم، چاوم قایم بەس لەناو دەروونەوە هیچ، جامە ئاوێکی دامێ، خواردمەوە، ئۆخەی ئەمجارەش نەخنکام لەتینووەتیان، هۆشم هاتەوە بەرخۆ ئەم سوارە ڕەشپۆشە دەبی لەڕەگەزی مرۆڤ بێت، کەزانی دەتوانم بڕۆم گوتی بابچینەوە لای بەرزەکانمان، ئەو پێشکەوت، منیش دوا بەدوای ئەودا دەڕۆم، لەهەر چرکەیەکدا نەخشەی هەزار کارەساتم دەکێشا، ئەوی نەیدیت بێ نازانی، گەیشتنەوە لای بەرزەکان دیسان دانیشتەوە گوتی: مەمەندی پیاوی شاری خەزنە دانیشە با سەرگوزشتەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، چیترت لە ترس و پەستی نەهێلمەوە، زوو وەرمگرتەوە بفەرموو شای پاڵەوانان، پاڵەوانی لەمەمەندی پاڵەوانتر.

من لە بنەماڵەی ئۆغەنی... مە، ڕەنگە لەدوورەوە ناوبانگی ئەو خانەوادەیەت بیست بێ، هەر سوارێك لەئێمە بەهەزار سوارییە، لەشەڕی... پیاوەکانمان، ئەوانەی ناوداربوون بەرامبەر دوژمن خاکەکەمان کەچ نەکرد، بوونە قوربانی خاکەکەیان، دوو برای مێرد منداڵم مابوونەوە، زریان و زیرەك، تازە دەهات فەراقە بن، هەر یەکەیان نموونەی قارەمانێکی دواڕۆژبوو، ئەم هێزی شەڕەی لەبەر دەستدایە، نەیان هێشت پێڕا بگەن، کوشتنیان، چار ناچار سوێندم خوارد سەری من نەچتە سەر بالیف، گشت خۆشیەکی جیهان، ژیان لەمن

قەدەغە بیٚ تا تۆڵەی ئەم دوو بێچووە شێرە نەكەمەوە، تا تۆڵەی ئەو دوو نازدارانە نەكەمەوە، پاش تۆڵەكردنەوە هەناسەو پشووی خۆشی بنۆشم، بیرم لەوەكردەوە، دوای تۆڵەكردنەوە پێویستم بەكەسێك هەیە، پیشتیوانم بكات، ئەو خۆشییەی لەدەستم چووە، بۆم قەرەبۆ بكاتەوە، بۆ ئەوە لەدوا ڕۆژدا، كڕبوو، ناوبانگی هەر پاڵەوانێكم دەبیست، شەویٚ دەچوومە سەری،بانگم دەكرد، بێكەلم دەهاتنە بەرچاو، سەر قەلدەدان، ئەوە ماوەی شەش مانگە بەم هەرێمەدا دەسوڕێمە، تا تووشی تۆ بووم، ئەوەندەش تۆم بەدڵنەبوو، نەمویست پتر خەلك لەختوخۆڕایی بكوژم، بەزەردەخەنەوە ڕووی تێكردم: من خاتوونە پەری كچی....مە ویستم پیاوێكی مەرد بدۆزمەوە، پشتیوانی تۆڵەكردنەوەكەم بكات تا لەباتی بیكەم بەهاوسەری ژیانم، ئەگەر ئارەزوو بفەرمووی هەر لێرەوە تۆ ڕابەرو هاوبەشی ژیانمی، لەسەرخۆ جلكی شەڕی سەرەوەی داكەند، ئافرەت چ ئافرەت نەبكەی نەبخۆی هەر تەماشای سای گەردەنی بكەی، مێوژە ڕەشەكەی بخوا لەگەرووی دیار دەبیٚ، تیشكی زیونی مانگ لە..........دەدا، ناتزانی كامیان لەكامیان جوانترن.

بەجووتە بەرەو شاربوونەوە، پاش ساڵێك ئەو حەسەنەمان بوو، ئەو جا پاشا ژن هەیە ...خراپەكارو بەدڕەوشت چ ژن، چ پیاو یەكە، ژن، پیاو، چەندی بیری بڕ بكات ماق ئەو دەسەلاتەی هەیە.

سوڵتان وەكو گوڵێكی ژاكاو گەشایەوە، فەرمانی لێبووردنی بۆ حەسەن و هەموو زەرییەكانی شار دەركرد.

خراپەكار بە خراپەی خۆی گەیشت، لەبەر ئەنجامی چاكەش نائومێد نابێت.

84- ا – ژن ببونە گەورەی ماران، گیسكان دەبڕیەوە، كاوڕیان دەهێشتەوە.

ب– تەگبیركەری ماری ژن بی گیسكی ساریٚ دووجار بڕبی.

دەڵێن لەم کوردەوارییە ساڵێك سەرداری ماڵان ژن بوون، پیاوان کاروباری ماڵەوەیان دایە دەست ژنان، گۆتیان با ژنان ئەزموون بکەین بەڵکو بۆچوونی وان، هەڵسوڕانی ئەرکی سەرداری ئەوان کەلك بەخشتر دەبێت.
ژنان چی بەکەڵکی وان هات ئەوەیان دەکرد بەهار ڕۆیی هاوین هات، مەڕو کاوڕیان نەبڕیەوە، هەموو لەبن خوریدا سووتان، گیسکان دووجار بڕیەوە، مەڕو ماڵات قڕیان کرد.

86- سەلاموعەلێك ئاغەی دەنگنەکەر، پیلەکەم دڕا قۆرم هاتە دەر، بە ڕۆژە ڕۆژە سارت بردە سەر.

ڕەنجبەری کابرایەکی دەوڵەمەند، جلكو بەرگی دڕابوون، هەموو ڕۆژێ دەهاتەوە لەسەر جەمێ دەیگۆتە خاوەن ماڵەکە فلانی بەرگم دڕاوە، خەلکی گەمەم پێدەکەن دەڵێن ڕەنجبەری فلانی چی لەبەرنییە؟ ئاگری بەردەیێ بۆن سۆی لێنایی، بۆ هەردوو لامان ناشرینە.
ئاغەکە: ڕاوەستە دەستمان بێتەوە بەرەخۆ.
ڕەنجبەر ڕۆژێك لەخۆ بێزاربوو وتی: سەلاموعەلێك ئاغەی دەنگنەکەر، پیلکەم دڕا قۆرم هاتەدەر، بە......... .
* ئەم پەندە بە کەسێکی کەمێك چاو برسی پشوو کورت دەڵێن.

87- ستیلەی نان لەسەرخۆ، ستیلەی کراس لەخۆ، سەکۆ بیبە بەخێراخۆ.

دەڵێن ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، من دەڵێم ئافرەت هەموو شتێکە لە کۆمەڵ، ئافرەت پایەی زۆر لەوە بەرزترە بیر تەسکان بۆ یچوون. ئافرەت کە سەرچاوەی هێناکایەی مرۆڤ بی، ساردی گەرمی دەرەوە، هیلاکی ماڵەوە هەمووی لەئەستۆی ئەو دابیٚ... کەواتە کەسێك لەکانی وەتمانی دەموچاوی نەشووشت بیٚ ماڤ ئەوەی نییە لە ئافرەت بدویٚ، ئافرەت کەدەسەلاتی هێز نوادنی نەبیٚ، زۆر بە ووردی بیر دەکاتەوە، بڕوا بەخۆ دەکا، ژیری دەنوێنیٚ، ئەنجامی مەبەست یەکسەر دەپێکی، بەهەستە ناسکەکەشی زوو هەست بەچاکەو خراپە دەکات، سینەشی کۆگای نهێنی من و تۆیە.

ستیلە بێوەژنێکی ناسك بوو، پلت لێدایە دەپەڕی، خاوەن سامانێکی زۆر بوو، سەعۆ یەکێك بوو لە سۆرەو تۆرەکانی هیچی نەبوو ستیلە بەنا بەدڵی شووی پێدەکات، سەعۆ تێربوو، تیێپەڕاند، ستیلە چی لەدەست نەما با دەیگوت ستیلەی نان لەسەرخۆ، ستیلەی کراس لەخۆ، سەعۆ....... .

88- سۆڤی هەمینۆ، خۆ بچەمینۆ، مارەیی من و تو، لە عاسمانیٚ هاتینۆ.

کابرایەکی کرمانجی ئەو سەرەوە، خۆی کردبووە شێخی تەریقەت، هاتبووە ئەو دەشتی قەراجەی هەولێریٚ، ژن و پیاوی تەریقەت دەدان، دەستەو داێرەی زۆر بوو بوو، یەکێك لەم دەروێشانە سۆڤی هەمین بوو.

ڕۆژێك خروەخانەی چول بوو، شێخ و سۆڤی هەمینۆ مابوونەوە، شێخ لەهەمینۆ نزیك بووەوە، سۆڤی هەمین گوتی: بە قوربانت بم بابە شێخ ئەدی مارەیی؟ ئەوها حەرامە.

شێخی نا شێخ گووتی: سۆڤی هەمینۆ، خۆ بچەمینۆ....... .

* ئەم پەندە بە کەسێکی فیلباز دەگوترێت، خۆ بکات بەپیاوی چاك بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی کە نێوار نەما ڕاستییەکەی دەربکەویتەوە.

89- سێوەك بووم لە سێوی ملکی، کەتمە دەست مل بە چرکی، نازانم نەبۆ خۆیم دەخوا نەدەمداتە خەرکی.

وشەی ئازایەتی بەپێی ڕۆژ، سەردەم لە خەڕەك دەدرێت، لەمەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت.

سەردەمێك لەم کوردستانە ئازایەتی ئەوەبووە، زۆری لەم‌ولەو، هاونیشتمانی خۆت بکەیت.

کابرایەك خوشکێکی زۆر جوانی دەبێت، بەخۆشی دەتگوت قوڕە پەستە، نەفرەجایەك بوو لەو گۆڕەی.

لاوێك لەدوورەوە دەست ناوبانگی کچەی شۆخ و شەنگ دەزانێت، سەودای دەبێت، داوای دەکات نایدەنێ، دەڵێن تۆش خوشکت هەیە، وەرە ژن بە ژنی بکەین، کارەکە چەواشە دەبێت، خوشکی لاوە شوو بەکابرا، سەروپێچکی چانەکرای ناکات.

کوڕەی شەیدا هەر چەندی دەکات و دەکات هیچ لایەکی بۆ ئەنجام نادرێت، ناچار ڕۆژێك و دووان لەم ڕێ بۆ ئەو ڕێ پرسیار بە پرسیار ڕووداوەکە ڕوون و ئاشکرا دەبێت، ساڵێك نا دوو ئەم جارە کابرای زۆر لێکراو چەند دۆست و پیشتوانێکی بەتوانا لەگەڵ خۆی دەبات، تخووب دەبەزێنێت دەچێت خوشکی کابرای قرە بڕ دەکەن سواری ولاغی دەکەن دەیهێنن شەو درەنگ دەگەنەوە ئاوایی، کچە لەچارەنووسی خۆی نەدەگەیشت کەسی لێ نانسین، هەر ئەوەندە نەبێ، کابرایەکی چلکن سەرپەرشتی دەکرد لەناو گوندی هاواری دەکرد، دەیگوت: سێوەك بووم لەسێوی مولکی....... .

* ئەم پەندە بۆ کەسێکی لێوەشاوەیە زۆری لێبکرێت، چارەنووسی خۆی نەزانێ.

90- ا- شان بە قوڕ لەخۆ بەشکە.

ب- گاسن دز لەخۆ بەشکە.

ئەم ڕووداوە دراوەتە پاڵ میر محەمەدی مەزن، پاشی کۆرە، چاوێکی قیچك بووە، بەم شێوە دەبێتە ئەدەبی میللی، بەڵام ئەم قسانە لەناو کوردا پێشتر باوبوون بۆیە زیاتر بەرفۆلکلۆر دەکەوێت.

کاروباری فەرمانڕەوایی ڕواندوز تا دەهات بەرەو کزی دەچوو، مستەفا بەگ، باوکی میر محەمەد، دوو دڵ بوو، جلەوی کاروباری وڵات بداتە دەست کوڕە گەورەکەی، چونکە دەیزانی براو برازاکانی خۆ تووشی سزادانێکی قورس دەکەن، بەدەستییەوە. ڕۆژێك لەخۆ بێزار بوو، ڕاسپێرێکی نارده دوای لە چۆلە مێرگ، ئەویش وەك باشووکە بەرەو ڕووگەی گوردستان کەوتە ڕێ، بەدەم چاوەنواڕی کارەساتێك یان گۆڕانێکی نوێوە، بەهەناسە بڕکێو پەشۆکاییەوە، سەلامی لە کوڕی دیوەخان کرد، سەلامیان وەرگرتەوە.

میر محەمەد باوە بفەرموو، چ فەرمانێکت هەیە، ئامادەم.

باوکی میر محەمەد: ڕۆڵە ئێستا دانیشە، پشوێك بدە، هێوارە هەموو شتێك تێدەگەیت، نوێژکرا، خوانچەی بەدوا داهات، نان خورا، دەستو دەم شوورا، مستەفا بەگ: ڕۆڵە با بەرەو ماڵ ببینەوە، دانیشتنێکی تایبەتیمان هەیە، دایکیشت بەشداری کۆبوونەوەکەمان دەکات، دایك بەپیر جگەرگۆشەیەوە هات، هەردوولا ڕوومەتی ماچ کرد، گوتی دایك لەبەر ئەو بەژنو باڵایە گەڕێت، لەسەر ڕایەخە ئۆرتەکە دانیشت، کەوتنە ئاخاوتن، میر محەمەد هەستی مەستییانی کرد، کپو ماتو بێدەنگ بوو، خەرکی لێك دانەوەی خۆی بوو،

چۆن دەتوانێت باری ئاڵۆزاوی وڵات ڕاست بکاتەوە. باوکی ڕووی دواندنی تێکرد، میر محەمەد کوڕم من و دایکت وامان بەباش زانی تۆ لەشوێنی من دانیشی، ببیت بە میری سۆران، ڕۆڵە من پیربووم، ئارەزووی زەبرو زەنگ نواندنم نەماوە، براو برازاکانم بەیەک جاری دەست لەکاروباری وڵات وەردەدەن.

دایک ڕاست بووەوە، ئۆخەی خۆشەویستی دایێ، دڵی دایک و باوکت مەشکێنە.

محەمەد هاتە زمان باشە بە چەند مەرجێك.

دایك و باوك دڵنیای مەرجەکانیان کرد، بەرەو دیوانی بارەگا گەڕانەوە.

91- شەقریان شکاندی!

لەگوندێکی دەڤەری ئەم شارە، پیرەمێردێکی زۆر سادەو ساکار هەبوو، لەبەر کەنەفتی هیچ کارێکی پێئەنجام نەدەدرا، لەبەرهەبوونی ژنێکی پاش خوالێخۆش بووەکە هێنابوو، ژن هەر ناوی ژن بوو.

ڕۆژێك باراشیان نامێنێ، ناچار ژنە دەچێتە ئاشی، جاران ئاشی ئاویێ نۆبەتی بۆ دەگیرا، باراشهێڕەکان سکیان بە ژنە دەسووتێ، بەبێ نۆبەت دێڵن باراشی لێبکات، ژنە پاش نیوەڕۆ بەحەوشەی دەکەوی، باراشی لێکردبوو!

پیرەمێردی زماندرێژ: ها ژنەکە، نۆبەت گرت؟

ژنەکە لەسەرەخۆ پیاوەکە باراشهێڕەکان، خوا خێریان بنووسی، بەبێ نۆبەت باراشیان بۆ لێکردم.
پیرەمێرد: شەقریان شکاندی!
* ئەم پەندە بۆ کەسێك بەکار دێت، گومانێکی لەخۆڕای ناڕەوای بۆ دروست ببێت.

92- شێخ شەروان، گومەتی هەرناگری.

شێخ شەروان، شێخێکی ناودار بووە، لەدەشتی هەولێر، گوندەکەش بەناوی وی ناونراوە، گۆڕەکەی لەخاکە سۆرکەرانێکە شەق شەق دەبات، زۆرجاران گۆمەزی لەسەر کراوە، گۆمەزی کەرپووچ خرادەبی، بەبۆ چوونی پیاوە ئایینەکان ئەو دەڤەرە ئەمە لەبەر بێفیزی چاکەکە- شێخ شەروان- بەگۆمەز خرا دەبیت.
* ئەم پەندە بۆ کەسێك دەگۆترێت شتێکی باشی بۆ بکرێت لەبەر هۆیەکی تایبەتی خۆی نەیەوێت.

93- عەولا ڕەشە ، ئەو هەر بەشە.

عەولا ڕەش لەبەر بێنەوایی و هەژاری ، دەچووە هەموو مالانی گوند بەشداری خواردنی هەموو خوانەییێکی دەکرد ئەمڕۆ لێرەو بەیانی لەماڵێکی تر کوێندەر خۆش بوو ئەو لەوێ بوو، وای لێهات کابانەکان بەشی عەولا ڕەشیشیان دروست دەکرد تابووە بە پەند: عەولا ڕەشە ، ئەو هەر بەشە.
* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن خۆی بکاتە بەش وە یار هەر شتێکی بە کەڵك و لەبەرژەوەند خۆی لێبکات بە بەش.

94- فسۆغلییه، ئێواره بەسەر فەرخەی خۆیدا دەفیسی.

فسۆغلی، فیسقەگولەیە، شەوان لەناو هێلانەی خۆیدا بیردەکاتەوە، دەڵێت: من باڵندەیەکی پڕ لەزاخم، بەوەجم، بەیانیم لێبدات، بەسەر باڵندەکانی هاوتوانام دابفسم سپیدەی بەیانی دێت، دەست بە جوقە جوقێ دەکات، هیچی لەدەست نایێ کە ئێوارە دەگەڕێتەوە بەسەر فەرخەکانی خۆیدا دەفسی.

* ئەم پەندە بەکەسەیکی بێتوانا دەڵێن، لەناو دەروونەوە خۆی بەزیاتر بزانێ.

95- فیتە لبەڕ فیتی کرد، ئەسمەر کراسی چیتی کرد.

دەڵێن لەیەکێك لە گوەندەکانی ئەم دەڤەری هەولێرە، پیاوێك هەبوو ناوی فیتە لبەڕیابوو پیاوی ئاغابوو، ڕۆژێك لەشەڕێکدا دەکوژرێت، زۆری پێناچێ ژنەکەی کراسێکی چیتی دەکات.

خەڵکەکە دەڵێن: فیتە لەبەڕیا فیتی کرد، ئەسمەر کراسی چیتی کرد.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن باکی بەکارەساتێکی گەورە نەبێ، بکەوێتە دوای ئارەزووی خۆیەوە.

96- قازو قورینگ کەچەرو کۆران، هەراوێرن.

قازو قورینگ لەکوێستانان دەگەڕێنەوە، وەیا دەچن، بەشێوە فڕینێکی ئەندازەیی هۆنەری دروست دەکەن، بە چریکەی خۆش، دەرچریکێنن.

منداڵان لەسەر زەوی بانگیان دەکەن: قازو قورینگ کەچەرو کۆران هەراوێرن.

* ئەم پەندە هی ژنانە، بۆ جودا کردنەوەی خراپ و چاکە.

97- قۆنگرو قەرات، بە بنەوە هات.

ئەم پەندە ئاماژە پێکردنێکە، بۆ کارەساتەکەی دمدم بەسەرۆکایەتی خانی لەپزێڕین.

ئەسعد خانی برادۆستی لەساڵی (1607)دا باوڕی بە تورکەکان نامێنێت لەگەڵ شا عەباسی سەفەوی بەندکارکیان تێکەڵ دەکەن، بەماوەدانی یەکەمیان قەلای دمدم دروست دەکات، نەیارانی شا عەباسی لیّ هاندەدەن، شەڕێکی قوڕس لەنێوانیان ڕوودەدات، ماوەی ساڵێك شەڕەکە بەردەوام دەبێت تا ئەحمەد بەگی لێتانی ڕووی ڕەش بی لەگەڵ شەیتانی گزی لەگەڵ دەکات، کاغەزێکی لەسەر ڕمی دادەنیّ بۆ دوژمن دەهاوێژێت، دوژمن کاغەزەکە دەخوێنێتەوە، سەروچاوەی ئاوی کانییەکەی قەلای دمدمی بۆ ئاشکرا دەبێت.

دوژمن سەرچاوەی ئاوەکە پڕ زبڵو هەش دەکات، وەڵامی کاغەزی شێخ مەلا ئەحمەد بەگی جزیری بەپێچەوانە بە دەست دەگات، ناچار لەگەڵ شا عەباس بەچەند مەرجێك ڕێکدەکەوێت، مەرجەکان فڕوفێڵ بوون، داونانەوەبوو، بۆ لەناوبردنیان.

* ئەم پەندە بە ڕووداوێك دەگۆترێت، ئەنجامی بەماتەمینی و خراپە بێت.

98-قوربانت بم کوڕی سێو لەباغەریّ.

کیژێکی فێلباز لەدروێنە دوا کەوت بوو، زانی بەیانی زبارەیان بۆ دەچێت، کۆمەڵە سێوێکی بە قەنەفلی دەنەخشێنێت، بەنهێنی لە باغەلی پاڵە لاوەکان دەنیّ، تا هەموو سێوەکان لەسەر کەسە لێوەشاوەکان تەخش و بەخش دەکات، جار ناجارە لەبەری دروێنە دەیگۆت: قوربانت بم...... جاعێلان هەندەی تر گوڕیان دەستاند، بۆ ئێوارە تەبارە شڕبوو، ئێوارە بەرەو ماڵ گەڕانەوە یەکێکی زیرەکیان تێدابوو، گوتی کوڕینە، لەو بەزمو سەرخۆش و ماندووبوونەی

هەموو لامان، هەست دەكەم فێڵمان لێكراوە، بەقسەكەی ئەو ڕوون بوەوە، هەر كەس سێوی خۆی دەرهێنا خواردیان، بوو بە تریق و هۆڕی پێكەنین.

* ئەم پەندە كەسێك دەیڵێت یەكێكی ساویلكەی پیٚ لەخشتە ببات، بۆ مەبەستی خۆی بۆ ماوەیەكی تایبەتی.

99- قەلە ڕەشكە لۆ چاكە ناقڕینی.

دەگێڕنەوە دەڵێن لەم كوردستانەدا، پاشایەك هەبوو، تووشی گۆڕووتی هات، چەند نوشدارو مام مۆرتك و پیتولی قەلەمڕەوەكەی هەبوون كۆیان كردنەوە، تا چارەیەك بۆ ئەو نەخۆشییە پیسە بدۆزنەوە، هەموویان كەوتنە ئەو باوەڕە، دەبێت شای باڵندان بگرن، باڵی بكەن، لە ژوورێكدا بەری بدەن، تۆزو خۆڵی بەرپێی هاتوچۆكردنەكەی بەسەردا دەڕوات، بە بڕینەكەكانی وەر بكەن دوور نییە چاك بێتەوە خەڵات و پاداشێكی زۆر چاك تەرخانكرا بۆ ئەم مەبەستە شای فڕندان كیستان و گەرمێنی دەكرد، وەرز گۆڕا، گەرماتینی ستاند، باڵندەكان بەخۆكەوتن لەكژی خۆی دەستیان كرد بە كۆچ كردن، بە ئاسمانی كەوتن، فڕین فڕین ئەو بەرزە فڕانە هاتن نزیك چیای... بوونەوە، زۆر ماندوبوون، برسیەتی و تینوویەتی هیلاكی كردبوون لەهەموو لایەك داو دانرابووەوە.

شای باڵندان سەیری كرد، دوونگی چەور، گۆشتی قەڵەو، بەرخۆڵەی بەستراو... بەر چاو دەكەون، بۆ ڕاست و چەپ ڕووی خۆی وەرگێڕا، لایەك باز، لایەك شەهێن، لەم لاو لەولای بوون، شا: چ دەڵێن لەم خواردنانە، جەمێك تێر بخۆین، وا دیارە برسیەتی هەموومانی هیلاك كردووە، هەر یەكەیان: پاشام خواردن لەم شوێنانەدا مەترسیان لێدەكریٚ بابچینە شوێنێكی بێترس،

پاشامان سەلامەت، خۆمان چۆن لێڕاهاتووین، خواردن و خۆراکی خۆمان دەخۆین.

سالێك و دووان، شای فڕندان لەخۆبایی بوو، وورده وورده دەمڕاست و جوامێرو دەستو پێوەندەکانی بەقەلە ڕەشکەو سیسارکە کەچەڵ و داراشو ... گۆڕییەوە.

پایزێك بەرەو گەرمیان دەگڕانەوە، هاتن تووشی شوێنی نێچیری بەداو بوون، شا ڕووی کردە دەستە چەپ و دەستە ڕاستی گوتی: برادەران، نەنیشنەوە لەم خواردنە تەڕو تازانە تێرو پڕ بخۆین.

سیسارکە کەچەل سەری لە بن گوێی داراشو قەلەڕەشکەی نا: کورە ئەوێهێ واهەست دەکەم مرۆڤە خۆی لە سپیرناوە، پڕوش و پەراشی بەسەرخۆدا کردووە.

قەلە ڕەشکە گوتی: لێی گەڕێ، هەر بە لایەك بێ، لەپێشدا تووشی شا دەبێت، گۆشتەکەی چڕە ناخورێت، فڕێیدەدەن، خۆمان دەیخۆین.

قەلە ڕەشکە قڕاندی دەیبفەرموو پاشای گەورەمان، تۆ بنیشە تێرو پڕ بخۆ، ئێمە ئاگاداریتان دەکەین تا تێر دەخۆیت.

باشووکە بەتەنیا یەکێك بوو لە پیاوە ماقوولەکانی مابوو، گوتی: گەورەم مەنیشە دەترسم شتێکت بەسەر بێت، قەلەڕەشکە بۆ چاکە ناقڕینی.

دامودەستگا دایانە قاقای پێکەنین گوتیان: ئا سەیر کەن خەریکە زراوی شادەبات چەند ترسنۆکە: وادەکات ئێمەش بڕوامان لاواز بێ.

شا چاوی چووە پشتی سەری گوتی: دیارە تۆش باشووکە وەکو بازو شەهێنی نزیکە بمتۆقێنی ئەو شایەتییەم چۆن پێدەکرێت، قسەی وا لە ڕووی من دەکەی دیارە دەتەوێت لێمیاخی بیت، بڕۆ بۆ کوێ دەچیت بچۆ بەرچاوم بەردە، ناچار لە تەشکی خۆیدا ڕۆیشت.

شـای باڵنـدان بـەو پـەڕی لـەخۆ بایبوونـەوە لەسـەرەخۆ بـۆلای نێچیر هاتـەوە خـوارەوە، قەلەڕەشـکە ڕاوچییەکەی بـەدی دەکـرد، گـوتی لێـی گـەڕێن بـا ئـەم بەزمو سەیرە ببینین، شای خواگرتوو لـە سـەر بەردیلـە بەپشتەکی وەرگەڕایـەك نیشتەوە، تـەپ بـەداویْ وەبـوو، قیژە بڕیـان کـرد. دامودەستگاکای بۆ ئاسمان بەرزبوونەوە، پەرتەیان لێکرد.

کابرای ڕاوچی بەخۆشی خۆشی بـۆ پادشـای شـاری بـرد، بەخشیشـەکی زۆر باشی وەرگت، پاشای گڕووبووی، لەشای فڕندانی پرسی: ئەوە چەند سالێکە بەدواتا ویڵو سەرگەردانین بۆمان نـە دەگیرای، چۆن ئـەمجارە وا بـە سـانایی و گێلانە کەوتییە داوی فێلبازییەوە؟!

شـای فڕنـدان: هـەر کەسـە چاکە بەخراپـە، ڕاسـتگۆیی بـەدووزمانیو سـەختە بـازی بگۆڕێتـەوە وەکـی منـی بەسـەر دێـت، شـەهێنو بـازم بـە قەلـە ڕەشـکەدا، قەلەڕەشکەش بۆ چاکە ناقڕێنی.

پاشا گوتی : مەرج بێت داو دەرمانی خۆم دەکەم، چاك ببمەوە بەخێوت دەکـەم تا زۆر چاك پەڕو باڵت دێتەوە، بەرت دەدەم، بەڵام جارێکی تر تـا نـانو پیازێك لەگەڵ کەسێك نەخۆیو ئەزموونی نەکەی پشتی پێنەبەستی.

100- کاکەم سوار بوو لە گەرسـواران، بـەفر ڕەویـەوە لـە نساران، گـوو بەڕیشیْ کادینداران.

تـا ژیـان لەسـەر ئـەم گـۆی زەوی مـرۆۋ نـشینەدا هـەبێت، زنجیرەی ڕووداوی نەپـچڕاومان هــەر لەبەربوونــەوەدا دەبــیْ، ئــەم ڕووداوانــە دەبنــە چــیرۆك و سەرگوزشتەی بەکەلك، بەسەربردنی ژیانی ئەم کوردستانەی ئێمـەش ڕووداوی لیْ ڕوداوە، بەشێکە لـەم بینـەو بـەردەی ڕۆژگـارە، لـەم کێشەیە بەسـەرهاتی وا هـەن گـەلێك پەنـدو ئامۆژگـاری جـوانو بـەنرخی لـیْ هەڵـدەهێنجرێت، ئاسـۆی بیرمان پیْ فراوان تر دەبیْ.

لەم دەشتی هەولێرەو سەرتاپای کوردستان بەگشتی، سەردەمێك باو هەرباوی سوار چاکی بوو، بە پێی نەریتی ئەو سەردەمە هەر کەسە نانی هەبووایە، وەیا خۆی بە پیاو بزانی بووایە، دەبوو پیادە نەبیّ، ولاغێکی سواری هەبی.

سالێکی قاتیو قووتی زستان وەکو دەلێن یان سەروەشێنە یان دوا وەشێنە، درێژەی بە بەفرو زریانو کرێوەدا، مالی مام باپیری ئالیکیان نەما.

پیرۆتی برا گەورە: دەی خوشکم، ئاسکۆلّ، برۆ لەمالی مام وەیسی، بزانە چەند چارۆگە کایەکی بۆ ئەسپ شیّ ناهێنی، هەر چەند دەکەم نانم پیّ ناخوریّ.

کچە ئاسکۆل: کاکە گیان، من ئافرەتێکی ڕوو سوورم، چۆن بچمە مالان، بۆ بەخۆت ناچی؟

کوڕە: خوشکم، چارچییە هەر دەبیّ تۆ بچی، ئەگەر نەش دەنە تۆ هەر دەبیّ، ئەگەر نەدەنە من دەبیتە دوو لێقەومان!

کچەی ڕوو سوور، ناچار دەست بە ڕووی خۆی وەدەگریّ، بەرەو مالی کوڕە دەخشیّ هەر هەنگاوێك وێنەی هەزار کارەساتی نەخشە دەکێشا، کچە نزیك بووەوە، سەلاموعەلێك. کوڕی مام وەیسی بەتاقی تەنیایی لەمالەوەبوو، وەلامی دایەوە، وەعەلێکە سەلام، بەخێربێی سەرچاوان، ئەی میوانەکەی چ جار نەهاتی بفەرموو.

ئاسکۆلّ: کاکم سەلامی لێدەکردی گوتی، پاشۆلە کایەکمان بداتیّ، ماینەکەمان دوو ڕۆژە چی نەخواردووە!

کورد دەلێت چەم بێچەقەل نابی.

کوڕە : باشە ئەگەر.......

ئاسکۆلّ: جوان بدویّ با باشت تێبگەم.

چی بمەویّ ، بە گوێمدەکەی؟

ئاسکۆڵ، کاکە بۆ شەپۆپەت شێواوە؟
کوڕە، گیانەکەم لەدەست خۆم نییە، وەختە بۆت شێتو هاربم، ئەگەر ماچێکم بدەیتی هەموو ڕۆژێ چارۆگە کایەك ببە.
ئاسکۆل: برا مـن چ ڕۆژێك ئاوڕم لـەتۆ داوەتـەوە؟ هـەتا وا ڕووبـەروو دڵـم بشکێنی.
کوڕە: بە قوربان ، توخوا قسەی ناخۆش مەکە.
ئاسکۆل: تازە ئەو برینە بەهیچ دەرمانێك تیمار ناکرێت.
کوڕە : قسە ڕەقەکانت سەرسەرم هۆشت بێنەوە سەرەخۆ، من هەبووەم دەتوانم لەبەر زێرو زیوت بگرم.
ئاسکۆل : بـەکورتی باشـی تێبگـە، ئێمـە مـاینی حـەدوود لـە پـیرە کـەرێ چاناکەین!
کچە بەرەو ماڵ دەبیتەوە، براکەی، ها دەست بەتاڵ گەڕایتەوە؟!
ئاسکۆل: کاکە خەمی مەخۆ، خوا یار بی، خوشکت ساغ بی، لەچاوە دینی دۆست و دوژمنانماینت بۆ دەردەبەم، لەپاش تاڵی خۆشیە.
براکە: هەموو هیواو ئاواتم ئەوەیە ئەسپەکەم دەربچێ، لە برسان نەتۆ پێ.
ئاسکۆل: خودا پشتیوان بی خوشکی دڵسۆزت، ناهێلێ هیچی بەسەر بێت، پیـشەقانێکی بەدەسـتەوە دەگـرێ، دەچـتە نـاو زوورگەکـەی بـەرماڵان، بـە پیـشەقانی فریـزی لـەژێر زەوێ دەردەهـێنێ، ڕۆژانـە پاشـۆلێك دەکـات، دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لەپێش ئەسپی ڕوو دەکات، تا گەیشتە گیا شینکەی دەرە بەهارێ، خۆشی هەموو لایەکی گرتەوە. ڕۆژێك کچەکە دیتی وابراکەی سواری هەسپی خۆی بووە لەگەڵ کۆمەڵی سواران، کوڕەی گۆرینشیان لەگەڵ بوو گوتی : کاکەم سواربوو لەگەڵ سواران........... .

101- کاوجۆ لەبەر سەی، هێسك لەبەر هەسپی- هەسپ-

ئـەم ڕۆژگـارەی ئێستا ئێمـە لێـی دەژیـن، سـەردەمێك بـاو بـاوی هێـزو بـازوو بـووە، كـۆی چـاو نـەترس‌و نەبـەردبووە ئـەو كەسـە پاڵـەوانی بـووە. ئازایـەتی بـەپێی سـەردەم گـۆڕانی بەسـەردا دێـت، ئـەوەی دوێـنی بـەباش دەزانـرا، هـیچ دوور نییـە، ئیمـڕۆ ئـەو نرخـەی جـارانی نـەمابێت، ئـەوەی بەدەگمـەن بـیری لێنـەدەكردەوە، ویـردی قارەمانیـەتی سـەردەم بێـت، بـۆ وێنـە دەڵێن: بـاوكێكی كەنەفت، بازیبەندی هەبوو، دایە كوڕە تاقانەكەی پێی گۆت: ڕۆڵە لەسـەر قـۆڵی ڕاسـتتی ببەسـتە، هـەتاماوی لەبـەری نەكەیـەوە، پـەكت ناكـەوێ، كـوڕە بازیبەندەكەی بەست.

ڕۆژێك كوڕەكە لەسەر ڕوبارێك خۆی ڕووت كردەوە خۆ بشوات، دایكە دێوێكی لێ پەیدا بوو، پڕیدا بازیبەندەكەی، كوڕە توند گرتی لەمی كێش لەوی كێش.

دێوەكە گۆتی: پیاوی چابە، بازیبەندەكەم بدەرێ ئەگینا لەناو دەچیت.

كوڕەكە گوتی: گیانم دەربچێت ئامۆژگاریەكەی باوكم نەشكێت!

دیـوە بـاڵی گـرت‌و بـەئاسمانێ كـەوت، بەبازیبەنـدەوەی بـرد لەناوەنـدی حـەوت دەریایانی دانا.

دێوە شوێنێكی تایبەتی هەبووە لەم شوێنە بە كوڕەكەی گۆت سێ مـەرج هەنـە ئەگەر بەجێیان بگەینێ چیت بووێت بۆت جێبەجێ دەكـەم دەنـا ئـەتو لـە چنگـە من دەرباز نابێت بچییەوە!

بەیانی دێوە ڕاست بووەوە، كلیلەیەكی دایی گۆتی، هەڕووە ئـەم ژوورەی بزانـە چ دەبینی!

نیـوڕانی خـواردن‌و قـاوەو قەڵنــەم بــۆ ئامــادە بكــە، هــەتا لــە ڕاوشــكارێ دەگەڕێمەوە.

کوڕە بەکش و ماتی، دڵی لەهەزار ئاشی لێدەکرد، چوو دەرگەی کردەوە چ ببینی، سێ کیژی ئەوەندە ناسک و نازداری تێدابوو، بەدرێژی تەمەنی خۆی شلکە نەمامی واجوانی نەدیت بوون لەمێژبوو کەسیان نەدیت بوو بە ئەحمەدی شاگەشکە بوون، تا بەرەبەری نیوەڕۆیان پێکەوە بردە سەر.

ئەحمەد داوای لێکردن ماوەی بدەن بە جێیان بهێڵێت، گۆتیان بەمەرجێك ئەگەر دێوە تۆی بەر هەڵدا دەبێ ئێمەش ڕزگار بکەیت.

هەتا دێوە هاتەوە هەرچی فەرمایشتی لەسەر بوو جێ بەجێکرابوو، چاوەنواڕی گەڕانەوەی دەکرد، کاتێك دێوە وەك زریانێك هاشەی هات پەیدابوو!

ئەحمەد مەرجی یەکەمتم بەجێگەیاند یان نا؟!

دێوە پێ دامەگرە، ئێوەی مرۆڤ چاو تێرنین!

بەیانی دێوە کلیلی دووەمی دایێ گوتی: هەڕوە ئەم هۆدەیەی، ئەحمەد چوو، سەری بە ژوورێ داگرت هەندێك مرۆڤی لێ بەداری وەکرابوون، هەبوو مردبوو، هەبوو هەر ئەوەتە مابوو، هەبوو لەکۆت و زنجیردابوو، هەش بوو بەلاقێکی بەداری وەکرابوو... هەمووی رزگار کردن، کۆت و زنجیری لەپێودەستی کردنەوە، هەتا پێش نیوڕانێ خزمەتی کردن، دوایی چوو خواردنەوەی بۆ دێوە ئامادە کرد، خۆی بۆ پێشوازی ئامادە کرد.

دێوە وەك گەردەلوولەی پایزان ئامادەبوو.

کوڕە: دووەم مەرجم جێبەجێ کرد یان نا؟

دێوە: بەڵێ تەواوە.

جاری سێیەم دوا کلیلی دایێ گۆتی بڕۆ ناو ئەو خانووبەرەی بزانە چییان تێدایە. ئەحمەد چوو دەرگای کردەوە، دیتی سێ هەسپی لێبەسترابوونەوە، یەك ئی بای، یەك ئی دەریایی، ئی سێیەم هی بارانێ: ئیسك و پروسکیان

لەپێش دانرابوو سێ تانجیش بەسترابوونەوە، کاوجۆیان لەبەر دانرابوو، چوو جێگۆڕکێی پێکردن پێش نیوەڕۆ ئەرکی پێسپێراوی گشت جێبەجێ کرد، لەپێشوازی ڕاوەستا لەناکاوێك هاشەیەك هات دێوە هاتەوە.

ئەحمەد گوتی : ها تەواوم کرد یان نا.

دێوە بیری کردەوە، مەرجەکانی هەر سێك بەجێگەیاندوون ، گووتی تەواو، زۆر پێ دامەگرە، لەسنوور دەرچوون ڕاست نییە!

ئەحمەد گوتی : یەکەم هەر سێ کچی ژووری یەکەمم دەدەیتێ، دووەم ئەو مرۆڤی بەگیان ماون بەریان هەڵدەدەی، سێیەم ئەو سێ هەسپو تانجی لەژووریێ بەسترابنەوە دەمدەیتێ.

دێوە مەرج کراوە! هەمووی بۆ جێبەجێ کرد.

کیژەکان، یەك کیژی شای پەریان بوو، یەك کیژی پاشای ڕۆژهەلاتی بوو، یەك هی ڕۆژئاوایێ بوو.

دێوە بازیبەندو دەستە جلکەکەی داوە ئەجمەدی گوتی لە بن جلكو شمەکەکانی خۆت لەبەربکە، کیژی شاری پەریان نەیبینێ نەخۆ دەیباو لەچاو وون دەبی. خۆیو کیژی شای پەریان سواری ئەسپێك بوون، دووەکەی تریش هەریەکە سواری ئەسپێك بوون لێیاندا ڕۆیشتن.

کیژەکان گۆتیان، کچی شای پەریانت دەوێ، ئێمە بۆ کارەکەرییو ناومالی دەبەیت خوا هەڵناگری، چاکەکت کردیە بیکە بە دوو، ئازادمان بکە.

ئەحمەد ئازادی کردن.

بەخۆ بەکیژی شای پەریان کەوتنەڕێ، چوون لەسەر کانیەك دانیشتن، ئەحمەد گەرمای بوو بەدزی جلەکانی شای پەرییانی لەبەر کردەوە، لە پاشکۆی دانا، کیژە گۆتی برسیمە، نوردییە نانێك پەیدا بکە بیخۆن، کوڕە چوونانی بهێنی، کچە پاشکۆی ڕۆنی شمەکەکانی دیتنەوە گوتی دەڕۆم، نامەیەکی نووسی

گوتی خوا هەڵناگری ئەمنت ڕزگار کردیە، نەریێ بێمەرجی کرد، من دەچمەوە لای باوکم وەرە لای ئەو بەسەرفیرازی ئەمن لەوی بخوازە، شووت پێدەکەم.

ئەحمەد هاتەوە کچە نەمابوو ئەملاو ئەولای کرد نەیدۆزیەوە، چوو پاشکۆی ڕۆنی، نامەکەی خوێندەوە، لەجێی خۆی ساردبووەوە، ئەوەندە پەست بوو هۆشی لەکەللەدا نەما.

خدری زندە، هێزی خێرخواز، لەوی ئامادەبوو گوتی : ها ئەحمەد چیتە!؟

ئەحمەد توند گرتی بەری نەدا گوتی: مادام ناوم دەزانی دەش زانی چیم بەسەرهاتووە دەردم بۆ دەرمان بکە.

خدری زندە گوتی: دەردی تو بە من تیمار نارکیٚ هەڕووە سەر ئەو چیایە بڵندە، دایکە دێویٚك لەویٚ هەیە، ئەوەند گەورەیە ئاسمانی لەناو لنگان دیارە، مەمکی ڕاستی هاوێشتیتە سەرشانی چەپی، هی چەپی خستۆتە سەر شانی ڕاستی، لێی نزیك بەوە، چ قسانی لەگەڵ مەکە، ڕاست دەو بەمەمکی وەنیٚ، بەری مەدە، بیمژە هەتا بەڵێنت دەداتیٚ.

دێوە هەرچەندی کرد، ئەحمەد زاری لە مەمکی نەکردەوە، دیوە گوتی خۆت بە قوربانی ئەو کەسەی کە ئەو ڕیٚو شوێنەی بۆداناوی، تازە شیری منت خوارد ناتخەمە بن کەلێنی ددانانم، ئەوە هەفتەکە لەدوای نێچرێکی وەك تۆ تەڕ دەگەڕێم بخوازە، ئەوی لە دڵت بیلیٚ، چ هەبی بۆت جێبەجیٚ بکەم!

هوردوو باریکان ئەحمەد چی بەسەرهات بوو، بۆی گێڕایەوە.

دێوە سیٚ کوڕی هەبوو، سیٚ نامەی بۆ نووسین داییٚ، چووە لای کوڕی یەکەم زۆر ڕێزی لێگرت، بەیانی ناردیە لای برای دووەم ئەویش بەڕێزەوە ناردیە لای برای سێیەم، کە برای سێیەم کاغەزی خوێندەوە، لەسەر چاوای دانا.

ئەم کوڕە قۆنگرەیەکی کردبوو، چڵ پێبلقە بڵند بوو، گۆتیە ژنیٚ هەڕوو شفتیمان بۆ بهێنە، سیٚ جار پێی گۆڕی، دەیگۆت یەکی باشتر بهێنە، ژنە

دەنگی نەکرد، دیوەکە گوتی: من برا گەورەیانم نیشانەی پیری لەمن دیار نییە، براکانیشم پەرپووت بوون، پیاو، مێرد ژنی باشی هەبێ داناکەلێ.
بەیانی پەری هاتنە سەر قۆنگرەکە چل فەردە زێڕیان هێنابوو بە چل فەردە خوێیان ئاڵوگۆڕ کرد، دێوەکە ئەحمەدی لەناو فەردەیەك نا، بردیانە لای شای پەرییان، ویستیان بیکوژن، کچە دیتی چاوی بە ئەحمەد کەوت پێکتر شاد بوونەوە.

102- کوڕی خاس، لە ژنی خاس دەبێ.

بەتاکە ماڵە لەسەر حەوت ئەستوندان لەدۆڵە چڕەی هەڵیاندابوو، وڵساتێکی زۆریان بەسەرەوەبوو، کە لێورد دەبوویەوە، سەیرت دەکرد هەر تاکە پیرێژنێکی پڕکارەو بە پەشتە پەشت ڕانە دەوەستا بەتەنیایی دەهاتوو دەچوو، لەدەست خۆی نەبوو چبکا، پێشتر خودا لێخۆشبووەکەی باوکی منداڵان یارمەتی دەدا، خودا بە جوانەمەرگی بۆخۆی بردیەوە، کەلێنێکی ئەوتۆی پەیدا کرد هیچ پڕنەبێتەوە، ئەرکی سەردارەکەشی کەوت بووە سەرشانی، خۆ هێشتا ژنیشی بۆ مێرمنداڵەکە، کوڕە گەورەشی نەهێنابوو خلتوخارەکەی دواییان منداڵە ماویەتی خۆ گەورەکەیان دەبووایە یەکدوو ساڵێك بوو ژنی بۆ بهێنایە، بەژیانی خێزانداری شاد بکردایە، بەو نێرینەی بەهارە ناچار بوون لەبەر هەڵنەسووڕانی کار ماڵەکە چۆل بکات، کوڕەکەی بنرێتە ماڵی خاڵوانی بەڵکو کچە قژنێکی خۆیانی پێشکەش بکەن، بەو سەرەساڵەی کوردییە لەوکاتە ناسکەدا ئەوەندە پارەو پوو لەگەڵ خۆی ببات، تا هەموو شتێك بەکجاری بڕێتەوە، وا دیارە دڵیان نەشکاندووە، دەنا دەبووایە ئیستا بەگەڕابووایەوە.

دەستە دەزكەی ئەوبەری دوورو نزیك سەیریان دەكرد، ئەو تاكە ماڵە لەم چۆلگەیەدا خەلك سەگی هەیە ئەوانە سەگیشیان نییە، هەر پیریژنێك دیار بوو، ئەویش بە ژنان ناچی، وا دەزانیٚ دنیا شامی شەریفە، بەڕاستی سەیرە ! باشە هەرنا دەبیٚ ناوبانگی ئێمەیان نەبیست بی! خەلك مندالّمان پیٚ لە بێشكەدا ژیر دەكەنەوە دەبی ململانەیەكیان لەگەڵ بكەین .

سەر دەستەی دزان: برایان با بچین لەو تاكە ڕەشماڵە میوان بین، برسێتی تەنگی پیٚ هەڵچنیوین، پاش تێرخواردن دوور نییە ئەسپی خۆمانیان لەگەڵ لنگ بدەین، دیارە ئەوانە زۆر بێباكن، لەهەموو كەس بێمنەتن.

كۆمەڵەی دزە پیاو خراپەكان فەرموو پێشمان كەوە، هەرچی فەرمایشت بكەی ئێمە جێبەجیٚ دەكەین، سەرمان لەپێناوتۆدا خەلاّتە.

هەر كەسە لیٚ سواری ولاّغی بوو، چوون لەبەر ئەستوندەی ڕەشماڵی جەلەوی ولاّغیان گرتەوە، سەر دەستەی دزەكان بە فیزو لەخۆبایی بوونەوە، سەلاموعەلێك خاوەن ماڵ، پیرێژنیٚ مسری گۆشتی ڕەشتاڵەی بچكۆلانەی توند خۆشەتەكدای بە پیریانەوە هات، بەزمانێكی زۆر شیرین بە ڕوویێكی لە گوڵەكانی نەرۆز گەشتر گوتی: یاخوا بەخێربێن سەر هەردوو چاوی من، ماڵەكەتان ئاوادانكردەوە، جەڵەوی ولاّغەكانی گرت، هەر یەكی لەشوێنێك پێبەست كرد، گەڕاوە، گورج دوو مافووری لاكێشەی هێنا ڕایخستن، جاغێك تووتنی هێنا سەرو چەنگی خستە ناو كیسەكانیاوە، بێژن دەهاتوو دەچوو دەتگۆت پەلیكە، هەندی بلێی یەكودوو، كۆتكێك ماستاوی لەپێش دانان.

پیریژن: لەدەورو گەڕێم، ئەگەر زۆرتان برسییە هەتا نانێكی سەرپێی و بۆ ئامادە بكەم، ئەگەرنا بەرخێك و بۆ دەكەمە بەربەسێری، بان قوڕاو.

سەرکردەی دزەکان: داپیرە، بەفرنینە لەسەران بورین، کاروانینە ڕادەبرین، هەر سەرپێی خواردنێکی سادەمان بۆ دروست بکە، برسی نەبووینا، ئەم ئەرکەم نەدەخستە ئەستۆی پیرێژنێکی پرکاری وەك تۆ، دەبی بشمان بووری.

پیرێژن: ڕۆڵە دایکی گورگی بارن دیتە، هەنووکە بە ئارەزووی خۆتان چتان بووی بۆتان ئامادە دەکەم، ڕۆڵە خۆ بەخۆڕایی پارەی دوو ژنانم پێندرایە.

یەك لە دزەکان بە زەردەخەنەوە پارەی دووژنان بە تۆ دراوە؟!

پیریژن: بەڵێ کەسی داپیرەی، بەمن ، هەی لەمن هەی لە ژنەکەی تو؟!

دزەکە:دەبێ ئەو پیاوە چ پیاوێك بێ؟!

پیریـژن: ڕۆڵـە لەسـەرەخۆ بـە، ورد تەماشـاکە، بیربکـەوە، پیریـژن دەسـتوبرد، چـەند هیلکەیـەکی شـکاندەوە نـاو مەقلییەکـە، لەسـەر خوانچەی دانـا، کوتکـە ماسـتاوێکی تـری بـۆ هێنـان، لاو دوو سـەلکە پـەنیری خستە ئەملاو ئەولا دوو قـاپ لۆریـشی تیزوفیـز لەنێوانیانـدا دانـا، فـەرموون ڕۆڵـە نانەکـەتان بخـۆن، لەکەموکوڕیمان ببورن، خۆتان پەلەتانە.

سەر دەستەی دزەکان: داپیرە، ئەی کوا پیاوەکانتان؟ لەماڵێ نییە.

ژنە : نەخێر من هەموو شتێکم، لە چتان کەمە؟ بلێن.

سەر دەستەی پیاو خراپان، هیچ قسەبوو هات.

پیریژن شتێکی ترو دڵدەگری بۆتان دروست بکەم؟

یەك لە دزەکان: نا خواردن و خواردنەوەی بەهارێیە.

دزەکان تێریان خـوارد، سـەرو جگارەشیان لـە تـووتنی داپیـرەی داگیرسـاندو بەبادا، سەرو چای شیرینیان بەدواوادا کرد.

سـەرکردەی دزەکـان پـاڵی دابـۆوە قـۆڵی ڕاسـتی خـستبووە سـەر بالیفەکـەی تەکیەوە هاتەقسە گوتی: ئەرێ داپیرە ئێوە بەتاکە ماڵە لەم چۆلیانەو هەڵدایـە، بێسەردار چۆن دەژین؟

پیریژن: ڕۆڵە چ هەیە ، ئێمە خراپەمان بۆ کەس نییە؟
سەرکردەی دزەکان: باشە لەم هەردەو دوورە ئاوەدانییە، خەڵك سەگی هەیە، ئێوە سەگیش و نییە، ناترسن دەستە پیاوخراپێك، زۆر دارێك دەست بەسەر ماڵەکەودا بگریت و بیبات.
پیرێژن: کوڕی خۆم ئەوەی ئێمە بناسیٚ، خۆ تووشی تۆڕی مەناکات، دیٚ مێوان دەبی، نانی خۆی دەخوات، ئەگەر پێویست بکات یارمەتیش دەدرێن، تا ئێستا کەس نەیگۆتووە پێتان بەخراپ داناوە، ئەوی ئێمەش نەناسیٚ، ئاشاکی ئێوە، خۆی تووشی سەر ئێشە دەکات پەندو ئامۆژگاری دەکەین، ئەگەر تێگەیشتوو بیٚ ئەوا ڕێی خۆی دەگریٚ، ئەگەر ناخۆی تووشی سەر ئێشە دەکات.
سەرکردەی دزەکان: نمەکمان کردوون، نامەویٚ دەستدرێژیتان بۆ بکەم، پیرێژن قسەکانت ئەوەندە ڕەقن، ئەوەندە بە زەقیت دەربڕین، خۆتان بە زۆر داناو خەڵکت بەکەم دانا لەزگە، ماڵەکەتان خڕ بەتالآن ببەم.
پیرێژن: ڕۆڵە دەمێکە لەبەر دەگێڕی، لە ڕاهی خوات پێدەڵێم بە ڕێی خۆتدا بڕۆ چۆن هاتی؟ ئەوها بگەڕێوە، ئەو ماڵە بەکەس نەخوراوە بە تۆ بخوریٚ، ئەگەر بەکەسێك بخورابووایە، بۆتۆ نەدەما.
سەردەستەی دزان: من سەرکردەی ئەو کۆمەڵە دزەم، بەدرێژایی ژیانم، چاوم لەبەرکەس نەترووکاندووە، ماڵەکەتان بەتالآن دەبەم، بزانم کوڕەکانی تۆ، ئەوەندە شانازییان پێدەکەیت، چ دەکەن؟ چ دەست هەڵینانەك دەکەن.
پیرێژن: ڕۆڵە، هەر کەس سیپارەی خۆی دەخوێنێتەوە، دوور نییە هەریەك لەمن و تۆ لەمەبەستێك لەسووچێکەوە مەبەست بپێکی، پیاو خراپ بەخراپە، پیاوچاك بە چاکە لێکیدەدەنەوە.

سـەر دەسـتەی پیاوخراپـان تـازە هیـچی تێـدا نەمایـەوە، بەسـەردارو جگـەر گۆشەکەت بڵێ چی لەدەست دێت کەمتەرخەمی نەکات.

پیرێژن: ڕۆڵە کوڕەکەی من بەسەد پیاوی هەیە، ئەگەر شێر هەیە کەرکەدەنیش هەیە گوناهی خۆتان ، لەملی خۆتان.

سەردەستەی دزان: پیرێژن، قوڕ بەسەری پیاوەکەت.

پیرێـژن: مـن سـەردارەکەم ماوەیەکـە چووەتە جیهـانی نەبوونییـەوە، دوو کـڕی لەپاش ماوەتەوە، یـەکیان ئـەو منداڵـەی بـەر مەڕییـە، دووەمیـان گـەورەکە ئـەوە هەفتەیەکە چوویتە ناو خاڵوانی ژنێکیان لێبخوازی، یـەك هەگبـە پـارەی لەگـەڵ خۆی بردووە، هەموو شتێك دەبڕێنیتەوە، ئێوەش پیاوی باش بـن خراپـەکاری ملشکانی لەدووە، پێمناخۆشـە لاوی وەك ئێوە نـازدار ژێـر چەپۆکی کوڕەکـەی مـن بـبن، ئەگـەر ئێـوە سـکتان بـەخۆتان ناسـووتێ، بـەماڵ و منداڵـەکانتان بسووتێ، هەونکە هەریەکە کۆزە خێزانێكو هەیە.

سەردەستەی دزان: پیرێژن کارلەکارترزا بادانەوە لەگۆڕی نییە.

پیرێـژن: بـە ئـارەزووی خـۆت بکـە، تـۆ سـەرفیرازی چ دەکـەی بیکـە، ئەگـەر شەرمیشت بەخۆیە من چەند سەر مەڕێکت دەدەمێ، خۆت پێ هەڵبکێشە، بلێ بە زۆر هێناومانە.

یەکێك لەدزەکان بە زەردەخەنەوە: داپیرە کوڕەکەت چووە لەناو ماڵە خاڵوانی ژنێکی وەك تۆ نازدار بخوازی؟!

پیرێژن: بۆ؟ دیارە منت نایەتە بەرچاو؟! ناچووە بەدوای قەلقەلاشك کەوتووە؟ خوا بکەم بە ئاواتی خۆی بگات، سێ مەڕ خێری مەولودی پێغەمبەر سەدەقەی سەری زندیان بی.

سـەرکردەی دزان: بـەلاش لـەختوخوڕایی ئـەو کـوڕەت ناردۆتـە هەنـدەران چـیە ژنێکی وەك تۆ نازدار بخوازی !

پیرێـژن: کـوڕی مـن لەسـەر هـەران ناگـەڕێ، کـوڕی خـاس لـەژنی خـاس دەبـێ، گوجیلەی گورگ خنکێنی لە دێڵە حیزی هەڵناکەوێ، جوانی بەنانی ناخورێ، کوڕە ئەوەتە کوڕ بێ لە ئاشان نۆبەت بڕ بێ.

یەك لە دزەکان: دەك ئەو ئاشەی کوڕەکەی تۆ نۆبەت بڕی لێدەکات کۆربیتەوە.

پیرێژن: من چ لەبەرو ناپارێمەوە، ئێوە فرچكو بەخراپەی گرتووە وا بەئاسانی وازناهێنن.

سەرکردەی دزەکان: ئەو زاکوماکەی تێکەڵ بکەن، بەتاڵان دەیبەم، بزانم کوڕی پیرێژنە ڕەقەی چ دەکات؟ سوورکە پێشکەوە، عەجەلەی لەنێریان بکە.

پیرێژن: ڕۆڵە کتوپڕ بن، خۆ دەخەنە زاری نەهەنگی.

سەردەستەی دزەکـان: بیـبڕەوە، مـن تـالأنم بـرد بـزانم کـوڕە پووچـەکەی تـۆ چ دەکات؟

پیرێـژن: تـا ئێستا لـەگوڵێم گـرانتر پێنـەگوتی، قسەی ناشیرین بـە کـوڕم بڵێـی، وەڵامتـان بـە ناشـیرینی دەدەمـەوە، ئێـوە تـالأنی خۆتـان بـرد، ئەگـەر کـوڕی مـن تالأنی گێڕاوە ئێوەی ژێر دەست کرد، دیارە لەهەناوی منە، ئەگەر نا گـەردەنی باوکیشو ئازابێ.

سـەرکردەی دزان: دەترسـم زماندرێـژی تـۆ مێردەکـەتی تووشـی لەناوچـوونی کردبێ؟!

پیرێژن: ببوورە من بۆ مێردەکەم زۆر باش بووم، هـەر بانگی دەکـرد خـانم، مـن دەمگـوت گیـانی خـانمێ، لەسـەرە مـەرگی گـوتی، بـۆ شاسـواری کـوڕم، ئەگـەر ئەمن مردم ژنێکی لەماڵی باوانت بۆخوازە.

دزەکان کوڕە بچکۆلانەکەی پیرێژنێیان بەر هەڵدا گەڕاوە، وڵساتیان تێکـەڵ کـرد بردیان، خەریك بوو لەچاو وندەبوون.

ئێوارە پێش ڕۆژئاوابوون شاسوار بەخۆ بە بووکی گەیشتە جێ سەیری کرد، بارە بارِیان لەبەر دەرگانەماوە، بەنهێنی بانگی دایکی کرد، ها دایە ئەوەی چییە؟

دایك هوردو باریکانی بۆ گێڕایەوە.

شاسوار بۆ کام لاچوون.

دایك کوڕم ئەمشەو لای بووکی بمێنەوە.

کوڕە: ئاگات لە بووکی بێ، بووکی تێمەگەینە.

دایك برۆ خدری زندەت لەگەڵ، دایك لەسەرت گەڕێ.

شاسوار لێ سواری هەسپی بوو، زرێی پووش، ڕمی خستە ناوەندی هەردوو گوێ هەسپی، شیری عەمایل کرد، مووەکانی لەتاوان وەك نەشتەریان لێهات بوو، هەیپای لێکرد، بەیانی ڕۆژی داونەدا، لە دەشتێکی بەرفراوان تووشی دزان هات.

بانگی کردنێ کوڕینە بەخۆ کەون، دەستهەڵێنن، کوڕی پیرێژنێ گەیشتە سەر گیانتان، وەك بازوشەهێن و چۆلەکە وازیتان پێدەکەم.

شاسوار دووجاران بەسواری ئەسپی هاتووچوو، یەکێکیانی بە سەری ڕمی وەکرد یەك قسەی ناشرینی نەکرد، هەر دەیگوت دەستهەڵێنن، ڕۆژی تیربازییە، ڕانەوەستا هەتا هەمووی بەر زەفت کردن، یەکێکیان کردە سەرە شوان بە یەکێکی تریان دوا شوان، ئەوانی تر دیل، تا گەیشتەوە بەر دەرگای ڕەشماڵ.

پیرێژن: کتوپڕ بێ، چەندو لێپارامەوە دادی نەدا نەم گوت: کوڕی خاس لە ژنی خاس دەبی .

سەرکردەی دزان: داپیرە لە دوو چووان مەچوو، خوا هەڵناگری هەرتۆ کوڕت هەیە، ئێستاش هەرچاوەڕوانی چاکەین.

پیرێژن: ڕۆڵە با ئەو پیاوانە چیتر شەرمەزار نەبن ئازادیان بکە.
کوڕە: دایە فەرمایشتە ، با بڕۆن.

103- کوون بووە و ئا.

هێشتا ئەم جۆرە چەکومەکانە دانە هات بوون، سوارە کە لاوێکی هەبووە بوو، بەهەر چۆنێك بوویێت دەمانچەیەکی قەرەبینای ئەو سەردەمی پەیدا کردبوو. ڕۆژێکی پاش بارانەی بەهار تازە پەلکە ڕەنگینە لەنگەری خست بووە سەر تیلەکەی سەیدەوان، کۆڕی دیوەخان گەرم بوو، باس هاتە سەر دەمانچەی قەرەبینا، پاش چەند شاقاوێك تەنەکە کون ناکات، سوارەش ئەو مام سوارەی ئیستا نەبوو، لەمەدا تووڕەبوو، کەوتە قسەی بیّ لێپێچانەوە، کار وای لێهات لەگەڵ خاڵ سمۆ کەوتنە مەرج کردن.
ئەگەر دەمانچەکەی سوارە پاش... شەقاوە، تەنەکەی کون کرد، ئەوە ئەو دڵخوازی بکات، ئەگەر نا ئەو هەرچی لێی بکات سەرفیرازە.
دیوەخان گرمەی دێت، کەسی لاییدەش دانیشتوون، لە لادێشدا هەر هەندە گۆترا، ئەو مووە لەپیاوان نەهاتبیّ، سوێندێکەو دەبڕێتەوە.
تەنەکە دانراو سوارەش دڵی کەوتە کوتە کوت، دانیشتوانیش کەوتنە سەیرکردنی ئەو گرەوە بەچی دەگات.
بەڵێ سوارە نیشانەی گرت، پەنجەی داگرت، تەققەی لێوەهێنا، تەنەکە وەرگەرا، غاریاندا چوون، تەنەکە تەنیا قۆپابوو، سوارە بێدیتن هەر دەیگۆت: کون بووەو ئا، خاڵ سمۆش بۆ بەزم وازی پێکردن تەنەکەی پڕ ئاوکرد، وتی خزمینە ئاوی لێدەچێت؟!
دانیشتووی کۆڕەکە کەوتنە قاقای پێکەنین و گاڵتەکردن.

یەکێك لە پاشان لەمام سوارەی پرسی: ئەریَ بۆ لە قسەکەی خۆت نەدەهاتیە خواری، خۆ دەشتزانی کون نەبووە.
گوتی: پیاو ئەو پیاوەیە، قسەیەك ، ئیشێکی کرد لەقسەکەی خۆی نێتەخواری، پیلەکەو ملەی لەسەر بکات.
دیارە ئەمڕۆش سوارە زۆرن، شوێنەوار کوێر نییە.

104- کوندێرە، بەشەو ماندی ، بە ڕۆژ شێرە.

کوندێرە باڵندەیەکی ڕەشبەلەکە، لەخۆشناوەتی زۆرە، زۆر چاپووك و ئازایە، شتی سەیری لێدەگێڕنەوە، بەڕۆژ تا ئێوارە داری کوندەکات، نرکەی لێوە دێت، بەشەو کفت دەبێت دەڵێت: جارێکی تر توخنی کاری واناکەم، بەیانی زوو لەگەڵ گزنگی خۆرە تاوا لەجاران ئازاتر ئەو خووە سروشتییە دووبارە دەکاتەوە.

* ئەم پەندە بۆ تۆبەنەکردن بەکاردێت، بۆ وازهێنان لەخورپەی سروشتی.

105- کێروشکی قشقەیە، بی هاتە هات ناتوانیَ.

قەشقە گوندێکە لەسەر زێی پردێیە، لایەکی زوورگە، کێروشکی زۆرە، ڕاوچی بۆ ڕاویَ ڕووی تێدەکەن.
کێروشکەکان شارەزابووینە، لەنەرمانی ڕاوچی دیاردی لەتاژی دەکەن کەروێشکەکان ملی چەقێنو هەرەتی دەگرن، گەیشتنە سووگەو نەوالآن ناگیرێن. کەروێشکەکان پاش هاتە هات دەگەڕێنەوە نەرمانی، دیسان

ڕاوکەرەکان ڕستیان بەردەدەنێ لە دوویان دەبێتەوە هاتە هاتو بگرەو بەردە،،
جاریشوایە بەگیان زیانی لێدەبینن.
* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن، خۆی بێهەرا نەتوانێ.

106- گۆلکی قوشتەپەیە، بەیەك ساری دەوی دەگاتە ئاخوڕی، بەدوو ساری دەوی ناگاتێ.

وەرزێرێکی قوشتەپەی، چێڵەکەی دەزێ، گۆلکێکی دەبێ، دەینێ، پاش چەنداوێك گۆلك بەلەوەڕ دەکەوێ، ئاخوڕێکی بۆ دەکات، لە ئاخوڕی بەجوانی دەلەوەڕێ، ساڵی دووەم گۆلك دەبنسێ هیشکەبێتەوە، دەمی ناگاتە ئاخوڕی، ئاخوڕەکەی بۆ خرا دەکەن نەوی تری دەکەن، ئینجا دەمی دەگاتێ، لەو سەردەمەوە بووە بە پەند: گۆلکی قوشتەپەیە....... .
* ئەم پەندە بەشتێك دەگۆترێت لەجیاتی زیاد بکات، کەم دەکات.

107- گوند گوندی خۆمە لە ترسی سەیان ناوێرم بچمەوە.

کابرایەکی دەڤەری هەرەتی کۆیێ، کاربەدەستانی میری ئەو ناوچەیە دەریانپەڕاندوو هات بووە هەولێر بە تۆبزی دەشیان گۆت دەبی بگەڕێتەوە، لێیان دەپرسی ئەتوو خاوەن گوندی بۆ ناچیتەوە؟ وا دەڵێن بێتەوە.
کابرای دەستوو پێ سپی دەیگۆت: گوند گوندی خۆمە...... . دەیزانی بچتەوە دەیکوژن.
* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن خاوەنی ڕەوای شتێك بێت لە ترسان بەجێی بهێڵێت.

108- لە بن کەپرێ سەپانان، دەبا خەپلێ وەت لێبێ.

خەپلیٚ کچێکی بوو گۆشتی دەخورا، هەر بە گێلۆ کەیی دەبردە سەر، کەلکی لە پەندو ئامۆژگاری ئەمو ئەو وەرنەدەگرت، هەروەکی تەمەنی منداڵی ئەو پەرێزو ئەو پەرێزی بەدوای وشی کردن دەکرد، کاتو ناکات لەلای ئەو نەبوو، تا کێشتانێك لەژێر سێبەرۆکەی پەرێزێکی نەدیو، تووشی جاعیرێکی ملهووڕ بوو، پێش ئەوەی گیشەکەربیٚ، ئەوی پێی دەکەن، دەکەن، پاشان ئاشکرا دەبێت لەوکاتەوە بووە بە پەند دەڵێن: لە بن کەپریٚ سەپانان ، دە با خەپلیٚ وەت لێبیٚ.

ئەم گۆتەیە بەکەسێك دەڵێن، بەپێی تەمەنی خۆی هەڵسو کەوت نەکات، گوێش لەم و لەو ڕانەگرێت، ئەنجامی بەخراپە بێت.

109- لەخۆشی مێوانان ، خەومان نایی.

ماڵێکی هەژار ، کۆمەڵە مێوانێکیان دەبێت، شەو نوێن نامینیٚ بەخۆدا بدەن، لەبەر قۆرتی ئاگری، دادەنیشن، قسەی خۆش خۆش دەکەن.

مێوانەکان دەڵێن، بەو درنگە بۆ ناووون؟!

دەڵێن: لەخۆشی مێوانان خەومان نایی.

* ئەو پەندە بەکەسێك دەڵێن بیەوێت سەرپۆشی کارێکی پێبکات.

110- لەدەریٚ ڕابی ، لە ژوریٚ ڕۆمی، هاوارم بەبەر تو ڕەبی.

کابرایەکی لادێیی چەند جەندرمەیەك میوانی دەبن، تاکە مریشکێکیان دەبێت، جەندرمە دەڵێن دەبیٚ ئەو مریشکە بکوژیتەوە.

ژنەی خاوەنماڵ دەغەزری، دەڵیٚ ئەو سەرە بەو قەلبەی وەنابی، نابی مریشکی جاقی بکوژییەوە.

کابرا هەر چەند لەبەر ڕابی خێزانی دەپاڕێتەوە داد نادات، جەندرمەش لە ژوریٚ دانیشت بوون، دەیانگوت دەبی بیکوژیتەوە.
کابرا دەڵێت: لەدەریٚ ڕابی، لە ژوریٚ ڕۆمی...... .
* ئەم پەندە بەکەسانێکی بێدەسەلات دەگۆترێت لەنێوان دووهێزدا هیچی پیٚ نەکرێت.

111- لە سارانە لەمانگانە ، مارمیلۆق بە دووانە.

جاران پیاوێك هەبووە بووایە، باچی لەبار دانە بووایە، کەم وادەبوو، دەستی لەبەر دەستی هەڵبدرایە، لە میرە دێیەك، پیرەمێردێکی ڕەقەی مەندموور هەبوو، سەردەمی لەباری، دوو ژنی نازداری ناسکی مزوریان ئاسایی هێنابوو، ڕۆژگار ڕۆژ بە ڕۆژ لێوەشانەوەی لەقتر دەکرد.
ژنێکیان ڕووخۆش و تەوقەبوو، گەلێك جار هاوڕێکانی لێیان دەپرسی: ئەریٚ ئێوەو سەردارتان، چەند بە چەندی؟
ژنەکە بە زەردەخەنەوە دەیوت: لە سارانە لە مانگانە ، مارمیلۆق بە دووانە.

112- لەشیرنە خەوی سبەینانو دۆی مارە جیرانان بووم.

یەکێك لەو نەریتە باوو جوانانەی لە باوكو باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە، بارو بووی هەژارانە، ئەوەش بۆ ئەوە کراوە، تا هەژاران دەستە وەستان نەکەون، پەکیان بکەوێت، بێزاری لە بوونو ژیانی خۆیان بکەن.

یەکێك لەو بارو بووەی هەژاران، مەڕە بەدۆی بەهاران بوو، خاوەن وڵسات دەرە بەهاران، ئەو دۆستو ناسیاوانەی ئاو خۆرەوەی ئاوایی، مەڕە بە دۆیان نەبووایە سەرو مەڕە بە دۆیان دەدانیٚ، کە مەڕ وشکی دەکرد، مەڕەکانیان بۆ خاوەنەکانیان دەناردەوە، بێچووەکانیان دەگێڕایەوە لەگەڵ خورییەکانیان، بێجگە لەدۆو بۆیەکە. دەڵێن ژنێکی تەوەزلی کارنەکەر هەبوو، پێشتر سبەینان تا کێشتان دەنووست، کێشتان لەخەو ڕاست دەبووە دەچوو لەماڵە مەڕدارێك دۆدانێك دۆی دەهێنا تێری دەخوارد، ساڵی دووەم مەڕە بەدۆیان دایێ، کەوتە پەشتە پەشتی مەڕان دەیگۆت: لە شیرنە خەوی سبەینان و دۆی مارە جیرانان بووم.

113- لەوەعدی گیاگۆران، سازم لێدەدا لۆ جوامێران.

مێروولە بووە بەسەر بەندو دوابەندی گۆتەو سەر گوزشتەی چیرۆکی چیرۆکبێژانی کوردی. مێروولە لە بەهارێرا تا سەرماو سۆڵەی زستان بێوچان، سەر لەبەر کار دەکات، بۆ کاتی مەترسی، بۆ تەنگاوی زستانی بێدەرامەتی.

زستان هات، کارو پیشە نامینێت، پێشوولە تەنگاو دەبی، جێنامینیٚ لێبژی... بخوات...، چارەی نامینی دەست بە ڕووی خۆی وەدەنیٚ دەچتە ماڵی مێروولەی داوای یارمەتی لێدەکات.

مێروولە دەپرسیٚ : ئەریٚ کاتی گیاوگوڵو گەرم و خۆشی چیت دەکر؟!

پێشوولە: وەعدی گیاو گۆران، سازم لێدەدا لە بۆ گەوران، جوامێران.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن دەرفەت لە دەست خۆی بدات، بەکارێکی بێسوود خۆی خەریك بکات، شەرمەزاری ئەمو ئەوی کار کەربێت.

114- لەكو کوردو ئۆرمزیار، بە نەعلەت بن هەزار جار، لەگەڵ دەلۆی خەتاکار.

وەیسی قەرەنی پیاوێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ بوو، هەتا بە ئەسپی ڕادەگات، ناڵی پێی کەرێی زێڕ بوو، ئەم پیاوە ناودارەی کورد، پیاوی کۆڕو

دیوەخانان، هەر شوێنێ ئەوی لێنەبووایە، لایەکی بەتاڵ بوو، شوێنی دیار بوو.
قسەکانی دەبوون بە پەندو گۆتەی کوردی، خەلك بۆ یەکتریان دەگێڕانەوە، تا قاڵبی خۆی دەگرت، لەو پیاوانەش نەبوو کەس دەستی بۆ درێژبکات، خۆ بە ئاشکرایی هەر هیچ، بە دزیش ئەو پیاوە نەبوو دزی لێبکرێ.
هەرچەنداوێکی سەردەم سەردەمی دزیکردن بوو، خەڵك هیمایان بۆ یەکتر دەکرد، دەستە دزێك پێکهات بوون لە: لەكو کوردو ئۆرمزیار، دەلۆش دەست کیسی دەکات، دەچن ناڵی پێی کەری وەیسی قەرەنی بدزن، چەندی دەکەن پێیان لێناکرێتەوە ناچار هەردوو پێی کەرەکە بەمشاری دەبڕنەوە، پێیەکان دەبەنەوە ماڵی، ناڵەکانیان لێدەکەنەوە.
مانگێك و دووان دەنگوباس بە وەیسی قەرەنی دەگاتەوە، دەڵێت: لەكو کوردو....... .
* ئەم پەندە بە کەسێکی خەتاکار دەگۆترێت وەیا چەند کەسێکی تاوانبار.

115- لە کورتانی خۆی دەخوا، دەلەوەڕێ.

گۆتەیەکە دەگۆترێ بۆ پاراستنی گیانی کەرێ کورتان دروست دەکرێ، سایە جلیش هەیە، جل و سایە جل، وەکی لەکەلك کەوتن، پارچە دڕاوەکان

دەبڕن، پینەی دەکەنەوە ڕێکی دەێخن، دژ بە گرەماو سەرماو سۆڵە لەسەر پشتیان دەبەستن تا هەتاو گازو سەرما گەستی نەبن.

کورتان بەشێوەیەکی تایبەت دروست دەکرێ بۆ پاراستنی پشتی کەرێ، لەباری گران، کەر دەبەسترێتەوە، لەبیر دەکەرێ، دەگەوزی، کورتانی لێدەکەوێ، برسی دەبێ، سەری پووشی ناو کورتانەکە دەدرێ، پووشکە بەزانایی دەردەهێنێ دەیخوات، ئەو کورتانەی گیانی دەپارێزێ، چارچییە؟ برسێتی ناچاری دەکات بیخوات.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن لەناچاری لەمایەی بخوات، ئەو دەستمایەی ژیانی پێوە بەندە.

116- لەکێ شکایە ؟ لەکێ دەنگ دە داتەوە؟

یەکێك دەستی بشکێت، بەهەلەداوان دەیبەنە لای بەیتارێکی شارەزا، گەرماو گەرم دەستی دەگرنەوە، نەوەکو خوێن و گۆشتپارەی بهێنێتەوە. دوو سێ کەس دەورەی لێدەدەن، یارمەتی بەیتار دەدەن، یەك دەستە شکاوەکەی ڕادەکێشێ تا خوار نەگیرێتەوە. دەست شکاوێك زۆر هیلاك دەبێ، دەمارەکانی شل دەبێتەوە بایەکی لێبەر دەبێ.

بەیتارەکە دەڵێت: لەکێ شکاوە ، لەکێ دەنگ دە داتەوە !

117- لۆ تڕی ؟ لە عەژمەتێ تتن.

کابرایەکی ... ئەو قەراجە تڕەکی دەکات، لەناوەوانیش شوورەییەکی زۆر گەورەیە، برادەرێکی لێی دەپرسێت ئەوە بۆ؟ دەڵێت لەعەژمەتی تتن .

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن ، هەنجەتی شتێك بە شتێکی تر بگرێت.

118- لۆت بمرم ، بەرمە برنجەکەی شارەزور - ئۆخەی - 0

کچە گاوانێکی شارەزووری زۆر قەشەنگ و جوان، قوتە کێخوایەکی ئەو دەشتی هەولێرە، داخوازی دەکات، پاش چەنداوێك دەیگوازێتەوە، مانگێك و دووان کیژ هەڵدەستێ، دادەنیشێ دەڵێت: لۆت بمرم بەرمە برنجەکەی شارەزوور.

ئارامی لە مێردە هەڵدەگرێت، مێردە سەری سوور دەمینێ، دەبی ئەو بەرمە برنجە چی بێت ئەوەندە لای خێزانەکەی وی خۆش و دڵگیرە.

ڕۆژێك لەدیوەخان دەگەڕێتەوە خۆی لێ دەگرێت دەبینێت وا ژنە لەهەر تاخچەو دەلاقەیەك نانێکی داناوە یەك یەك دەگەڕێ دەڵێت ماڵی نانی گاوانی... نانەکان دەچنیتەوە.

دوو ماینان زین و لغاو دەکات سواری دەکات بەرەو شارەزوور ناوی خوای لێدەینی دەڕۆن دەگەنە هەرێمی شارەزوور، ژنە چاوی بەجێ جۆخینەکی برنجی دەکەوێت خۆ فڕێ دەداتە خوارەوە، هەندێکی لێ بەبا دەکات، یەك دوو دنکە برنج دەمینێتەوە داوێتە زاری دەڵێت: ئۆخەی بەرمە برنجەکەی شارەزوور.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن چاوی لەدوای شوێنی خۆی بێت، شوێنی لێگەورە بوونی.

119- لۆ من هەر بە ڕبەی قەرە تەپەیە - تەقتەق.

کابرایەکی نەبووی، هەژاری تووشی کەس نەبی، لەسەر ڕێوشێنی پێغەمبەر دەرگای حەوشەو ماڵی گۆڕی دادی نەدا، سوودی نەبوو، ناچار بار دەکات دەچیتە شوێنی دوور بەڵکو خوا دەورێکی لێدەکاتەوە.
چەند مانگێک ماڵداری کرد، سەرە ساڵ داهات، شەوێ خەونی دیت، لەوخەونەی دەرامەت بەسەر میللەتەکە دابەشدەکرا، هەر یەکە بەجۆرە ڕبەیەک بۆیان دەپیوا، نۆرە گەیشتە سەرکابرا دەڵێن: ڕبەی قەرە تەپە بێنن، ڕبەو بەشەکەی جاران.
بەیانی کابرا بار دەکات دەگەڕێتەوە بۆ قەرە تەپە.
لێی دەپرسن : ها خێرە؟
دەڵێت : بۆ من هەر بە ڕبەی قەرە تەپەی بوو.
* ئەم پەندە بۆ نەگۆڕی بەکاردێت.

120- ماچی سولتانە ، چوو لە قوونی مەرجانە

کابرایەکی مارمژ هەبوو، ئەوی مارو دووپشک پێوەی بدابووایە، دەیانبردە لای ئەو شوێنەکەی دەمژت، ژەهرەکەی فرێدەدا ، مار پێوە دراوەکە ژانەکەی دەشکا، ڕۆژێک، کیژێکی شۆخ‌وشەنگ تا بڵێی جوان مار بەسەری ڕاستی کوڵمە جوانەکەی وەدەدا کچ چ کچ! نەبکەی نەبخۆی هەر تەماشای سای گەردەنی بکەی، پیرەمێردی مارمژ بانگ دەکەن، دەم بە ڕوومەتی سولتانەی وەدەنی، دەمەك‌و دووان زۆر خۆی پێوە ماندوو دەکات، کچە چاکەبیتەوە.
ئێوارەیەک پیرێژنێکی زۆر پیس‌و پۆخلی گوندی، مەرجانە ناوێک دووپشک بیلامانی بەدەرکی قینگی وەدەدات، پیریژن بۆن گرمخای لێدەهات. لەدوای مارمژ دەنێرن، دەڵێت نامژم، هەرچەندی دەکەن‌و دەکەن، دەڵێ نامژم، یەکدوو

لاوی ملهوڕ ئەملاو ئەو لای لێدەگرن، چارەی نامینێ دەم بە قینگی پیرێژن وەدەنێ بڕێکی دەمژی.
لاوێکی مەفتووق پاشان دەڵێت: مارمژ حالت چۆنە؟
مارمژ دەڵێت: ماچی سوولتانە چوو لە قوونی مەرجانە.
* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن لەکارەکەی چاك و خراپ سەروبەر دەربچێت.

121- ماری بووبەی - نانیان نەبوو، تەڕە پیازیان دەچاند!

بووبە، تاقە کوڕێکی هەبوو، هات بمرێت بانگی کوڕەکەی خۆی کرد گوتی: ڕۆڵە ئەگەر ئەمن مردم، فلانە کەس برادەرمە، بۆ پرس و ڕا هەڕوە لای ئەو، کابرا چووە جیهانی ون بوون، کوڕە مایەوە، ساڵەکە قاتووقووتی بوو، چووە لای کابرا گۆتی مام... باوکم بۆ پرس و ڕا تۆی بۆ دەست نیشان کردووم.
کابرا گوتی: ئەم ساڵ نەهاتە دەغلودان زۆر کەمە دوو دابەستیان دابەستە، کۆزت ساوایە، هەر با قاورمەی بخۆن، بەنانی هیشکی منداڵ تیر ناخوات باراشت لەبەر دەبڕێ، گەیشتنەوە ساڵی نوێ، هاوین، کوڕەکەی بووبەی سەروبەر دەرچوو، پایزێ کوڕە لاڤ لێدا، بەسەری لموزی گوتی : ئەرێ فلانە ئەمساڵ چ بکەم ؟
لالۆ گوتی: بڕۆ تەڕە پیازی بچینە. پایز چوو، زستان هات لە ئاخە لێوەی، باراشی لەبەر بڕا لەم ڕۆژەوە بوو بە پەند دەڵێن: ماری بووبەی..... .

122- ماری تو دیٚ له غەراج.

ساڵێك دوو خویٚ فرۆشی قەراجیٚ دیٚنە پرینگەی مولکیە، لەویٚ لەگەڵ شوانکارەیەك لێیان دەبێت بە قرە، دوو خویٚ فرۆشەکەی باش دەپەستنەوە، یەکێکیان دەڵێت: ماری تو دیٚ... بەهار بۆ مەڕ لەوەڕێن شوانکارە دەچێتە قەراجیٚ، کابرای خویٚ فرۆش ناینایسیتەوە لە ناڕەوەستی خۆی دەڵێت: ئەریٚ ئەتۆ نەبووی وەکی لە پرینگەی..... .

کابرای کۆڵدار دەڵێت: ئی وەڵڵا هاوار دەکات، چەند هاو توخمی هەیە کۆیان دەکاتەوە کابرای مارکوژ دەکەن، لە چاکەی خۆیان نایکوژن، چەند ڕۆژێك لە پیستی دەگرن.

* ئەم پەندە بۆ پیاوی زمان نا ڕەوەست بەکار دێت، ئەنجامی خراپی بەسەر بێت.

123- ماری ڕەش ، لۆی دەڕشێتەوە.

ماری ڕەش هەیە کەم پێوە دەدات، ماران دەخوات ، زۆر نابەزیت، ئەوانەی شارەزان نایان کوژن.

دەڵێن ماری ڕەش گەلێك جار خواردن دەخوات و دەڕشێتەوە، بۆ گوڵ بوون باشە، چیرۆکی برایمی مەلا زێندینان و میر یەحیا بەگ یەکێکە لەم ڕووداوە.

* ئەم پەندە بۆ کەسێك دەگۆترێت هیچی نەبێت، سکی پێبسووتێت.

124- مامەسێنە، بەڕەکم دیٚ بە قەردێنە، لچکی بگرە ڕایتەقێنە.

کابرایەکی چاوچنۆك و پیسۆی لەخوانەترس، ئارەزوی بردنی بەڕێکی دەبی لەماڵی خوا، مزگەوت بیبات، بەناوی وامەوە لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ئاخاوتن دەڵێت مامەسێنە، بەڕەکم دیٚ بە قەردێنە... .

125- مەڕ بەپێی خۆی بزن بەپێی خۆی (بەداریٚ وە دەکریٚ).

هەر گۆتەیە، دەڵێن: بالوولی برای هاروونە ڕەشیدی ، هەردەم پەست بوو، دەگریا، ڕۆژێك هاروونە ڕەشید گوتی: هەرکی دەنگوباسی پێکەنینی بالوولم بۆ بهێنیٚ چی داوا بکات بۆی جێبەجیٚ دەکەم.

ڕۆژێك بالوول بەناو سەربڕاندا ڕۆیشت پێکەنی، کابرایەك دیتی چووە لای خەلیفە هاروونە ڕەشیدی گوتی: گەورەم لە فلان شوێن بالوولم دیت پیٚ دەکەنی، هاروون دەست بەجیٚ لەدوای بالوولی نارد، پێی گوت ڕاستە تۆ لە فلان شوێن ئەمڕۆ پێکەنیوی؟

بالوول گوتی: بەڵیٚ ڕاستە.

هاروون گوتی: بالوول بە چی پێکەنی؟

بالوول گوتی: من تا ئەمڕۆ وام دەزانی بە ئاگری تۆ دەسووتێم لەناو قەسابان دیتم مەڕ بە پێی خۆی بەداریٚ وەکرابوو، بزن بە... . دڵنیام بە گوناهو تاوانی تۆ ناسووتێم.

* واتە هەر کەسێك بەپێی خراپەی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکریٚ، کەس لەجیاتی کەس تاوان هەڵناگرێت.

126- مەرحووم چی فەرموو؟

کابرایەکی لادێیی سەگێکی هەبوو، زۆری خۆشدەویست، پاش ساڵێك سەگەکە تۆپی. کابرا لێیدا چووە لای مەلای ئاوایی گوتی: وەرە تەلقینی سەگەبازیم بۆ بدە.

مەلا گوتی: برای خۆم، ئەو قسەیەی مەکە، کوفرە، سەگی ئاوەگر چییە؟ تەلقین بدریٚ!

کابرا: مامۆستا سەگەکە وەسیەتی کردووە، بەشێك پارەشی بۆ تۆ داناوە.

مامۆستا سەری هێنا بنا گوێی کابرا: مەرحووم چیتری نەفەرموو؟!

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن بۆ بەرژەوەندێکی کەم لە ڕێگای ڕاستی لابدات.

127- مەقسەد لە قوسە.

دوو کەسی ئەو دەشتی قەراجە دێن بۆ مەخموور، یەکێکیان دەکەوێتە ئاخاوتن، سەر بردە گێڕانەوە، کەلێنی ئەو یدی نادات قسە بکات، دەگەنە مەخموور گێڕەوە دەڵێت: مەقسەد لەقوسە.
کابرای هاوڕێی دەڵێت، ئەگەر قسەکە بووایە چەندی دەخایاند !
* ئەم پەندە بەکەسێکی چیرۆکە درێژ دەڵێن ، ماوەی کەسانی نەدات بدوێن.

128- مەکری ژنان ، چیای دەڕووخێنێ.

کابرایەکی دەشتەکی ژنێکی هێنابوو، ژنەکەی لەدەوری دەگەڕا، خزمەتی دەکرد، مێرد وای بە بیرداهات ژنەکەی گۆلکی هەبێت، کار گەیشتە ئەو ئەنجامنە لێك ڕاستهاتن.
ژنە گوتی: پیاوەکە ئێمە هەروا بەختمان ڕەشە، با کەس تێماننەگات بەیانی دەچینە سەر چاکی تەوسکەی، لادێی هەر چەند ژیرو هۆشمەند بن تا ئێستاش بڕوایان بەچاك پیران هەیە.
ژنە زانی بەیانیمێردەکەی لەگەڵ دێت، ترسا لەوێ سوێندەکەی لێبەکەوی، بۆیە دەنگوباسی بۆ دۆستەکەی نارد، بەیانی دوابەدوای مێردو ژنە دوورو نزیك بچێت، لەکوێ خۆی بەرداوە بگاتە لایان.
ژنە دەرپێیەکی دڕا دڕای لە پێ کرد، نزیك تەوسکە، خۆی لەخۆ برد، کەوتەخوارەوە دۆستەکە خۆی گەیاندنێ ئەوە چ بوو؟ ژنە ناشرین کەوت بوو، بلامانێ لەشی دیار بوو، ماوەیەك خۆی هێناوە سەرخۆ، دۆستە ڕۆیی.
ژنە: مێردەکە من لەماڵەوە نەپرژامی دەرپێیەکەم پینە بکەم، خۆ ئەو کابرایە نەهاتە سەرم؟

مێردە: بەڵێ هات، من لەبەر تۆ ئاگام لەخۆ نەما، کابرا شتی بەسەر دادای!
حورمێ ئەوە بە شوورەیی ناچێت، ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەرچاکی.
ژنە گوتی: پیاوەکە دەنا بەو چاکی تەوسکەی لەوەتی خۆم ناسیوە، ئەوی نیرەوزە لەتوو لەو پیاوەی زیاتر کە سی دی... منیان نەدیوە، ئەوەندە شت لەسەرچاکو پیران گیڕام.
مێردە باوەڕی هات، ژنە دڵخۆش بووەوە، تەوسکە لاشاخێکی ڕووخاند، چونکە سوێندەکە فێڵ بوو.
* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن بەهیچ جۆر لە فڕوفێڵی دەرباز نەبی.

129–مەلا قوونە، مەلا شەرتی چوونە.

مەلایەکی دڵتەڕ شەیدا ئافرەتێکی ناسكو جوان ببوو، مەلا بەدوایدا دەگەڕا ڕۆژێك و دووان، ژنە دڵی نەرم بوو، ئارەزووی مەلا کپ بکاتەوە، مەلاخەنی بوو لە ژوورێکی چۆڵ، حوجرەی مەلا بەیەکتر گەیشتن، ژنە گوتی مەلا ئەوە شوێنی مەبەست نییە، مەلا وەڵامی دایەوە مەرج چوونە ژوورەوەیە.

130– مڕ میاو سەت جار مڕمیاو

دەڵێن جاران لەم کوردەوارییە نەریتی باو ئەوەبوو، کچ کاتی بە مێردانی بهاتایە دەچوو سەری لە دەلاقەی دیوەخانێ دەنا، دەیگوت، مڕمیاو، جوامێرەکان دەیان گۆت بابە ماڵی پێ بەڕێوە دەچێت، خەمێکیان لێدەخوارد.
کیژێك دەیکاتە ملهوڕی لەنەریت دەردەچێت، ساڵێك و دووان کچە دەمینێتەوە، دەستە خوشکانی بەماڵو مێردی خۆ شاد دەبن، باوش بە مندالێ.

کیژە ئارامی لێدەبڕێت، دەچێت دەڵێت مڕمیاو سەت جار مڕمیاو، ئینجا بە شووی دەدەن .

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن لە نەریتێك ، کارێك سەرپێچی بکات، دوایی پەشیمان ببێتەوە.

131- میکاییل یەختیار بوو، مندارەکانی نازانن ئاو بگرنەوە.

بەهارێك باران خەڵکی لەخۆ بێزار کردبوو، هەموو دانی ئێواران گەوارەیەکی سەر ڕەشی بن تاری دەهێنا، دەڤەرەکەی بەژێر ئاو دەێیخست.

دەپرسن دەڵێن ئەوە چییە؟

یەکێك ڕاست دەبیتەوە دەڵێت مکاییل یەختیار بووە... .

* ئەم گۆتەیە بەکەسێك دەڵێن زیرەکییەك بنوێنێ لەتوانای ئەو دا نەبێت، مەبەست نەپێکێت، بەڵام لێوەشانەوە هەبێت.

132- نەبی قەشان ، کوتکی وەشان، لە شەشان، شەشەی پەڕان، حەفتەی دۆڕان.

نەبی قەشان کابرایەکی ئازاو بەدەستو بردبووە، ڕۆژێك لەگەڵ حەوت کەسان بە شەڕ دێت، شەشیان کەلوکولم دەکات، حەوتەم کەس (نەبی) بەرزەفت دەکات. ئەم پەندەی بۆ گۆتراوە: نەبی قەشان، کوتکی وەشان... .

* واتە پیاو هەر چەند بەتوانا بێت، لەویش بەتوانا تر هەیە، وەیا ناتوانێ دەروەستی کۆمەڵێك بێت!

133- نەپێراوی تەنگ، نەخانەی بە جەنگ، نە مەلای بێدەنگ.

ڕۆژێك مامۆستایەكی گردەی مێزەر سپی دڵتەڕ، دەچێتە لای دوكانداریك، جووتە پێڵاوێك بۆ خۆی بكڕێ، ئەمەنا ئەوە، دوكانەی پێسەراو بن دەكات، تا دڵی جووتێك ئێمەنی سوور دەگرێت قیڕ سپی دەبێت.

دوكاندارەكە تۆ كۆڵەگەی ئاینی، قازانجت لێناكەم، مایەكەم بدەرەوە، ڕۆژی دووەم مەلا دێتەوە، پێڵاوی بەسەر دادەداتەوە، دادەنیشی، چ قسان ناكات، دوكاندار هەردەی دوێنێ، مامۆستا لە كورتی دەیبڕێتەوە، دوكاندارەكە دەڵێت: نە پێراوی تەنگ، نەخانەی... .

134- نە ئاشەوان لە كوڕی خۆی خۆشەبی، نەمار غەرەزی كلكی خۆی لە بیرە چێ- گاوان-.

دەڵێن ئاشەوانێك تاقە كوڕێكی دەبێت لە گەرە خۆی دەیبردە ئاشی، ڕۆژێك ئاشەوانەكە ئاگای لەخۆ نابێت كوڕەكەی زیڕەی لێ هەڵدەستێت، یەك ڕكێب غاردەداتە لای دەبینیت نەرە مارێكی نەفرەجا پێی وەداوە، چاوی بەو دەكەوێت ڕا دەكات، كابرای جەرگ سووتاو لێی ناگەڕێتەوە، مارە خۆ لە كونی دەكوتیت، كلكی دەمینێت، ئاشەوان كلكی لە بندا قووت دەكات.

ئاشەوان بۆ تۆڵە ساندنەوە هەر لە سایدی مارەكەبوو، ماریش لەغەرەزی كلكی لە دەرفەت دەگەڕا، پێی وەبدات، هەیە دەڵێت گاوان بووە، هیچ لەمەبەست ناگۆڕێت.

* ئەم پەندە بە دوو كەس دەڵێن، لەدەرفەت بگەڕێن تۆڵەی خۆیان بكەنەوە.

135- نووشتەی لۆ ڕۆژی دەکا.

جاران زبارە لە لادێدا باوبوو، بووبووە نەریت دەستووری بۆ داندرابوو، لەسادەیی جوتیارێکی دەشتی هەولێر دەچێتە لای مەلای ئاوایی، سەرقەلەمانەی دەداتێ دەڵێ مامۆستا نووشتەکم بۆ بکە خوا ڕۆژێ درێژ بکات، چونکە بەیانی زبارەم بۆ دێت، وەرزێر دەگەڕێتەوە لەگەڵ پاڵەو تێلەکێشەکان زۆر خۆ ماندوو دەکات، بەدزی ئاماژە بۆ ڕۆژی دەکات، زوو ئاوا بێ.

* ئەم پەندە بۆ کەسێك بەکاردێت ساویلکە بیت، وا بزانی کاری لەنە گۆڕیك دەکات.

136- وەکی گاوانی بەربیانێ دەکا.

بەربیان گوندێکە لە ژێر بانەمانێ، گاوانی گوندی بەربیانێ بێوە مێرد بوو، ئارەزوو هۆش و کەللەی بردبوو، لەو هەموو ماکەرو چێڵو....نەی دەوێرا توخنی هیچیان بکەوێ نەکو بزانرێ، خۆ ماکەرێکی بۆرکۆکەی هەبوو، بۆ کاتی پێویست دڵی بچووبایەو نەچووبایە، چارەی نەما بای دەداوە سەر ماکەرێ گۆرین.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن، دڵ بگێڕیت و هیچی لەدەست نێت باداتەوە سەرکەونە کوندەی خۆی.

137- هـان يمـانی ، پـەردەم هـەر بەسـت لـەكتانی ، بـووك ئەوەتـە، زاواكانی؟

لـەو هـەرەتی بـن چیا هیشك‌و بریـشكەی بڵباسـان- قەرەچـووغ-، بێوەژنێك كـچێكی نـازداری بـەدڵو داوی بـۆ كـوڕە تاقانەكـەی خواسـت، خـزم‌و كەسـانی كچە، ڕاسپێرێكیان نارده لای كوڕە دەستی خۆی لە كچەكە بكێشتەوە، دایك و كوڕە كەمتەرخەمیان نواند، بایەخیان بۆ قسەكە دانەنا.

ڕۆژی گواسـتنەوە، خـزم‌و خۆیـشانی كـچە لـەنیوەی ڕێگـا، ڕێ لـە سـوارانی بووك گواستنەوە دەگرن، بە قوونـە شـەڕ بـەرەو ئەوانـدێن، هـاوار دەگاتـە زاوا، زاوا لـێ سـواری مـاینی حـەدوودی دەبـێ، یـەك ڕكێـب جلـەوی هـەڵناگرێ تـا دەگاتە شەڕەكە، شەڕی قەیرە بەرانانی دەستی پێكرد.

خێرخـوازان زۆریـان هەوڵـدا، ئێـسك نەشـكێ، ئـەنجام زاواو دووكـەس لەبـەر هەڵستكاران ئەمن‌و تو خۆش.

138- هاوینان شل‌و مل ، زستان جەوار لە مل.

زێـد بـەگی ژن‌و پیاویـان ڕێكوپێك‌و كۆكن، تـا دەسـت هـەڵبڕی كەڵـەگتن، نـاو قـەد باریـك، پێشـچاو، حـەز لـەخۆ كـەرن، ئەوەنـدە خـۆ بـەدوای كاروكاسـبی، ماڵوماڵـداری خــەریك ناكــەن بۆیــە بــە زۆری ژیانیــان بــە هــەژاری‌و نــەداری دەبەنەسەر، زستان داهات جەواڵیان بەشانەوەیە، بۆ وامكردن.

139- هەتا ئەتو مەلا بی، ئەو سەرگەورەی چاو کوسکە کێخوابی، ئەو گوندەش لەوەندەی ئاوەدانتر نابی.

دەگێڕنــەوە ســاڵێك لــەم دەشــتی قەراجــەی هــەولێرە، نــاوە نــاوە لــە دەو خەندەکی بابە خەلیفەی هەڵیان دابوو، تا بەهار بەسەر چوو، بەهار هاتە کزی گیا نێر بوو، خاوەن مەڕو ماڵاتو وڵسات کەوتنە گەڕانەوەی دروونەی جۆیان. لەبەر پەلەکردن، پیرە سەگە بۆرو پیرە کەلەبابی جاقی لەکۆنە هەواری بەجێ دەمێنـێن لەناچاری بـەزمانی حـال کەوتنـە گفتوگـۆو چـارە دۆزینـەوەی خـۆ بەڕێوەبردن، تا درێژایی دوا تەمنیا خزمەتی مرۆڤیان کرد، تا لەدواییدا ماف سپلەی بەزەییو ئەرکەکانیان بدەنەوە، بەرژەوەندی ئەمڕۆ ئاگای لە چاکەی دوێنێ نەماوە.

سەگەکە بە کەلەشێرەکەی گوت: تۆ دەست بکە بە بانگ دان، منیش خۆم لە بن پووشو پەراشی ئەم کەندڕەکەی تازیە دانەکە دەشارمەوە، بەڵکو دەرامەتییەك بۆ من پەیدا دەبێ، تۆش لەژێر سێبەری بەسەربەستی بژی، ئەگەر ڕێوی هات پارێزت لێبستنی، وردە وردە خۆت بکێشەوە دواوە، تا دەگەیتە لای من ئەو کاتە منیش تێن دەدەمەبەرخۆم دەیگرم.

کەلەشێری جاقی، قوو قوو دەستی بە بانگدانێ کرد، گەیشتە بەر تەپۆلکەکە، دیتی ڕێوییەك بەکشوماتی لەسەرخۆ پارێزی لێدەستاند.

کەڵەباب کەوتە پاشەکشە، ڕێوی پەلەی کرد، جانگی کرد: ها مامۆستا دیارە دەنگـت زۆر خۆشـە، منـیش حاجییـەکی دەوڵەمەنـدی خـواییم پێویـستم بـە مەلایەکی وەك تۆیە بۆم بانگ بدات، مەڕۆ با چاکوچۆنییەك بکەین!

کەلەشێرەکە بە پاشەکشەوە گوتی: لەوەباشتر نابێت، من مەلای ئەم گوندەم، کێخواکەی تازەی ئاوەدان کردۆتەوە، وەرە تۆش ببە بە وەرزێڕی، چەند بەراو دەکێڵیت بکێڵە خواپەرستیش دەکەین!

لـەم كاتـەدا كەلەشێر بێترس بوو لەسـەر هـەردوو لاقـەكانی ڕاوەسـتا ، ڕێـوی زیرەك لەدڵی خۆیدا گوتی: ئەو ماستە مویێكی تێدایە، سەیری كرد، ئەوا پیرە سـەگ لـەنێو پووشو پەراشـەوە، چاوەكانی دەتروسكێنەوە، گوتی هـەتا ئـەتو مەلا بی ئەو سەرگەورەی چاوكوسكە كێخوابی... .

140- هەر بریٚ حەمەد نیمە.

پیرێژنێك تاكە كوڕێكی تاقانەی هـەبوو، كوڕە پیرە دایكی بەخێو نـەدەكرد، پیرێژن ئاگاداری كرد، ئەگەر یارمەتی نەدات لای فلان سكاڵای لێدەكات، دادی نەدا. پیرێژن لەخۆ كەوەڕی بوو، چوو لای ئاغا سكاڵای لێكرد.

ئاغا سەركارێكی خۆی وەگەر خست، بچێت كوڕە بهێنی.

پیرێـژن سـكی سـووتاوە، ئاغـە بیگرێـت مـاركوژی دەكـات، سـزایەكی زۆریـشی لێدەستێنیٚ، پیرێژن پیاوێكی نەدیتو نەناسی دیت، گوتی ئەوە هەوە.

سەركار كابرای پیل گرت، بردیە لای ئاغای، ئاغە تێروپڕی لێدا، كاویٚ خۆی پێدەركرد، كابرا گوتی: ئاغەم بزانم لەسەر چی لێمدەیت، نابی تێبگەم.

ئاغە بۆ حەمەدۆك نازانی؟ ئەوە پیرە دایكتە، بەخێوی ناكەی؟

كابرا ئاغە وەڵلاٚ نایناسم، هەندەی تری لێدا، كابرای لێدراو لەبەر زەبری لێدان كەوت، گوتی باشە ئەوە دایكمە، چ دەڵێن تا وابكەم؟

هـەتا مـاڵی دایكت لـە پشتیٚ بكـە، دایكـی لـە پشتیٚ كرد، بـەرەو مـاڵی پیرێـژن بوونـەوە، لـە ڕێگـا لێیـان دەپرسـی ئـەوە كێیـە لـە پشتت كـردووە، كاكـە ئـەوە دایكی... . ئـەم پیرێژنـە بـە زۆر كـراوە بـە دایكم! هـەر دەرێم حەمـەد نیمـە، داد نادات... .

* ئەم پەندە بەكەسێك دەڵێن لـەختوخۆڕایی تووشـی بەلایـەكی بكـەن، ناچـار ملی بۆ كەچ بكات.

141– هەر کەسە بەمنێ خۆی.

دەڵێن ڕۆژێك سمۆرەیەك: بۆ هاو دۆستەکانی دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەسەر دارێك بەربوومەوە، منێك گۆشتم لێلووەوە، یەکێك دەڵێت: ها سمۆرە خۆت چییەو منت چییە؟

سمۆرەکە دەڵێت: هەر کەس بەمنێ خۆی.

* ئەم پەندە ئەوە نیشان دەدات ، هەر کەسە لەناو هاوچشنەکانی نرخی خۆی هەیە.

142– ا– هەر هەویلێ ، سەرگەورەی قوون تەقێلی.

ب– هەر هەوی ناوێرم برێم.

کابرایەکی ئەوسەرەوە، کەرێکی ڕەو هانی باشی هەبوو، بە گەرمو خۆشی، بە پشتی ئەو کەرە چووە بەغدایێو گەڕایەوە، هاتەوە، لە ڕێگا بە پیرۆزترین، ژنەکەی سوێندی خوارد پێت نارێم کەر، واتە گوێ درێژ نی، بەرزەی.

کابرا ئەمجارە بە زستان بۆ سەردان دەچێت، دەگاتە نزیك کانی وەتمانێ، کەرەکەی لە قوڕێ دەوەستی، ناوێری بڵێ هەچە، بۆ کەر بەکار دێت، نەوەك دەستی لە ژنەکەی ببێتەوە، دەڵێت: هەرهەوی ناوێرم برێم.

* ئەم گۆتەیە بە یەکێك دەگۆترێت لە نرخی خۆی زیاتری پێدرابێ، ئەوەش هەڵنەگرێت.

143- هەرێ نەنێ، هەر نەنێ، قایل نەبووی بە مەفتەنێ، تا لێیاننای بە ترخێنێ.

پیرێژنێکی تەڕ پیر دڵی دەگێڕا، تاقە کوڕێکی هەبوو، بێزاری کردبوو، لەوێ دەیبردە وێ کوڕەکە دەڵێت: ئەرێ دایە بۆ ئەوەندەم دەگێڕی؟ چیت دەوێت؟
دایکە دەڵێت: گوڕەکەم دەمەوێ بمبەیە وڵاتێك مردنی لێنە بێت، دەگەڕێن تا دەگەنە شوێنێك، دەپرسن لێرە مردن هەیە؟ خەڵکەکە دەڵێن مردن چییە؟!
پیرێژن دەڵێت: ڕۆڵە ئێرە بۆ ئێمە باشە، عەیامێکی لێدەدەین، دایکە ڕۆژێك دەست بە نکەنکێ دەکات، کوڕەکەی بۆ کار دەردەچێت، دەگەڕێتەوە، دایکی نەماوە، بە برسێتی دەمێنێتەوە، دەرو دراوسێ شیوە غەریبەی بۆ دەهێنن، کوڕە سەیر دەکات ئێسك و پروسکی مرۆڤ لەناو چێشتەکەدایە، دەپرسێت ئەوە چییە، دەڵێن ئەوە گۆشتی دایکتە، لای ئێمە کەسێك لێی نائومێد بووین، پەل پەلی دەکەین بەسەر دەرو دراوسێدا دابەش دەکەین، دەیخۆین.
کوڕە گڕ دەسێنێت دەڵێت: هەرێنەنێ ، هەرێ نەنێ قایل نەبووی بە مەفتەنێ. . .
* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن بۆ مەبەستێك خۆی ئاوارە بکات ئەنجامی خۆی لەسەر دابنێت.

144- هەیش، هەیش بە دوو ڕێوییان شێرەکیان کوشت.

پیرێژنێکی لادێیی، کوڕێکی ئزاو نەبەردی دەبێت، ڕۆژێك لەگەڵ دوو پیاوی بێدەسەڵات بەشەڕ دێن، کوڕە دەکوژرێت، پیرێژنەکە کە لەناو شینێ بەلەخۆدان : هەیش هەیش بەدوو ڕێوییان شێرکیان کوشت.
* ئەم گۆتەیە بەکەسێك دەڵێن یەکێکی لە ئاوقەرانی خۆی نەبێت، بەسەریشدا زاڵ بێت.

145- هێدی جەفتە.

دوو دەروێش، بە سواڵکەری دەچنە گوندێك لە برسانا لاکەیان لێوە دەهات، سەیر دەکەن لەماڵێك مەنجەڵێك لەسەر ئاگر دەکوڵێت، وا دەزانن قاوقلیانە، یەکیان بەگەرمی دەست دەکات بە دەفە لێدان، ئەو یدی کەس لەویٚ نابیٚ، خوٚ دەگەینتە مەنجەڵی، سەری لەسەر هەڵدەداتەوە، دەبینی جەفتە، لەگەڕانەوەدا دەڵێت هێدی جەفتە.

146- هێڕکە مەڕی، هەمووی پێدەم.

مەڕدارێك مێگەلە مەڕێکی باشی هەبوو، کوڕەکەی شوانی پەزەکان بوو، مەڕەکانی زۆر خۆش دەویست، لەچۆلەوانی بەدوای لەوەڕگا خەریك بوون، هیچی لەخۆشی ژن‌و مێردایەتی نەدەزانی ڕۆژێك باوکی کوڕە دەیەوێت هەندێك لەمەڕەکان بفرۆشیٚ لۆ کوڕەکەی بەژن بدات، کوڕە گوتی هەر مەڕێك بە ژنێك نادەم.

باوکی دەزانی هیچی لێنازانی، دەینێرتە ماڵی خاڵی، کەتازە ژنی بۆ کوڕەکەی هێنابوو، کوڕەکە چاوی بە بەزم و ڕەزمی بووك‌و زاوا کەوت، دەگەڕێتەوە لای باوکی، لە دوورەوە بانگ دەکات: هێڕکە مەڕی هەمووی پێدەم.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن لە نەریتێك شارەزا نەبێت، کەدەزانی خۆی ناوێت.

147- ا- ئاگر له سەفین، مەنجەری ئاو لێرە کو دەکوڕێ؟

ب- هێلکەو ڕوونی سەر کولانکەی.

ج- خوشکەکت هەیە لە بالیسان، دەکا تڕو تسان، نانی مە دەبتە سەپکی سەیان.

د- خوشکەکت هەیە لە سوندوس، دەکا تڕو تس، ئاردەکەی دەبا دەمینێ بنووس.

کابرایەکی کێم ئەقڵ، نادان، ژنێکی ئۆینبازی هەبوو، ژنە سەرگێڕی دەکرد، زۆربەی ئاردە وردەکەی دەکردە قاوقلیان دەرخواردی دۆستەو خۆشەویستەکەی دەدا.

ڕۆژێك مێردەکەی دەڵێت، ئەرێ ژنەکە ، نانەکەی مە بۆ هەندە خراپە؟

ژنەکە: پیاوەکە چەند سادەو ساویللکەی، ئەی نازانی خوشکەکت هەیە لە بالیسان دەکا تڕو ... . ژنەکە بە بەردێك دوو کێل دەپەڕێنێت، یەکەم وەڵامی مێردەکە، دووەم هاتوچۆنەکردنی مێردەکەی و خوشکەکەیتی.

کابرای گێلە پیاو بە پەشۆکاوی سەر هەڵدەگرێت، دەچێتەی لای خوشکەکەی، دەڵێت:

ئەرێ خوشکم ئەتو بۆ ئەوەندە تڕو تسان دەکەیت نانی مە نابتە نان.

خوشکەکە زیرەك دەبێ، براو براژنەکەی خۆی دەناسی، بەمەبەست دەیەوێت هێلکەو ڕوونی بۆ براکەی دروست بکا، هێلکەو ڕوونەکە لەسەر تاخچەی نادینەکە دادەنێ، ئاگر لە قۆرتاناگر دەکاتەوە، دەمێك و دووان، پیاوەکەی برای خوشکەکە لە برسان جووڕەی لێوە دەهات، دەڵێت: خوشکم هێلکەو ڕۆن لەم بڵندە، چۆن دەکوڵێ؟!

خوشکەکەی دەڵێت : کاکە، ئەدی چۆن لێرەڕا فسی من کار لە ئاردی ئێوە دەکات؟
کابرا کەمێك هۆشی دێتەبەر کەللەی، لە تەشکی خۆی دەدات دەگەڕێتەوە.
* ئەم پەندە بە کەسێکی ساویلکەو کەمزان دەڵێن بڕوا بە هەلەیەك بکات لە ئەنجامدا هەڵەکەی بۆ ساغ ببێتەوە.

148- ئاخیری دەبتە خشە خش.

لەسەردەمانێکی زوو، سەردەمی بێکاری، سەردەمی کۆڕ گەرمی دیوەخان، هەر کەسێك بوێرو قسەزان بووایە، لەدەرفەتی شیاو کەرخی خۆی بە دەردەخست، کەسانی سادەو ساکار دووانەکانی ئەوانیان لەم جێگا بۆ ئەو شوێن دەگوازتەوە، جار وا دەبوو مرۆڤێکی کەودەنیو کەم توانای نا ڕەوەست بەخۆی نەدوەستا بە هەلە خۆی دەخستە ئەو تۆڕەوە.
دەڵێن ڕۆژێك یەکێك لەم ناتەواوانە لەناو کۆڕی دیوەخان گوتی: خزمینە ئەمرۆ لەکەندی شیوەسوور سیو سێ کەروێشکم دیت، ئامۆزاکانی دەستیان کرد بە پێکەنین و گاڵتە کردن پێی، گۆتیان: کەروێشك لەدێر ڕۆژگارەوە ڕەوەی نابەستی، سیوسێ گەلێك زۆرە.
کابرای نا ڕەوەست گوتی: پازدە بوو، گوتیان هەر زۆرە، گوتی نا پێنج بوو، گوتیان هەر نابێ تا ئێستا کەس دوو کەروێشکی کیوی بەیەکەوە نەدیوە، گۆتی گویم لە خشە خش بوو.
* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن قسەی ناڕاست بکات، ئەنجامەکەی بێتە سەر هیچە.

149- ئاخیری هەنجەتی جاشکێم پێدەگری.

پێشتر کەم ماڵ لەم کوردەوارییە هەبوو، یەك دوو کەری نەبی بۆ جێبەجێ کردنی پێویستی ژیانی ڕۆژانەیان، کەر قەوچ و قەڕاسەی هەبوو دەبسترایەوە، خۆ ئەگەر کەرەکە ماکەر بووایەو جاشکی لەبەر بووایە، جاشك نەدەبەسترایەوە بەرەڵلا بوو، جاشك ناڕەوەست بوو زیانی بە دەغڵ و دان و بێستان دەگەیاند، یەکدو لاوی بەهێز دەورییان دەدا دەیانگرت، یەکێکی بەهێز دارێکی دەخستە بن سکی توندی دەکرد، یەکێکی تر کلکی بڵند دەکرد بەمستان بەهێزو توانای خۆی لە بن کلکی دەدا. جاشك هەر دەم زۆر تێربوو، خۆی پێنەدەگیرا دەمارەکانی شل دەبووەوە، بای یەك لەدوای یەك لێبەر دەبوو. گەنجەکان تێر تێر پێدەکەنین، جاشك کلکی ڕەپ دەبوو ، بەریان دەدا یەك ڕکێب تا لای دایکی بەزۆرە زۆر غاری دەدا.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن لە بیانۆ گرتن بترسیٚ، گۆبەندێکی پیٚ بکەن.

150- ا- ئەو ڕۆ ئاش سبەی تەڕاش.

ب- ئاشەوان چ دۆست، چ دوژمن.

ڕۆژێك کابرایەکی دوژمنداری ئەو سەرەوەی ناوچەی خۆشناوەتی، لەسەردەمی ئاشی ئاویٚ باراشیان نامینیٚ، ئاشی ئاویش بەو لەسەرەخۆییە، دەستێکی دەکەوێتە پاش، دەستێکی دەکەوێتە پێش، ماڵ و منداڵ باراشیان نەمابوو، لەگەڵ ئاشەوان دوژمنایەتیان هەیە، ناچاری زۆر شت بە مرۆڤ دەکات، دەڵێت ئاشەوان چ دۆست چ دوژمن! خۆمندالآن لە برسان ناکوژم، باراشی بار کرد بۆ ئاشی باراشهێڕێکی بیٚ باك بە گوێی چرپاند: ئەریٚ فلانی، تۆو ئاشەوان دوژمنکارییەك و نەبوو.

کابرای باراشهێری دوژمندار: ئەوڕۆ ئاش، سبی تەڕاش، واتە ئەمڕۆ باراشی بۆ زارۆکان لێدەکەم، بەیانی لەپەنا تەڕاشێك خوێنی خۆمی لێدەسێنمەوە.

* ئەم پەندە بە کەسانێك دەڵێن نەتوانن سەرپێچی لەکارێك بکەن بەڵام مەبەستی خۆی هەر لە بیربێ.

151- چاوت ببیتە گیسکی هەیاسی ، نابینی بابی ئەلیاسی.

- ئەم چیرۆکە با لەناو کوردیش باوبێ دەدرێتە پاڵ چیرۆکی هەیاس و سولتان مەحموودی غەزنەوی.

دەگێڕنەوە دەڵێن: هەیاس ڕۆژێك لە سوڵتان مەحموود زویر دەبێت، دەڕوا ڕوو دەکاتە گوندێك دەبێتە شاگردی ئاشەوانێك. سوڵتان بۆ دۆزینەوەی هەیاس لەشوێنی مەبەست و گومانلێکراو، سەرو گیسکی بەسەر ماڵاندا دابەشکرد، داوای لێدەکردن پاش مانگێکی تر وەریان دەگرینەوە، نابی نەزیادیان کردبێ نەکەم ئەگینا لەسەرتان دەدرێت.

ئاشەوان زۆر پەست و شڵەژا شاگرد- هەیاس- گۆتی لەکن کەس دەنگی مەکە بڕۆ لەم دۆڵ و هەردەیە بێچووە گورگێکم بۆ بهێنە، تۆد لنیابە.

شاگرد- هەیاس- شەوان گیسك و بەچکە گورگی لەهۆڵێك دەکرد، گیسك زراوی دەچوو لە ترسان چاووی بلۆق دەبوو، بە ڕۆژ لێکتری جودا دەکردنەوە، گیسکی تێر تێر دەکرد. پاش مانگەکە گیسکی ئاشەوانی بە زیرەکی هەیاسی وەك خۆی مایەوە، گیسکەکە نەزیادی کرد نەکەم بەم تەگبیرە سولتان هەیاسی دۆزییەوە.

* ئەم پەندە کەسانێك دەیڵێن واتە بەهیچ جۆر کارەکە مەبەست نادرێت.

152- کێف لە من ، کێف لە گوندا، کوڕە خنکا پەشلێ مندا، هێشتا هەوای من زۆر بڵندە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: لەمیرە دێیەکی ئەو وڵاتی سەرەوەدا، ئافرەتێکی ناسکو نازدارو شیرین هەبوو، ژنە ناوبانگی جوانی، لەخۆی بایی کردبوو، ژنە بە نەریتی چەواشەی سەردەمی خۆی درابووە کابرایەکی لەخۆ بە تەمەنتر، ژنە گڕوگفی هەرزەکاری دانەمرکابووەوە، سەرگێڕی دەکرد، بەدوای ڕاوکردنی کوڕو کاڵانی هاوتەمەنیدا دەگەڕا. ژنەی چەمبەری ڕۆژێك لەبەر سەرقاڵی چاوچاوانێ ئاگای لە کۆرپەی ناو پاشۆلی نەمابوو، کوڕە لەناو پاشۆلیدا خنکابوو.

مندالێ، خەڵکی ئاوایی دەستووبرد بردیان لە گۆڕستان شاردییانەوە، ژنە سکی دەسووتاوەو هەستی بەکەمترخەمی خۆی دەکرد، ژنان دەهاتن بۆ سەرەخۆشی دڵدانەوە، ئەویش لەناو کۆڕی ژنان دەهاتوو دەچوو دەیگۆت: کێف لە من، کێف لە گوندا، کوڕ... .

* ئەم پەندە بەکەسێکی جگەر سووتاو دەڵێن، لەبەر کەمتەرخەمی خۆی‌و زۆر لێکراوی تووشی لێقەومانێکی گەورە بووبێت، هێشتان خۆی لێدەرباز نەکردبێ.

153- گورگ ئەتو قەسابی ، کیشت لەنار بەندییە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە نێرینەی بەهارێکی تەڕدا، ئێسترێك تێر گیای خوارد بوو، لەکەتیەوەك، یەك بەخۆی لێراکێشابوو، لە پڕ گورگێکی گەیشتە لا.
گورگ: ها ئێستری بەدکار ئەوە بۆ هاتوویتە نێو پاوانی هەردەی من، هەر ئێستا دەتخۆم.

ئێستره شەله بیری کردەوە لەبەر دەستی ڕزگاری نابی، گوتی: هەر دەمخۆی بەس بزمارێك له لاقی ڕاستم لە زەندەی چوویتە خواری، بۆم دەربهێنە، ئەو کاتە سەرفیرازی خواردنم بە، لەگیانت خۆش بی.

ئێستر هەستایەوە کەمێك لاقی بۆ لای سنگی کیشایەوە، گورگ دەمی گەیاندە بزماری ئێستر بەهەموو هێزو توانایەکییەوە لەقەیەکی لەنێو چەوانیدا، هەردوو چاوی دەرپەڕاند، گورگ کەوتە ئەو گۆڕەی، ئێستر بە لووشە لووش تەقرە کوت غاریدا.

مام ڕێوی بەلای گورگدا تێپەڕی هەر ئەوەتە نووسکەی دەهات گووتی: ها مام گورگ چ خێرە؟ گورگە سەروبەری بەسەرهاتی بۆ گێڕایەوە.

ڕێوی ، گورگ خوا بتگری : ئەتوو قەسابی کیشت لەنار بەندییە؟

* ئەم پەندە بەکەسێکی کەمزان ، لەختوخۆڕایی گیانی خۆی لەسەردانی بەکارێك هی ئەو نەچێ.

154- جوو هەزار لیرەی دا شەوەکی منداری لەجێیان نەنوی.

سەردەمانێکی زوو، پێش ئەوەی جوو لە کوردستان کۆچ بکەن بۆ فەلەستین، مێرد منداڵێکی جووەکی دوکانداری ئەم شاری هەولێرە لە باوکی زوێر دەبێت، دەچیتە ماڵی دۆستێکی موسلمانیباوکی زۆر هەراسان دەبێت، لە ناو دووکانداراني دەوروبەری بلاوی کردەوە گوتی: هەرکی ئەمشەو کوڕەکەم بۆ بهێنێتەوە، لەجێیان نەبێ، لیرەکی تەواوی دەدەمێ.

یەکێك لە دوکاندارەکانی نزیکی دەیزانی کوڕەکەی لەماڵی کێیە؟ لەدڵی خۆیدا گووتی ئەمشەو بۆی نابەمەوە، بەڵکو بەیانی دوو لیرەی لێدەستێنم.

ڕۆژی دووەمــی زیزبوونەکــە، کــاتی کێــشتەنگاو، چــووە لای بــاوکی کــوڕە زیزبووەکە گۆتی: فلانی ئەریٚ ئەمن ئەگەر کوڕەکەت بۆ بهێنمەوە ، چەند پارەم دەدەیتی؟

جووەکە: هیچ

دوکاندارەکە: تۆ دوێنیٚ لیرەکت دەدا، ئەمڕۆ هیچ ئەمە لەبەر چی؟

جووەکە کە من لیرەکم دەدا بۆ ئەوەم بوو، کوڕەکەم شەوێك لەجێیان نەبیٚ، شەوێك لەجێیان نووست، تازە هیچی تیٚ نەماوە.

* ئەم پەندە زیرەکییەکەی لەوەدایە منداڵ تێکەڵ پەروەردەی خەڵکی جێیان نەکرێت.

155- زستان سەپانە ، هاوین تێلەکێش.

دەگێڕنەوە لەو دەشتی هەولێرە، کابرایەکی گێکەڕ خزمەتکاری ئاغەیەکی پڕ کار بوو، کابرایەکی زۆر بیٚ دەسەڵات بوو، بەردەوام کاری ناو ماڵ و دیوەخانیان پیٚ دەکرد، ئەو کارەی نەدەشیا ئەو بیکات ژنان پێیان دەکرد.

زستانێکی لەپاش دیوەخان هاتە گەرم بوون، لەناو دیوەخان خۆی هەڵدەکێشا دەیگۆ سەپانی چاك، سەرپاڵەی لێهاتوو دەبی لەگازی دروینە دەبیٚ، وابچتە گازی ، وا بەری دروینە هەر بڕی.

جوامێرێکی قسە لە ڕوو لێی ووردبووەوە، چاکی دەناسی گۆتی: زستان سەپانە، هاوین تێلەکێش.

* ئەم پەندە بەکەسێکی کەسایەتی لاواز دەگۆترێت، کاری نەشیاوی پیٚ بکەن لەسەر نەریتی باوی گەلەکەی لانەدات.؟

156– خەرتەلە بە بن باری خۆیدا دەڕۆنی.

وە بیرم دیٚ لە سالاٚنی چلەکاندا، خەرتەل گەلیٚك زۆر بوون، هەر گیانلەبەریٚك مردار ببوایەوە، وەیا بتۆپی بووایە، دەمو دەست خەرتەل بە قاژە قاژ لەسەری خڕ دەبوونەوە، زوو زوو لەناویٚیان هەلٚدەگرت، تەنیا ئیٚسقان دەمایەوە. سروشتی خەرتەل وایە، چ لە سەرپیٚییان ڕۆیشتن وەیا لەسەرخواردنی کەلەش بالٚیان لیٚکدەکەنەوە. خەلٚکی کوردستان وای بۆ دەچوون خەرتەل سەیری بن بالٚی خۆیان دەکەن، دەزانن کە لەشی فڕیٚدراوی مردار، تۆپی لەکویٚ هەیە.

* ئەم پەندە بەکەسیٚك دەلٚیٚن ئەوەندە هۆشمەندو زیرەك بی، زوو هەست بەمەبەست بکات .

157– لۆچاوی بەرەکی خۆم کۆرە دەکەم، نەمردی ئاگای لیٚیە، نەزندی منەتی پیٚیە.

مـن وای بـۆ دەچـم سـۆزو خۆشەویـستی خـزم و دۆسـت و ناسـیاوان جـاران سـەردەمی کـەرتی کـشتوکالٚی لـە ئیٚـستا بـەهیٚز تـر بـوو، نـەریتی بـاو هـەبوو، سەرپیٚچی کردنی کاریٚکی ناهەموار بوو، بەندو باوی دروست دەکرد. نەریتی شـین وابـوو، یـەکیٚك بمردایـە، ژنـان بازنـەی شـینیان دروسـت دەکـرد، ڕووی خۆیان دادەمالٚی، قژیان دەڕناندەوە لە زەنگەی باسکیان دەئالاٚند.
ڕۆژیٚـك مـردووەك شـینی بـۆ دەگـەڕا، ژنیٚکـی دلٚ ڕەقـی خۆپەرسـت دەلٚیٚـت: لۆچاوی بەرەکی خۆم کوڕە دەکەم نەمردی ئاگای لیٚیە، نەزندی منەتی پیٚیە.

* ئەم پەندە بە مرۆڤیٚکی خۆپەرست دەلٚیٚن لە نەریتی باو لابدات.

158- ئەوی هەق بڕێ ، کراوی دەپەڕێ.

کوردی ژێر دەستە زۆربەی ڕووداوە بەپێزو بەها دارەکانی دەداتە پاڵ یەکێك لە دەسەڵاتدارانی بێگانە، بۆ نموونە ڕووداوی خەلیفە هاروونە ڕەشیدو بالوولی بەغدایێ.

واباوە / بالوول برای هاروونە ڕەشید و پیاوێکی دەلوو دێوانە و ڕاستگۆ بووە.

دەڵێن: ڕۆژێك خەلیفە هاروونە ڕەشید پرسیارێك لە بالوول دەکات. بالوول بێ پەناو پێچ بازاڕی، بە زەقی وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە.

خەلیفەی سەرخۆشی دەسەڵات، وەڵامەکەی لە دڵی گران دەبێت، شەقێکی لە بناگۆیی دەدات، کراوی لەسەری دەپەڕێت.

بالوول کراوەکەی بە زانایی هەڵدەگرێتەوە دەڵێت: ئەوی هەق بڵێ کراوی دەپەڕی.

* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن لەسەر ڕاستگۆیی خۆی تووشی نووشستی هاتبێت.

تێبینی:

1) بۆ چوونی وا هەیە: بالوول برای هاروونە ڕەشید نیە، بەلکو حەللاجە زانای گەورەو بەناوبانگی ئیسلامە، لەترسی هاروونە ڕەشید خۆی شێتۆکە کرد، ئەنجامەکەی بەزەهر کوژرا.
2) دوور نییە ئەم ڕووداوە لە دیوخانەیەکی کوردەواری لەنێوان برا گەورەیەك و کەسێك ڕووی دابێت.

159- هەر پەڕە شاییە، بووکە بەخۆڕاییە.

پشتاو پشت بۆمان دەگێڕنەوە دەڵێن: لە گوندێکی ئەم کوردستانە، پیاوێك هەبووە، کوڕە گەورەکەی کاتی ژنهێنانی هاتبوو، بەمەبەستی خوازبێنی کچە شۆخە برازاکەی دەچێتە لای تاقە براکەی.

تاقە براکەی باوکی کچە، بەبێ شیربایی و داواکردنی چەکە خالآنە بوێرانە پێشکێشی دەکات.

باوکی کوڕە دەچێتە جلکان، پێویستیەکانی ژنگواستنەوە جێبەجێ دەکات، بەپێی نەریتی باو ڕۆژی دووشەممە، کچە دەگوازرێتەوە، ئاهەنگی شایی گەرم دەبێت بووکە دەبەنە ناو گەڕی شاییێ.

کچە لەناو شاییێ گوێبیست دەبێت دەڵێن: هەر پەڕە شاییە، بووکە بە خۆڕاییە، کچە ئەم گۆتەی لەدڵ گران دەبێت، لای وا دەبێ سووکیە بۆ ئەو، لە شایی بە پەستی دێتە دەرەە دەڵێت: ئێستا باوکم بێتە ئێرە. لەدوای باوکی دەنێرن، باوکە دێت کچە گۆتە ناشایستەکەی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە دوای بینەو بەردەیەکی تەواو خێرخوازان دەکەونە نێوانەوە، توانیان باوك و کچەکە دڵ بدەنەوە، سەرپێچکەری زمان درێژ سەرزەنشت دەکرێت.

* ئەم پەندە بە مرۆڤێك دەڵێن ئەنجامی زمان درێژییەکەی، دوانی بێ بیر کردنەوە، خۆی تووشی سزاو زیانێك بکات.

160- لەبەر هوردە کێران ، بەرم بەدرشتە کێران وەنییە.

باوك و باپیران دەگێڕنەوە دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی بەر لەم سەدەی بیستەمە، لەم کوردستانە ڕەنگینە، ژنێکی سالۆس و تەوەزەل هەبووە، ڕۆژانە، کاتی کاروکێری خاو خێزان، دەچوو مشتێك لە جۆرە دانەوێڵەکانی ناو هەمبانەی

مـالّو نانـدینی دەهێنـا بـە گـۆڕێی وەردەکـرد، پاشـان لەسـەرەخۆ لەسـەر چینچەکان دانە دانەی خڕ دەکردەوە.

ڕۆژێك و دووان خـەڵکی هەستیان بـەکارە بـەد ڕەفتارەکـەی ژنـەی زەمتـە کـرد، لێیان پرسی: ئەریّ خاتوون، ئەتو لەو پڕکارییە، سەرقالییە، ڕۆژانـە چ کـارەی؟ بەچی خەریکی؟

ژنە بیّ سڵەمینەوە، لەسـەرخۆ دەیگۆت، لەبـەر هـووردە کێران، بـەرم بەدرشـتە کێران، وە نییە.

* ئـەم پەنـدە بەکەسـێك دەڵێن لـەجیاتی ئەنجامـدانی کـاری تایبـەتی خـۆی، کارێکی لاوەکی بۆ خۆدزینەوە ، بۆ خۆی دروست بکات.

161- مەقریۆکە ، ناو لنگانۆکە.

لەسـەردەمانێکی کـشتوکاڵی، کـوردەواری هـەر کـوڕەکی دەسـتی ڕاسـتو چـەپی خـۆی بناسـیبووایە، دایکـی لای بـاوکی کـوڕە پێشنیاری ژنهێنـانی بـۆ کوڕەکـەی دەکـرد. باوکـە هـەر چـەند بێگۆتایـە ژنەکـە کـوڕە هێـشتا منداڵـە خـاوخێزان دەبوونـە یـەك دادی نـەدەدا. ڕۆژێـك و دووان بیرکردنـەوە، هـەموو لا دەکەوتنە ئەم بۆ چوونی ، کیژی فیسارکە کەسـی لـەوان دەوەشـێتەوە. سـەرەتا دایکە سـەرە پـەتکێکی لێهەڵدەکرد، دوایـی پیـاو مـاقوول، جوامێران دەچوونە داخــوازی، بــەپێی نــەریتی بــاو ڕێکدەکــەوتن. لــە ڕۆژی دیــاریکراو بــووك دەگوازرایــەوە، کــچە بــۆ ئێــوارە زوو دەخرایــە ژێــر پــەردەوە، چــەنداوێکی پێدەچـوو، ئـایینو ئـۆینی خەسـوو و دایکـی بـووکی دەسـتی پێـدەکرد، زاوا منداڵـە، خۆشـی لـە بـووکی دەبـینی، قـسەی ژنەکـەی و خەسـووی لـەناخی دەرروونی جێی دەگرت.

کچە باوەخوون دەکرایەوە، مریشکێکی جاقی، قوندەی دەدایی بەمەبەستی ژنـە هێلکـەی مریکـی دایکـی بـۆ مێردەکـەی لـە مـەقلی بکـات، ژنـە بـە پێـی ئامۆژگاری دایکی کوڕەی دەلاوەندەوە. باوك‌و دایکە کە دەیاندیت، کوڕەکـەیان خـواردنی جیـا لـەخاوخێزان دەخـوات، منداڵـە بچووکەکانی بـەلاوەناوە، لەگـەڵ ژنەکـە هـۆگری یـەکتر بووینــە ئاگایــان لــە زارووکــان نەمایــە بــاوك ســکی دەســووتایەوە دەیگــۆت: مەقریۆکــە، نــاو لنگانۆکــە. ئــەم هــەڵس‌و و کەتــە تەشەنەی دەکرد، ناچار کوڕەو ژنەیان دەرکرد، کوڕە دەبووە ڕەنجبـەری پیـاوی هەبووە و خاوەن کار.

* ئـەم پەنـدە بـە مرۆڤێکـی سـادە دەڵـێن بـە قسەو ئامۆژگـاری کەسـانێکی تەلەکەبازی خۆپەرست بەرژەوەندییەکی گەورە لەدەست خۆی بدات.

162– لەمار خەرك هەر وادەبێ.

لەسەر بردەی پێشینانە دەگێڕینـەوە دەڵـێن: کابرایـەکی تامـەزرۆ، زۆر خـۆر، بەمێوانـداری دەچێتە سـەردانی ماڵـە ناسـیاوێکیان، ئـەو کاتـە چێشت لێنانـان ئێواران بوو، ئێوارە خاوخێزان کاتی نان خواردن کۆبوونەوە.

مـاڵی خانـە خـۆی بـە ڕێککـەوت ئـەو ئێـوارە چێشـتی نیـسکێنەیان لێنـابوو، لەگەنـەك نیـسك‌و کـەوڵی نانیـان لـەپێش مێـوان دانـا. هـەموو لا کەوتنـە نـان خـواردن، یـەکێك لـە کوڕەکـانی خانـەخۆی سـەیری مێوانەکـەی دەکـرد، کـابرا حەوت نانی تیری بەچێشتی نیسکی خوارد، ساڵەکەش نان شیرین بوو، هەموو لا دەســتیان لــەخواردن کێــشایەوە، یــەکێکی قــسە لــە ڕووی خێزانەکــە لەمێوانەکەی پرسی: ئەیَ فلانی تێرێت خوارد؟

کابرای مێوان بەنا بەدڵییەوە بریم چی: لەمار خەڵك هەروا دەبێ.

* ئەم پەندە بەکەسێك دەڵێن سنوری ئەندازەی خۆی ببەزێنێ.

(چیرۆکی مام ڕێوی و مریشکە قوندە)

1) ڕێوی : هەمریشکە مریشکەڵانێ سینگت خۆم سیقەدانێ.
2) ڕێوی: هە چۆمە چۆمە، دنیا بە کەیفی خۆمە، دایکی جووجکان دەخۆمە.
3) مریشك : مام حەیدەرێ لە تیشی، سەر دەربینە لە تلیشی.
4) مریشك: مام حەیدەرێ دەربەندی، سەر دەربینە لەکەندی.
5) مریشك: تاژی و شوشکەدا، لەناو پووش‌و پەراشا وەرە دەرە.
6) ڕێوی : ئەو مقامەی مەریً دەترسێم.

دەگرێرنەوە دەڵێن : پیرە مریشکێکی سەرە مری کورك لەسەر هێلکان، لەڕەوەندایەتی لەناو پووش‌و پەراشی لەکۆنە هەواری بەجێ دەمینێت، ڕۆژێك‌و دووان ڕێوییەك لە باسك‌و تەلانی کونە هەواری بەمرومۆکردن پەیدا دەبێت. ڕێوی لەناکاو چاوی بەپیرە مریشکی قوندە دەکەوێت، پیرە مریشك لەبەر پیری و کورك بوون ڕووتابووەوە، بەو دیقەویق پەلاماری دایێ گوتی، بەزمانی ناخورێ، من کوڕکم هێلکەکانم ترووکاندوویانە، جووجەلەکان لەم چۆلە وانیە گەورە دەبن. هەر ڕۆژە فرووجێکیان بخۆ، جووجەلە هاتن قەتێن بوون، ڕێوی دەستی بەخواردنێ کردن، مریشکە بە زەقە زەقی چاوان جەرگی دەسووتا.

مریشکە چێشتانەك دیتی ڕاوکەرێك بەخۆ بەجووتە تاژی‌و توولەك پەیدا بوو، مریشکە قوندە بەهەناسە برکێ بە پیرییەوە چوو گوتی: ڕاوچی نێچیرت دایم بێخوا بۆ ئێمەت بهێڵێ.

ڕاوچی: زار خۆش، خوا بەزارت دا بڕۆنی.

مریشك: ڕێوییەك فێربووە، ڕۆژانە جووجەلەیەکم لێدەخوات، خوا سەرفیرازت کات لەهانام وەرە، تۆڵەم بۆ بکەوە.

ڕاوچی: خوا یاربێ، ڕێویت بۆ دەکەم بە پەند.

مریشك: مام ڕاوچی ناوت چییە؟

راوچی: مام حەیدەرێ (شاور – دەربەند)ی.

مریشك : مام حەیدەرێ شاوری، مریشکە قوندەت لەبەرمری، زووکە خۆ لەناو ئەم پووش‌و پەراش‌و تلیش و زندۆرە بشارەوە.

ڕێوی جووجکە خۆر هەندەی پێ نەچوو پەیدابووە گوتی: مریشکە قوندە بەزمەکی ، شایی نەکەین؟

مریشکە قوندە: مام ڕێوی هەڕەتی بەزم و شاییە، ڕەنگە دەنگت زۆر خۆش بی مقامەکمان بۆ بڵێ.

ڕێوی کلکی داوێتە سەر پشتێ، چاوەکانی لە جووجەلان (نێچیری) زەق دەکاتەوە ددانەکانی جیڕ دەکاتەوە دەڵێت: چۆمە چۆمە، دنیا بە کەیفی خۆمە، دایکی ..... .

مریشك پەلەی مەکە ئەمنیش مقامەکت بۆ بڵێم، دەڵێت: تاژی و شوشکەدا لەناو... .

مام ڕێوی : ئەو مقامەی مەرێ دەترسێم!

تاژی‌و توولە چوار دەوری ڕێوییان گرت لەتۆزییان وەردا. مریشکە قوندەو جووجەکانی مابوونەوە، بەدڵنیایی‌و سەرفیرازی لەگەڵ رشاوچی گەڕانەوە ئاوایی.

164– دەربارەی ژن بەژنیێ.

1– حاجی عەلی چاوت دەریێ ، سەری خۆتدا لەسەر دەریێ ، جاشکۆکەت دا بە پیرە کەریێ.

2– حاجی عەلی چاوت کوێرە، شفتیت دا بە گوندۆرە ، گندۆرە ناوی کلۆرە.

3– حاجی عەلی ملت شکێ ، بارۆکەت دا بە پیرە مریشکی – قورینگ –

ئافرەت پێشتر هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، پیاو هەموو شتێك بوو، با ئەو پیاوە هەمبانەی بای بووایە، وەیا شاخی بزنێکی پێ تیمار نەکرایە. پیاو ژنێ بە ژنێ، گەورە بە گچکە، بنپشکی بۆ ئارەزووی دامرکانەوەی جۆش و خرۆشی دەروونی با ئافرەت دەکرد، هەر چەندە بۆ ئەو سەردەمە لەهەندێك ڕووەوە لەکەلك بەخشین بەدەرنەبوو، بەڵام بە زۆری زیانی گەورەشی دەبەخشی ئارەزووی ئافرەتی پێشێل دەکرد.

حاجی عەلی (مەڕەزا) پیرەمێردێکی بەساڵاچووی کەنفت بوو، کیژێکی زۆر نازداری پاش داکی هەبوو، ژن بە ژنێ لەگەڵ کوڕێك دەکات، کوڕە پیر خوشکێکی پیری ناشیرینی بێوەژنی هەبوو، خەڵکەکە کاوەکەیان پێ لا پرە سەنگ بوو. ئەم بەندو گۆتانەیان بەدوادا گۆتوون.

* ئەم پەندە بەکەسانێك دەڵێن کارێك بکات، زیانێکی گەورەی لێبکات.

165– ا– پیره له مردنه ، جوانه له مێردکردنەوه ، ماره له خراپ کردنه.

ب– ڕێی شەغران هار دادو.

ج– کاکه ڕەش دیتیه خەرکی قرش پرتس.

جاران هەژارانی شاری هەولێر، ژنانی هەژار لەدەڤەری گەڕەکەکانی شاردا به تێلەکێشی و وشیکەری دەیانبرده سەر دەڵێن: گەوره کچێك و پیره دایکێکی به سالاچوو سەریان پێکەوه نابوو به نەداری دەیانگوزەراند.

ساڵێك کیـژه گـوتی: ئیـشتەم مـن ئەمـساڵ شـوو دەکـەم. هـەردەم بـیری لـه گواستنەوەو شەو بەخۆشی باغەری مێردی دەکردەوه.

دایکـەم دەیگـۆت : مـن لەسـەرماو سـۆلەی زسـتان دەرناچـم، کلکـی بـەتاقی دادەدەم. هاوینه هەر دووکیان داریان لەسەر بەردی دانەنا.

چارەنووسی کچه هەڵنەستا، مەرگیش لێیـان میـوان نـەبوو، نـەزانین و ساکاری مرۆڤ به هەله دەبات.

زستان بـه سـەختی گەڕایـەوه، مـاڵ ئـەوی دەرامـەت و بـژێوی هەیـه تێیـدا نـەما. کچه بەرەو دەرەوەی شار بۆی دەرچوو، خۆی گەیانده شوێنی ساڵانی گۆڕین، سەیری کرد، جوتارێك بەلەقەلەق بەرەو شار دەهات ، کچه به کوردییەکی پچڕ پچڕ گوتی، خاڵه ڕێی شەغران هاردادو.

پچڕ پچڕ گوتی یان دیتیه خەرکی قرش پرش.

* ئـەم پەنـده دەدرێتـه پـاڵ کەسـانێکی سـادەو سـاکاری خـەڵکی شـاری، بـه نـەریتی. لادێییانـه گـۆش نـەکرابێ، لـه زاراوەو کـارو پیـشەو کـاتی کـارکردن ئەوەند شارەزا نەبێت، تێکەلکردن له ئاخاوتنەکانی دا هەبێ .

* ئەم پەنده به کەسانێك دەگوترێت لەکاتی خۆیدا ڕەنج نەدات.

166- فەقیر لۆ فەقیرە، با هەر بخوا برنج بەشیرە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێك لە دیوەخانی خانزادێ سۆران، باس دێتە سەر هەژاری و نەبوونی: ساڵەکان شیرین دەبێت.

خانزاد سەربەخۆ بێ بیرکدنەوە دەڵێت: فەقیر لۆ فەقیرە، باهەر بخوا برنج بە شیرە گوایە برنج و شیر هیچیان تێناچێت، ئەدی ئەگەر ئەوانەش نەبن.

* ئەم پەندە هەر چەند خاوەنەکەی دیارە، بەکەسێکی نەزان دەڵێن یا کەسێك بێ بیرکردنەوە خۆ تێکەڵ بە قسان بکات سەری لێدەر نەچێت.

167- لە شەپۆلی دواوە بژمێرە.

دەگێڕنەوە دەڵێن، باوکێك و کوڕێك لە دەوارێك لەدەم ڕوبارێك دانیشتبوون، نانیان دەخوارد. لەو دەمەدا ئاوەکە شەپۆلێکی زۆر دەکات.

کوڕەکە هەڵدەستێت بەدوای شەپۆلەکان غاردەدات.

باوکەکە بانگی دەکات: ڕۆڵە بەدوای چی دا ڕادەکەیت؟

کوڕەکە بە ڕاکردنەوە، باوکە گیان دەچم بزانم لە شەپۆلی بەراییەوە چەند شەپۆلن؟

باوکە کوڕم: لە شەپۆلی دواییەوە بژمێرە.

* ئەم پەندە بە کەسانێك دەگۆترێ خو بەکارێك بکات نەکرێت.

168- وەرێ وەرێ ، ئەوی لەزارت دایە مەرێ.

وا دەگێڕنەوە، ئۆباڵ بە ملیٰ گۆتیاری ، دەڵێن عەلی بەردەشانی، خەونێك دەبینیٰ، لەو خەونەدا شارە مێرووڵەیەکی لە زاری دەبی، لەخەو هەڵدەستێت، خەونەکە دەگێڕێتەوە پێی دەڵێن تۆ دەبی بە شاعیرێکی زۆر چاك.

شــەوی دووەم لـــە مەچــێتر زەماوەنـــدی بـــووك گواســـتنەوەیان دەبێـــت، سەردارەکەیان یەك دوانێك لەدوای عەلی دەنێرێت، لەخەوێی ڕاست دەکەنەوە، بڕۆ بڕۆ دەچنە ناو شاخوداخێکی زۆر سەخت، شایی ڕمبەی دەهات.

یـەکێك لـە لەمەچـێترانی نـاو شـایی بـانگی عـەلی کـرد: وەریٰ وەریٰ، ئـەوی لـە زارت دایە مەریٰ واتە ناوی بیسملا مەهێنە.

عـەلی لـە گـەڕی دیلانـی شـەیدای خوشـکی قـورە شـینی سـەرداری لەمەچێتران دەبێت. ئەوەندە پیٰ ناچێت : ئاگای لـەخۆ نامینێـت نـاوی بیـسملا دەهێنێـت، لەمەچێتران لە بەرچاوی ون دەبن.

یەکێك لەوانەی عەلی بردبوو، دەگەڕێتـەوە سـەری دەڵێـت نەکـەی هـەتا بـەیانی لەشوێنی خۆت ببزوی، هەبروون بە هەبروون دەبیت.

عەلی سبیانی سەیر دەکات لەسەر لێواری خەرەندێکە ناتوانی جوولەی بکات.

چـەند ڕۆژێکـی پێدەچـێت، عـەلی زۆر زەبـوون دەبێـت لـەخوای دەپاڕێتـەوە دەڵێت:

یا خوا یا چاکی مەنداویٰ

پیرمە سووری لەسەنگاویٰ

ئەوڕۆ ڕاوکەر بێنە ڕاویٰ

عەلی دەربینین لەویٰ داویٰ.

چێـشتان ڕاوکـەران دەچـنە ڕاویٰ عـەلی لەوشـوێنە سـەختە دەبیـنین، هـاواری دەبەنـەوە گونـدی، گوریـسی ئـاوایی دەبـەن، عـەلی دەربـاز دەکـەن، دەیبنـەوە ماڵەوە.

عەلی بووە شاعیرێك هەرچی دەیگۆت، نەیدەگۆتەوە.

* ئـەم گۆتەیـە بـۆ ئـەوە دەگۆترێـت، دەبـیٰ مـرۆڤ کارێـك پێویـست بـە گـوتنی نەکرێت، نەیڵێت.

169- زیرەکی و هۆشمەندی ژن.

1) نەهەورە نەسایە قەت، خەبەرەك هاتیە لە کن خەلیفەت، هەتا شۆو وەرد هەنە، تۆی ماوێنە بەیاراقەت.

2)نەهەورە نەسایە هەتا جوان هەنە، لەگەر پیران مەنوون قەت.

3)نەهەورە نەسایە، مانگ ڕەق ڕاوەستایە ، دەرێن پیاوی بێ ئاقر ژنی خۆی تەراق دایە.

کابرایەکی لەخۆبایی لەو ولاتی کیستانە، سێ ژنی هەبوو، شەوێك گۆتییە ژنێ گەورە، هەڕوە دەرێ بزانە هەورە سامالە هەر یەکێکیان بلێت تەلاقت دەدەم.

ژنە زیرەکی دەنوێنێت، دەچتە دەرێ، دەگەڕێتەوە دەلێت: نەهەورە نەسایە قەت، خەبەرەك هاتیە لە کن خەلیفەت، هەتا شۆو وەرد هەنە تۆی ماوێنە بایارا قەت.

کابرای مێردە، بۆ دووەمجار ژنێ ناوەنجی نارد، بەهەمان چەشن ژنە چووە دەرێ گەڕایەوە، گوتی: نەهەورە نەسایە قەت، هەتا جوان هەنە لەگەر پیران مەنوون قەت.

سێیەم جارو دواجار مێردە ژنێ گچکەی نارد، ژنە چووە دەرێو گەڕایەوە، وتی: نەهەورە نەسایە، مانگ ڕەق ڕاوەستایە، دەلێن پیاوی بێ ئاقر ژنی خۆی تەراق دایە.

* ئەم سێ پەندە ئافرەت زیرەکی دەنوێننی دژی لەخۆباییبوون.

170- چیرۆکی زستان و گیسکەنێر.

1- گیسک : ترِی زستانی ئەوساریش بە کێرم.

2- زستان ئەگەر نەمرم لێت دەکەمەوە بەفروبا ، بەزت لە کلکی دەکەمە کا.

3- گیسک: ئەگەر لێم دەچی ئەو زستانە، تەرك دەکەم ئەو بزن گانە.

لەم چیرۆکەی سەرەوە سێ پەندی لێوەرگیراوە.

سروشتی کوردستان گۆڕانێکی زۆری بەسەر هۆش و بیرو بۆچوونەکانی کورد داهێناوە، لەزاری مرۆڤ، گیانلبەران، باڵندان،... گۆتراون، پڕن لەپەند و ئامۆژگاری بەهادار، ڕۆژانە پێشتر لەنوێ بوونەوە دابوون، بەسەرهات و ڕووداوی سەردەم لەهەمان چەشن سەرهەڵدەدات.

پەندوویست ئەلهایانی پەند، پشتاوشاری دەکەنەوە، ئەم چیرۆکە نموونەیە کەلەم مەبەستە. ئەگەر ساڵەکە خۆش بوو، پەرە زوو کەوت، پاش ماوەیەك گیاوگوڵ سەوز دەبێت. گیسکە نێر زوو چرەی دەکات، خۆی تێر دەکات، لەخۆبایی دەبێت، دەپیرێنێت دەڵێت: ترِی زستانی ئەو ساریش بەکێرم.

دەڵێن زستان یا سەر وەشێنە، یا دواوەشێنە، واتە زستان زستانی خۆی دەکات. زستانی دواوەشێن، هەواو دەشت و دەر دژ دەکات، بەفروباو شەختەو بەندەرۆك، گیاوگوڵ وشك دەبن، ئەستەویر ئالیکی نادرێتی، گیسك لاواز دەبێت، سرۆکییە، بەسەری دەڕوات، پایزی لەناوڕەوەستی زۆر دەرپەڕی دەڵێت: ئەگەر لێم دەچی ئەو زستانە، تەرك دەکەم ئەو بزن گانە.

171- حاحا ئازیکەند، نازانی ئۆمەرم.

خەڵکی ئەو دەشتی شەمامکە دەگێڕنەوە دەڵێن: مام ئۆمەرێك هەبووە، بەرەو دەشتی قەراجە بەڕێدەکەوێت، لەدوندی چیای بڵباسان- قەرەچوغ - شۆڕدەبێتەوە، لەکاتێکدا خۆی لەناو شاخ و زەندۆری ئازیکەندی دەبینیتەوە. ڕۆژە کە زۆر دژ دەکات، لەناکاو دایدە کوتیتە تەزرەو بارانێ، یەك دووجار ئاو لوولی دەداخۆی دەگریتەوە، مەترسی مەرگی لێدەنیشێت ڕوو دەکاتە شاخو زەندۆری ئازیکەندی دەڵێت، حاحا ئازیکەند، نازانی ئۆمەرم؟

گەلێك گۆتەو پەندی واهەن، جوامێرانی شارەزا، لە ڕووداوی تایبەتیدا، بەدارشتنێکی تر دەیگۆڕن.

* ئەم گۆتەیە بە کەسێکی دڵسۆز دەوترێت، کەچی تووشی ڕووداوێك ببێت بەدەگمەن خۆی لێدەر باز بکرێت.

172- ا- کێندەر خۆشە؟ ئەو جێیە خۆشە.

ب- بۆ قبۆقیلەی ناو ئاوان، سەر دەربینە لەتەنکاوان ، یەك نەمینێ لە لاوان.

دەگێڕنەوە، دەڵێن: پاشایەکی یەك لەو شارانەی کوردستان، شەیدای کچێکی نازكو نازدارو نەشمیلانە دەبێت، خۆشەویستی ئەوەندەکاری لێکردبوون ژیانی خۆیان بێ یەکتر نەدەویست.

دەڵە دێوێکی نەفرەجا هەبوو، لێیان دەبێت بە شملی شەڕ، ئەفسانەیەك لە کچەکە دەکات، دەیکاتە بۆقێك، فرێیدەداتە ناو گۆمە ئاوێك.

کوڕە هەستی دەروونی بەنهێنییەکی دەزانی ، چوو لەدەم گۆمە ئاوەکە ڕەشماروکەیەکی لێهەڵدا، خزم و دۆستو ناساو لێیان دەپرسی، تۆ بۆ ناگەڕێیتەوە شار، بەخۆشی بیبەیە سەر؟ لەو چۆڵەوانییە چ هەیە؟

کوڕەی شەیدا هەر هەندەی وەڵام دەدانەوە، دەیگوت: ئەو جێیە خۆشە کەدر لێی خۆشە. گەلێك جار کچە بۆقەکە، لەگۆمە ئاوەکە ون دەبوو.
کوڕە زوو دەیگوت: بۆقبۆقیلەی ناو ئاوان، سەر دەرینە لەتەنکاوان یەك نەمینێ لەلاوان. خۆشەویستی سنووری بۆ نییە، بەتایبەتی ئەگەر لەناو دەروون مەیی بێت، چاری یا مردن یا بە ئاوات گەیشتنە.

173- مامۆستا وەم لۆ مارەبکە، لەدوای من بە کەلك مندارەکانی بێ.

دەگێڕنەوە دەڵێن: لەو وەڵاتی سەرەوەدا قەیرە کوڕێك هەبوو، لەبەر بارودۆخی خێزانی ژنهێنانی دواخستبوو.
ڕۆژێك کوڕە هەستی بەدواکەوتنی ژن نەهێنانی خۆی کرد، لەناو خێزانو دۆستو خزمو ناسیاوان، ئاماژەی پێکرد.
خێرخوازان زوو بە زوو کچێکی لەخۆ گەڕاوەیان بۆ دەست نیشان کرد، چۆنیەتی پێکهاتنیان قسە لێکرد. ئێوارەیەك پاش نوێژی شێوان، جوامێران و مامۆستا لە مزگەوتێرا، بۆ خزمایەتی چوون بۆ داخوازی و مارەکردنی کچەکە، شیرنایەتی خورا، مامۆستا لێکی مارەکردن، فاتیحە خوێندرا.
کوڕە گۆتی: مامۆستا باشت مارەکردن؟
مەلا گۆتی بەپێی نەریتی باوی ئیسلامەتی ئەنجام درا.
کابرا: مامۆستا وەم لۆ مارە بکە، لەدوای من بە کەلك مندارەکان بێ.
* ئەم گۆتەیە، کەسانێك دەیلێن کە بەوردی چارەنووسو ئایندەی خۆی نەخشە بۆ بکێشێت.

174- کێخوای زەنگەبات عەبات هەر کێشە.

شێر پاشای دڕندان نەخۆش دەکەوێت، هەموو گیانلەبەرەکان بۆ لێپرسین دەچنە لای، هەر کەسە خۆی وا پیشاندەدات، هەموو هەناوی بۆ پاشا هاتیتە خوارێ، ئەنجام گەیشتە ئەندازەیەك خوبزەیەکی وەکی گورگی لە وزەیدا نەما، کەوتە لێپرسینی، ئەوانەی نەهاتوون، ناپاکن، دەبێ سزای سەرپێچی خۆیان وەربگرنەوە.

کەروێشك گوێی لەم گفتوگۆیەبوو، پاش چەنداوێك دەم بەنزاو پاڕانەوە، بارەگای بەجێهێشت، بەهەلەداوان خۆی گەیاندە ڕێوی، هوردوو باریکان سیپارەی بۆ خوێندەوە پێی گوت: هەی ماڵکاولی لەمن ماڵکاولتر، ئەتو خۆت چیت، بەرانبەر بە کەسانێکی وەك شێر بووەستیت، تۆش وەکو ئەو هەموو گیانلەبەرانەی تر، ملکەچی لە کەسێتیت کەمناکاتەوە، ئێمە مانان نابێت لەختو خۆڕایی خۆمان لەناو ببەین، مانەوە کەلك بەخشترە، ئەوانەی بێتوانان دەبێت، هۆی خۆ گونجانیان بەهێزو باشتر بکەن، ئەمو ئەو لەخۆ ڕازی بکەن.

ڕێوی تۆزێك داما، بیری کردەوە: تۆ ڕاست دەکەیت، من براتم بێترس بە، شابازان خۆی گەیاندە گوندێکی نزیك، لەسەر جۆخینان خۆی کرد بە مردوویێکی تەواو، کەلەشێرو مریشك لەم ناوە خولیان خواردەوە بۆ دەنووك لێدانی، لەخۆی هەڵدا، دووانی قیڕە بڕکرد، خۆی دانەدیوا بەرەو دیوانی شێرە باڵی گرت، بەهەراسانییەوە کڕنۆشی بۆ پاشا برد، مریشك لەم لایە، کەلەشێر لەولایە.

شێرە لەم دەستودیارییە سەری سوڕما، هەر بەخۆشی نەوەستا، خۆی پێنەگیرا، بەتەوسەوە: ها ڕێوی ئۆینباز تازە لێمدەپرسی، ڕێویلکەیەکی وەك تو وای لێهاتووە، بەرە بەرەکانی دەستوری نەریتی باوی شاهەنشایەتیمان بکات، سەرپێچی بکەیت، هەی هەیهەی.

ڕێوی پاشام پایەدار بێت تاوانبارکراو لەبارەگای پاشاو دادپەروەران بە بێتاوان دەدەنرێت تا بەڵگەی تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێت، بێدەسەلاتێکی وەك من خۆی چیەو نەهاتنی چییە؟ خوا دەست بەتەمەنتەوە بگرێت بۆ خێروخۆشی و ئاسوودەیی ئێمە.

شێر، پاشای گیانلەبەران: بەڵێ ئەگەر سزا بۆ تاوانباران نەسەپێنم، جیهانی دارستانەکەمان لە گشت تێکدەچێت.

ڕێوی پاشای گەورەمان خۆش بێ تۆ زوێری دواکەوتنی من، زۆر وارێك كەوتووە كەسێك چاكەیەكی كردووە بەخراپە بۆی گەڕاپتەوە، ڕاستی نەخۆشی تۆ منی شلەژاند لەدڵی خۆمدا گوتم بابە دوای چارەسەری دا بگەڕێم، ئێمەمانانی بێتوانا لەژێر سێبەری دەسەلاتی پاشامان دڕەندە زۆر دارەكان ناتوانن زۆر پێدرێژی بكەن، بە ئاسایی دەژین، خوا نەخواستە شتێكی بەسەر بێت لانەمان لێتكدەچێت هەموو ئاوارەو پەڕاگەندە دەبین و قڕمان دەكەن، زوو بیرم لەداودەرمان كردووە، لەمام مۆرتكی خۆمانم گوێبیست بوویمە، گۆشتی فرووج دەرمانە ناچاری لەكاتی تەنگانەدا بۆ ئازیزێكی وەك تۆ خۆ، گیان بخەیتە سەردەستان لەپەلە پەلیان چاوم تاریك بوو خۆم پێنەگیرا چوومە گوندی... بەنوێژی نیوارانی، دەرفەتم وەرگرت خۆم گەیاندە ژێر عەمبارێك خۆم شاردەوە دنیا فێنك داهات سەگەڵ بە كۆلانان كەوتن، ناچار هەستم لەخۆ بڕی، گیان لەجێیەكی قەیمە ناهێتە دەرەوە، لەناكاوێك لە ڕۆژی دوایی زوو بەخۆ بەنێچیرەوە بۆی دەرپەڕیم، كارێكی ناڕەوایە، بەندە شتێكی لەدەست بیێ و نەیكات، دەست بەتاڵ بچتە خزمەت پاشایان، باوڕناكەم دڵت شتێكی تر ببات، دەزانم تۆ دەستكوژی خۆت نەبی نایخۆی، بەلام ئەوە دەرمانە، بەڵكو خوا بەزەیی بە ئێمەدا دیتەوە زوو چاك دەبیتەوە، نازانم ئێمە چ زیانێكمان لەبارەگای پاشامان لێكەوتووە، گورگی ناهەموار دەڵێتە من تۆ

چەند هیچ پووچ و ترستۆکی ئەو نێچیرە تەڕو ناسکانە بەخۆت ناخۆیت، لەزاری ماڵ و منداڵت دەگریەوە دەرخواردی شێرێکی دەغەری دەدەیت، ئەمڕۆ سبەی دەمریت، لە ئێمەش هار دەکەیت فێڵی چاوچنۆکی دەکەیت، چلێس دەبێت، گێلە نازانی گەورەو پێشەوایان باکیان بەدەستوپێوەندو دیاری بچووکانەوە نییە، هەر نازانن لەکێوە هاتووە.
شێرە هەستایە سەر پێ هۆش و کەللەی لەسەر دانەما، مووەکانی وەك نەشتەر ڕاوەستان، نەڕاندی، هەر ئێستا دەمەوێت گورگ بێتە ئێرە، بەسزای خۆی بگات.
ڕێوی گوتی پاشام سەرفیراز بێت، ئەتو لە دڵپاکی و پاکی خۆت چت لە دەست ناهێت، هەر یەکێك بێتە لات، یەکدوو قسەی خۆشت لەگەڵ بکات، باوڕ دەکەی خاو دەبییەوە، یەکێك لەگەڵ تۆ ڕاست نەبی، وا بە باشی دەزانم فەرمان بدەن پێستی تەپلی سەری بێننە بنی پێی، ئینجا بەرەڵلای بکەن تا ئەوانی تر پێی تەمبێ خواردوو بن، ئەو جۆرە کەسانە ببنە پەندو ئامۆژگاری بۆ سەرپێچکەرانی تر، تا کەس پێ لە تەختەی چرووك نەنێن، گەورەم دوو ڕۆژە لەخەمان و لە ترسان نەنووستووم تکایە ماوەم بدەن دەچم کەمێك پشوو دەدەم و چاو گەرم دەکەم دوای ماوەدان دەم بەنزاو پاڕانەوە، دەرچوو، لەبەرچاوان بزربوو، یەکدوو شامبازی هاویشت چوو لە لاتەریکێکەوە، سەیری هاتنی گورگی کرد.
پاش چەنداوێك گورگ وارە وارە ، بێخۆکاو بەرەو دیوەخان دەچوو، دیوەخان مۆنجەی دەهات، دانیشتوان نەخشەی کارەساتێکیان دەکێشا جگە لەمام گورگی نەبی، لەهەموویان بێترس تربوو خۆی گەیاندە شێرەکەو سەلامی لێکرد، شێرە بێئەوەی کرکەی لەگەڵ بکات، چاوی پەڕییە تەوقی سەری، هەڵمەتی بردە سەری چەنگی لێگیر کرد، پێستی تەپلی سەری هێنا بن پێی،

گوتی: هەر ئێستا بەرچاوم بەردە، برۆ دەرێ، گورگ بەلاکە لاکە گەڕایەوە، پێستی لەدوا دەخشا.
ڕێوی لە لانکارێکەوە وەستابوو، بەگاڵتە پێکردنەوە: کێخوای زەنگەبات عەبات هەر کێشە.
* ئەم پەندە بە کەسێك دەڵێن لەخۆڕا خۆ تێکەڵ بەکارێك بکات و دوو زمانیشی تێدا بکات سزای دوو زمانی وەربگریتەوە.

175- کین گازر نابی.

سەیدەوان خۆش ڕاوچی بوو، کوڕەکەشی تۆزی باوکی دەشکاند، میوانیان دێت ناگزوور دەبن.
باوکە: ڕۆڵە لە باوکتە چمان نییە، میوان بیخوات، زووکە برۆ نێچیرێك ڕاو بکە، زوو بیهێنەوە، با شەرمەزار نەبین.
کوڕە: باوکە گیان فەرمایشت لەسەرسەری لەسەرچاوان، بمبوورە، نەخۆشم، ناتوانم بچم، باوکە دەگەڕێتەوە لای میوانی، کوڕە چۆن باوکم فەرمانیشتەکەی ئەنجام نەدرێت، بە لاکە لاك بۆی دەرچوو، لەبازگەیەك خۆی مات کرد.
باوکە، نێچیروان دەرفەت لەمیوان دەخوازێ، خۆ دەگەینیتە بازگان، باوکی چەمبەری چاوەکانی ئەوەندە بڕ ناکات، ڕیشی کوڕەکەی لەناو بازگەدا بای لێدەدا، وادەزانی نێرییە کێوییە، نیشانەی لێدەگری وەریدەگێڕی، خۆ دەگەینتی، سەیر دەکات کوڕە تاقانەکەیەتی، دەیخاتە ناو جەواڵێکە بە پشتی خۆی دەدات، حەفت شەوو حەفت ڕۆژ دێ و دەچێت بەندی پێدا هەڵدەڵێت، بەڵکو چاك ببێتەوە، خوا پەکی خۆی لەسەر کەس نەخستووە، خەمخۆرانی زۆر بە ڕوویا دێن و دەچن، داد نادات.
پیرێژنێك پارچە کینێك و کوتێك دەست دەداتێ هەر دەیشواو دەیشواتەوە.

سەیدەوان: ها داپیرە ئەوەچی دەکەیت؟

پیرێژن: داپیرەی ڕەق و هیشك لەسەرت گەڕێ ئەو كینەی وەك پیفۆكی سپی بكەمەوە.

سەیدەوان: داپیرە كین گازرنابی.

پیرێژن: ڕۆڵە مردوو زیندوو نابێەوە.

سەیدەوان ڕاست دەكەیت، تەرمەكەی لەكوڵی هێنا خوارەوە، شاردیانەوە، بەخاكیان سپارد.

ژياننامەی نووسەر

عومەر شێخەڵلا دەشتەكی، پایزی 1941 لە گوندی قوشاغلو سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر چاوی بە دونیا هەڵێناوە. خوشك و برایەكی بە ناوی(سالح ـ ئاسك)هەبووە، خوایان لێخۆش بێت. هەر لە سەرەتای ژیانی لە خێزانێكی هەژاری چەوساوە ژیاوە، بە منداڵی خەریكی جوتیاری بووە (شێخەڵلا)ی باوكی پیاوێكی لەسەرخۆو دونیا دیدەو چاو تێرو تێگەیشتوو بووە، بۆیە لە پایزی ساڵی 1951 كاتێ عومەری كوڕی خەریكی جۆتكردن بووە، جۆتەكەی پێ بەردەداتوو دەیخاتە بەر خوێندن، كە ئەو كات خێزانی گوند و لادێ نشین زۆر پێویستیان بە جوتیاری هەبووە، وەكو خۆی گێڕایتیەوەو گوتویەتی:(تەمەنم نزیكەی10 ساڵ دەبوو، تازە دەهات بتوانم جۆت بكەم، پێیان دەوتم بە خوای جوتیارێكی چاكی لێدەردەچێ، دەیگوت زۆر كەیفم بە خۆ دەهات، جا ئەو كات لەكاتی جۆتكردن باوكم هات و گوتی: كوڕم جۆتەكەی بەردە، منیش زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام فایدەی نەبوو، گوتی: كوڕم بڕۆ بخوێنە با كۆڵەوارو نەخوێندەوار دەرنەچی، وەكو مە لە دوو كلكی حەیوان گەورەبی، كوڕم بابیە ڕۆلەیەكی باش، ئەو میللەتە سودت لێوەربگرن).

ساڵی1951 بۆ یەكەم جار لەگەڵ هاوڕێیەكی بە ناوی (شەوكەت وەیسی) دەچێتە قوتابخانەی قوشاغلوی سەرەتایی، لەو ژوورەی باوكی بۆی دروست كربوو، كە پێیان دەگوت(حوجرە)لەگەڵ شەوكەتی هاوڕێی و مامۆستا (عەبدولخالق

عەلائەدین)کە مامۆستای گوندەکەیان بووە، ژیانی ڕۆژانەیان گوزەرانـدووە، کـە ئـەو مامۆسـتا نـشتیمانپەروەرە زۆر لـە شـعرەکانی بێکـەس و دڵـدارو هـی خۆشـی فێرکردوون. لـە سـاڵی 1956 بـیرو هەسـتی نـشتیمانپەروەری لای مامۆسـتا عومـەر چەکەرە دەکات، وێنەیەکی(مەلا مستەفای بارزانی)نەمر پەیدا دەکـات و دەیـدات بـە (شـەوکەت)ی هـاوڕێی و پێـی دەڵێـت: ئـەوە سـەرکردەی کـوردەو داوای مـافی کـورد دەکات و دەیەوێت میللەتی کورد بە ئامانجی خۆی بگەیەنێت، کە ئەوسا ئـەو شـتانە قەدەغەبووە. هەر لەو ساڵەشدا بەشداری لە(گۆڤاری هەتاو)کردووە، کـە لـە هـەولێر لەلایەن مامۆستا گیو موکریـانی دەرچـووە، لەگـەڵ هـاوڕێ کـەی تـاوتوێی ڕۆژنامـەی ئازادیشیان کردووە، بەقەد ئاستی ئەوسایان خۆیان لە قەرەی سیاسەت داوە.

سـاڵی1957 دوای ئـەوەی پـۆلی شەشـەمی سـەرەتایی تـەواو دەکـات، بـەهۆی نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی لە گوندەکەیان دەچێتە هەولێرو لـەوێ ناوەنـدی و ئامادەیی تەواودەکات. ساڵی1962 لە پـۆلی پێنجـەمی دواناوەنـدی یەکـەم چـیرۆکی بـەناوی (خـانزدی بـەخت ڕەش) لـە ڕۆژنامەیـەکی ئەوسـا وەکـو یەکـەم بەرهـەم و دەست پێکی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە، کە لەو ڕێگایەوە چووەتە ناو دونیـای ئـەدەبیات و نووسینەوە.

سـاڵی1963 لـە ماڵـەوە بـەرەو لای بیـستانە دەچـێ بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکات و چەك هەڵگرێ، بەڵام لـە مورتکـەی گـەورە خزمێکـی قەناعـەتی پێهێنـا بـوو، کـە بگەڕێتـەوەو خوێنـدن تـەواو بکـات، چـونکە شـۆڕش پێشمەرگەی قارەمانی زۆرە، چەك هـەڵبگرن، بـەڵام پێویـستی بـە قەڵـەم هـەڵگرە و پێویستی بە کـوردی ڕۆشـنبیرو خوێنـدەوارە بـۆ ئـەوەی میللـەت سـوودی لێببینێـت، بۆیـە بڕیـاری گەڕانـەوە دەدات، خـەباتی خـۆی دەگوازێتـەوە بـۆ خـەباتی قەڵـەم و خوێندنەکەی تەواو دەکـات و سـاڵی1964 ــ 1965 لـە کـۆلیجی ئادابی زانکـۆی بەغـدا - بەشـی کـوردی - وەردەگـیرێ، بـۆ مێـژوو پێویـستە ئـەوە بـووترێ، وەکـو

مامۆستا شـەوكەت وەیـسی هـاوڕێی شـایەد حاڵـە: كـە ئەوسـا ئـەو لەبەشـی كـوردی وەرگیرا زۆر كەس بەچاوێكی سوك و نزم ڕوانیویانەتە ئەم بەشەو گوتویانە(تنـازل) بكـە بـۆ بەشـێكی تـر، بـەڵام مامۆسـتا عومـەر گوتوویـەتی: (كـورد ئـەو چـەكە شەرەفمەندەی لە شاخ هـەڵی گرتـووە بۆئەوەیـەتی بگاتـە ئامـانج و مافـە ڕەواكـانی خۆی، ئەوا(بەشی كوردی) كورد زۆر پێویستی پێ دەبێ، ئەگەر خـوا نـەكات شۆڕشـی كوردی شكست بێنێ، ئەوا ئێمە بۆ بمێنین و ژیانمان بۆچییە)؟ بۆیـە لـە بەشـەكەی خۆی كە (بەشی زمانی كوردی) بووە درێژە بە خوێندن دەدات .

بۆیە عومەر شێخەڵلای نیشتیمانپەروەر چوار ساڵی خوێندنی لـە بەغـدا تـەواو دەكات، وەكوخۆی گێڕایتیەوە(بەكۆڵە مەرگی و هەژاری) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هـیچ كاتێك لە خەباتی نیـو ڕیـزی قوتابیـان سلی نـەكردووەو هـەر پێشڕەوی خـەباتیش بـووە. تـا سـاڵی 1968دوای تـەواوكردنی خوێندنەكـەی دەگەڕێتـەوە هـەولێر، بـۆ یەكـەمجار بـە (مامۆسـتای زانكـۆیی)لـە قوتابخانـەی سـۆرانی سـەرەتایی لـە شـاری هــەولێر دادەمــەزرێ، تــا ســاڵی 1969 لەگــەڵ خــاتوو(شــكریە محەمەدئــەمین ڕوانـدزی)ژیـانی هاوسـەریەتی پێك دەهێنـێ، كـە نـاوبراویش لـە پێنـاوی مافـەكانی ئافرەتان و مافە ڕەواكانی كوردو كوردستان زۆر خەباتی كردووە. ساڵی1970 دوای بەیاننامــەی یــانزەی ئــازار دەگوازرێتــەوە بــۆ میلاكــی دواناوەنــدی و ڕەوانــەی شارۆچكەی ڕواندز دەكرێ، ماوەی ساڵێك لەوێ دەمێنێتەوە، هەر لەو ساڵانە لەگـەڵ لیژنەیەك دانراوە بۆ كۆكردنەوەی بەرهەمی فۆلكلۆری كوردی، بۆیـە گـەڵێ پەنـدوو بەرهەمی فۆلكلۆری ئەو ناوچەیە كۆدەكاتەوەو لە فەوتان ڕزگاریان دەكات، هەر ئەو ساڵیش یەكەم كتێب و نۆبەری پەنـدی كـوردی بـەرگی یەكـەم لەسـەر ئـەركی خـۆی بەچـاپ دەگەیـەنێ، پاشـان بەرگـەكانی دووەم و سـێیەم و چوارەمیـشی چاپكردووە، دواتر كتێبی داستان و گۆرانی لە فۆلكلۆری كوردی، بەرگی یەكەم و دووەمـی لەسـەر ئـەركی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حكومـەتی كوردسـتان بەچـاپ گەیانـدووە، سـەرەڕای

نووسـین وبلاوکردنـەوەی چـەندین وتـارو لێکۆڵینـەوەی فۆلکلـۆری لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـەکان . دوای سـاڵێك گەڕاوەتـەوە هـەولێرو لـە هەرسـێ ناوەنـدی زۆزان و قەنـدیل و جمهـوری بـۆ مـاوەی جیـا جیـا وەکـو مامۆسـتاو یاریـدەدەرو بەڕێوەبـەر خزمەتی پرۆسەی پەروەردەی کردووە.

ساڵی 1974 لە دائیرەی ئـەمنی هـەولێر لەگـەڵ مامۆسـتا شـەوکەتی هاوڕێی و پەنجا کەسی تر دەگیرێ، دوایی چل کەسیان ئازاد دەکرێن، بـەلام ئـەمان لـە زینـدان دەمینێنـەوە، دوای شـەش مـانگ لـە ئەشـکەنجەو ئـازارێکی زۆر، کـە تـا مردنیـشی شێنەواری ئەشکەنجەو دەرهێنـانی نینۆکـەکانی بـە جەسـتەیەوە هـەرمابووە، ئـازاد دەکـرێ. دوای ئـازادبوونی لـە بەندیخانـە خـۆی بـە فۆلکلـۆرو کۆکردنـەوەی پەنـدو دەولەمەندکردنی ئـەدەبی کوردی خـەریك کـردووە. سـاڵی 1980 تەمـسیلیەکی بـە نـاوی (هـەبوو نـەبوو) نووسـیوە، وەکـو شـانۆگەری لـە (هـۆلی گـەل)لـە هـەولێر پێشکەشکراوە، کە ئەوسا سـەرکەوتنێکی جـەماوەری زۆری بەدەسـتهێناوە، هـەر لـەو ساڵانەشدا لە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین وەك وانە بێژ زمان و ئـەدەبی کـوردی گوتووتەوە. لە کۆتایی هەشتاکان بە هۆی ئەوەی کە داواکاری بۆ خوێنـدی ماجـستێرو دکتۆرا پێشکەش کردبوو، لە ولاتـی نەمـسا وەردەگیـرێ، هـەموو تاقیکردنـەوەکان بـە پلەی زۆرباش لە بەغدا ئەنجام دەدات، کاروبـارو پێداویـستی سـەفەرەکەی بـۆ ولاتـی نەمسا ئامادە دەکات، بۆ دواجار کەدەیـەوێ سـەفەربکات، حکومـەتی عێـراق داوای لێ دەکـات، لـە نەمـسا کـار لەگـەڵ سـەفارەتی عێـراق بکـات و ببێـت بـە بەعـسی، بـەلام مامۆستا عومەر شێخەڵلای نشتیمانپەروەر داواکە ڕەتدەکاتـەوە، بۆیـە ئـەو ئاواتـەی چـــەندین ســـاڵ بـــوو خـــەونی پێـــوەدەبینی، دەکاتـــە قوربـــانی هەڵوێـــستە نشتیمانپەروەریەکەی و قوربانی کوردو کوردستان و خوێنی شەهیدان.

دوای ڕاپەڕینـە شـکۆدارەکەی بـەهاری 1991 دەبێتـە ئەنـدامی منـداڵ پـارێزی کوردسـتان و بەشـداری دەکـات لـە دامەزراندنـەوەی دەسـتەی فۆلکلۆرپـەروەرانی

کوردستان و دەبێتە ئەندامی پلەیەکی مافی مرۆڤ و کۆمەلەی ئاشتی و ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی پیشەیی و ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بوەتە ئەندام و دەورێکی چالاکی تیادا بینیوە.

سالّی 1995 دەبێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بەشدار بووە. سالّی 2004 بەداوەتێکی فەرمی لەگەلّ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی دەچێتە ولاّتی ئوردن بەشداری دەورەیەکی چەند رۆژە دەکات. سالّی 2005 لە بەر لێهاتویی خۆی بۆ جارێکی تر لەگەلّ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەچێتە ولاّتی تورکیا.

دوای ئەو کاروانە پڕ شکۆیەی ژیانی سەد مخابن لە رێکەوتی 2005/9/27 لە شاری هەولێر بۆ دواجار دلّە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ، لە گۆڕستانی دێی قوشاغلو بەخاك دەسپێردرێ.

زنجیره	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	ساڵی چاپ
1)	بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی	سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر	2005
2)	دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك	غەمگین فەرەج	2005
3)	وەرز و ساڵنامەی میللی لەپەند و شیعری کوریدا	پ . د شوکریە رەسول	2005
4)	لەبارەی کۆکوردنەوەی موزیکی میللیدا بە زمانی(کوردی عەرەبی)	مود کار بلیس و ئەرنولد باکیە. و/ تاریق سالح	2005
5)	چلاواز 1	وریا ئحمەد	2006
6)	پەندی کوردی: چیرۆکەکەی	عومەر شێخەڵلا دەشتەکی	2006